



# سیناریۆکانم

**عەدنان عوسمان**

2012

**وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە**

**بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر**

---

**ناوی کتێب:** سیناریۆکانم

نووسینی:عەدنان عوسمان

**بابەت:** تێکستی سیناریۆی فیلم

**زمانەوانی:**دکتۆر محسین ئەحمەد عومەر

**نەخشەسازی:محەمەد فەیسەڵ زەنگەنە**

**نەخشەسازی بەرگ:** فەرهاد مەلا حەسەن

**وێنەی بەرگ:** رەوەند جەواد

**پیتچنین: نووسەر**

چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری – هەولێر/ 2012

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی ( 444 )ی ساڵی(2012)ی پێدراوە

سیناریۆی

# خاڵی مردن

نووسین و دەرهێنان:

**عەدنان عوسمان**

تێبینی: ئەم سیناریۆیە لە ساڵی 2011 وێنەگیراوە و لە لایـەن وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان – بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما بەرهەم هاتووە.

## دیمەن/ 1

**شـوێن/ دەم روبـار**

**کات/ رۆژ- دەرەوە**

**تریسکەی خۆر لە ناو روبارێك دەبینرێت، لە باگراوندی وێنەکەدا پردێك دیارە، لە ناو ئاوەکە ئاوێنەی وێنەی جێبێکی سەربازی دەبینرێت کە سـەربازەکان تـەنها قاچـیان دیارە، لەگەڵ تێپەڕ بوونی جێبەکە لە هـەمان شـوێن کـوڕێکی گـەنجی قـژ درێـژ (هاوار)لە ژێر ئاوەکە بە هەناسە بڕکێ سەر دەردەهێنێ، بە ترسەوە لە ئاوەکە دێتـە دەرەوە بەرەو لای ژێر پردەکە دەڕوات، لە رێگا هـەر سـەیری ئـەملا و ئـەولای خـۆی دەکات. لەوێ جارێکی تر خۆی حەشار دەدات، بە هەمان شێوەی پێشوو وێنەی جێبە سەربازییەکە لە ئاوەکە دەردەکەوێت کـە بـە هێواشـی دەڕوات و رەت دەبێـت، دوای ماوەیەکی کورت هاوار بەناو دار و بەردی ئەوێ رادەکات.**

## دیمەن/2

**شوێن /شارۆچکەیەك / ماڵێك**

**کات / شەو / ناوەوە**

**ژنێك و پیاوێك و گەنجێکی تەمەن 20 ساڵان لەگەڵ کوڕێکی مێردمنداڵ و کچێکی تەمەن 6 ساڵان و تولەسەگێك دانیشتون و خەریکی نانخواردنی ئێوارەن، لە دەرەوە**

دەنگی قیژە و گریان و هاوار و دەنگە دەنگی چەند سەربازێکی عێراقی و چەند تەقەیەك دەبیسترێت , هەموویان سەرنجی یەکتر دەدەن.
دایك سەیری هاواری تەمەن بیست ساڵی کوڕی دەکات، باوك بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕوات و دەڕوانێتە دەرەوە، دەبینێ کە سەربازەکان خەریکن چەند گەنجێك دەستگیر دەکەن. هاوار بەرەو ژوورێکی بچکۆلانە رادەکات. باوکی هاوار هەر سەیری سەربازەکان دەکات و ترس دایگرتووە.

## دیمەن/ 3

**شوێن /شارۆچکەیەك / ماڵێك**

**کات /شەو / ناوەوە**

هاوار لە ناو کەندویەکی ئارد خۆی دەشارێتەوە و چەند مشتە ئاردێك بە دەم و چاوی خۆی دادەکات.

## دیمەن/ 4

**شوێن /شارۆچکەیەك / ماڵێك**

**کات /شەو / ناوەوە**

لە دیدی باوکی هاوار دەبینرێت کە سەربازەکان دەڕۆن و دەنگیان بەرز دەبێتەوە.

باوکی هاوار

(بەرەو لای ژورەکەی هاوار هەنگاو دەنێ ..)

کوڕم هەڵسە وەرە دەرەوە سەربازەکان ڕۆیشتن

## دیمەن/ 5

**شوێن /شارۆچکەیەك / ماڵێك**

**کات /شەو / ناوەوە**

هاوار

(وردە وردە سەری سپی بووی بە ئاردی ناو کەندووەکە دەهێنێتە دەرەوە و بەترسەو سەیری لای دەنگەدەنگی سەربازەکان دەکات):

کار وابڕوات وڵات چۆل دەبێت..!

## دیمەن/ 6

**شوێن / تونێل**

**کات / ڕۆژە/ ناوەوە+ دەرەوە / پانۆراما**

تونێلێکی دوورودرێژ هەر ئەوەتا تروسکایی ڕووناکی لەو سەرییەوە دەبینرێت, گلۆپێکی سور لە دەرگای تونێلەکە بەستراوە وەك ترافیك بەردەوام هەڵدەبێت و دەکوژێتەوە لە دیزاینەکەیدا بەدیار دەکەوێت کە باگ لایتی سەیاریە، کێبلێك لە ژێریەوە دیارە کە بەرەو شوێنێکیتر ڕاکێشراوە, بنمیچی ناوەوەی تونێلەکە بە چەندین سپیکەر (سەماعە) و مایکرۆفۆن (لاقیتە) ڕایەڵکراوە، هەموویان لە ڕێگای کێبڵ بەیەکەوە گرێدراون!

دەنگی بەکارهێنانی پایدەری پایسکیل و هەناسەی پیاوێك دەبیستریت، ناوتونێلەکە چەند شوێنێکی کەمێك ڕووناکی دەرگای ئەوسەری لەسەرە هەندێك شوێنی تر

تاریکه و هەندێك شوێن بە مەشخەڵ روناك کراوەتــەوە، جــار جــارە دەنگــی مرخــەو هەناسەیەکی بێزارکەر دەبیسترێت.
دەنگی بەکارهێنانی پایدەری پایسکیل و هەناسەکەی یەکەمجار دووبارە دەبێتەوە.

## دیمەن/ 7

**شوێن /ماڵی زوهێر**

**کات /ڕۆژە / ناوە**

قاچی ڕووتی پیاوێکی پیر خەریکی پایدەر لێدانی پایسکیلێکە، لە باگراوند چەندین ئامێری دەنگ دەبینرێت وەك: مایکرۆفن و سیپکەر و ئامێری پــەخش, پایســکلەکە هەردوو ڕینگی بێ تایــەی بــەدیار دەکــەوێت، ڕینگــی دواوەی لەگــەڵ پایدەرلێــدان دەخولێتەوە, لە ڕێگای قایشێك بە داینەمۆێك بەستراوەتەوە داینەمۆیەکەش لەڕێگای کێبلێکەوە بە پاتریەکی ئۆتۆمۆبیلێ بەستراوەتەوە لەوێشەوە چەند کێبلێکی تــەزووی کارەبا بۆ ئامێرەکان راکێشراوە.
مام زوهێر پیاوێکی پیری ڕیش سپی و چــاو شــینە بەســەر و ســیمایەوە دیــارە کــە کەسێکی رۆشنبیر و هێمنە. خانوەکەی بریتییە لە کۆنە پاسێکی تێکشکاوی لە چەند لاوەوە سوتاو, بە کارتون و نایلۆنی ڕەنگــاوڕەنگ و بــەتانی و دارو دەرگــای ســەیارەی شکاو و پەنجەرە و کون و کەلەبەرەکانی ئەو پاسە گیراوە. ناوماڵەکــەی بریتییــە لــە کۆمەلێك جانتاو کەل و پەلی کۆنە و قوتوو خواردن و داری درێژو و فانۆس و لایتــی سەیارەوە و هۆڕن.

بەشی دواوەی ناو ماڵەکەی بە پەردەیەك جیا کراوەتەوە کە کۆمەڵێك وێنە و ناسنامە و... هتد. لێ هەڵواسراوە, لە گەلەرییەك دەچێت.

مام زوهێر بە هێواشی لە پایسکلەکەی دێتە خوارەوە، وادیارە زۆر هیلاك بووە، دەم و چاوی بە خاولیەك دەسڕێتەوە و دەچێتە لای میکسەرەکەی و لە سەر کورسیەکەی ئەوێ دادەنیشێت و مایکرۆفۆنەکە نزیك دەکاتەوە.

مام زوهێر

کەسێك هەیە گوێی لە دەنگی من بێت ؟

کەسێك هەیە پێویستی بە هاوکاری من بێت ؟

(هیچ دەنگێك نابیستێت و دەست دەکات بە گۆرانی گوتن (مینگە مینگ دەکات):

ڕادیۆی خاڵی مردن لە مردنتان دوور دەخاتەوە، لە ژیانتان نزیك دەکاتەوە

ئێرە دەنگی خاڵی مردنە.

## دیمەن/ 8

**شوێن / سنوری عێراق، تورکیا**

**کات / شەو / دەرەوە**

چوار گەنج بە کۆڵە پشتەکانیانەوە دەیانەوێت لە سنوری عێراقەوە بپەڕنەوە بەرەو سنوری تورکیا بڕۆن لە ناو چاڵ و بەرد و ئاو ڕێدەکەن.

جار جارە لایتی سەربازەکانی سنوری عێراق ئەو ناوە ڕووناك دەکەنەوە, گەنجەکان کاتێ ڕووناکی لایتەکەیان لەسەر لادەچێت بەڕاکردن دەڕۆن, بەلاَم کە ڕووناکیەکە دێتە نزیکیان لە پەنا بەردوو چاڵەکان خۆیان حەشار دەدەن جارێك لایتەکە بە خێرایی

دەگەڕێتەوە سەریان لە لایەن سەربازەکانی خاڵی کۆنترۆڵەوە ئاشکرا دەبن و دەستڕێژی گوللەیان لێدەکرێت و هاواری گەنجەکان بەرز دەبێتەوە هەریەکەیان بەلایەکدا ڕادەکەن و لەلایەکیتر دەنگی سەربازەکان بەرزدەبێتەوە. سەربازەکان بەردەوامن لە تەقەکردن ئەفسەرێك دێتە لای سەربازەکان.

ئەفسەر

بەسە تەقە ڕاگرن...دەبێت ئەوانە وەك سەگ بتۆپن چونکە لەو شوێنە دەربازبوون نیە.

(تەقە ڕادەگیرێت چوار گەنجەگە هاوار بۆیەکتر دەکەن وادیارە یەکێکیان قاچاخچییە و ڕێگایان نیشان دەدات)

قاچاغچی

ئاگاداری خۆتان بن ئەوناوە پری مینە وەرنەوە لای من

من لێرەم ئیشارەتیان بۆ دەکات.

(دوو گەنج بە هەناسکە بڕکێ دەگەنەوە لای بەلاّم ئەوەی تریان ( هاوار ) دەیەوێت بگاتە لایان بەر تەقەی سەربازەکان دەکەوێت و هاوار دەکا).

هاوار

کوڕینە فریام کەون.

(دووگەنجەکە دەگەڕێنەوە لای سەیری دەکەن دەبینن کە گولە بەر پشتی هاوار کەوتووە و خوێنێکی زۆری لێ دەتکێ و لە سەرە مەرگە، هەوڵدەدەن هاوکاری بکەن... سەیری یەکتر دەکەن وا دیارە کە بێ ئومێدن لە هاوکاری کردنی).

گەنجی 1

لەو باوڕە دانیم شتێکمان پێ بکرێت دیارە ئەمە قەدەری تۆیە.

گەنجی 2

سەر بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان

ئۆهە خودایە.. ئەم قەدەرە پیسە تەفرو توناکەی.

(ماوەیەکی کەم بێدەنگی)

گەنجی 2

(ڕوو لە ئاسمان دەکاو هاوار دەکا)

ئەی خودا فریامان کەوە

قاچاغچی

(بە تووڕەییەوە)

دەی یالاً کوڕینە با بڕۆین زوو زوو.

(هەردوو گەنجەکە بە ناچاری هاوار بە جێ دەهێڵن و هاواریش بە خەندەیەك دەستی خوا حافیزیان لێ بەرز دەکاتەوە و ئەوانیش بەڕێدەکەون و لە باگراوندی ئەوانیشەوە ڕووناکی خاڵی کۆنترۆڵ دەبینرێت. دیسان بە دەم هاواری قاچاغچی دوو گەنجەکە بە ئاگا دێنەوە بە راکردن دەکەونە دوای دەنگەکە، یەکێك لە گەنجەکان دەیەوێ بچێتەوە لای هاوار، بەڵام قاچاغچی دێتە لای و دەستی رادەکێشێ.

## دیمەن/ 9

**شوێن /ماڵی مام زوهێر**

**کات /شەو / ناوەوە**

مام زوهێر خەریکی پایدەرلێدانە لە ناکاو گوێی لە خشپەخشپێك دەبێت دەچێتە لای میکسەرەکە و تەواو هەستی خۆی رادەگرێ.

## دیمەن/ 10

**شوێن /بەردەرگای تونێل**

**کات /شەو / دەرەوە**

هەردوو گەنجەکە گەیشتونەتە ئەوێ قاچاغچییەکە بە پێشیان کەوتووە و بێدەنگیان لێدەکات و دەستی بۆ لای دەرگای تونێلەکە درێژ دەکات.

قاچاغچی

تەنها ئەو شوێنە هەیە بۆ رزگار بوون، ئەمە تونێلەکەیە.

(هەردوو گەنجەکە سەریان سوڕماوە و دۆش داماون و ترس هەمووو گیانی داگیر کردوون)

قاچاغچی

کوڕینە یەلاّ دەی پارەکانم بدەنێ، کاری من لێرە تەواو دەبێت

وەجبەی دیکەم هەیە دەبێ هەرئێستا بگەڕێمەوە.

(هەردوو گەنجەکە هەریەکەیان 1000 دینار دەدەنێ)

گەنجی 1

برام لێرە چی بکەین

خۆ ئێرە ئەوروپا نییە؟!

قاچاغچی

لەو تونێلە دەپەڕنەوە دەگەنە تورکیا، لەوێشەوە قاچاغچی زۆرە بۆ یۆنان.

گەنجی 2

(بەکەمێك ترسەوە)

ئەو تاریکییە جێگای ترس نییە؟!

قاچاغچی

ئەوەندە دەزانم کە لەمردن رزگارتان بوو.

(پشتیان لێدەکات و بەرەو عێراق دەگەڕێتەوە)

## دیمەن/ 11

**شوێن /ماڵی مام زوهێر**

**کات /شەو / ناوەوە**

مام زوهێر بە بێدەنگی جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و گوێی لە سپیکەرەکە نزیك دەکاتەوە، لەناکاو گوێی لە دەنگی شوڕەی ئاو دەبێت، گوێی لە دەنگی یەکێك لە کوڕەکان دەبێت.

دەنگی گەنجی 1

کەی کاتی میز کردنە دەی بابڕۆین ؟

دەنگی گەنجی 2

(زنجیری پانتۆڵەکەی هەڵدەکێشتێت).

مام زوهێر

(گوێی لە هەموو شتێکە روی خۆی لە مایکرفۆنەکە نزیك دەکاتەوە)

نەکەن نەچنە پێش لە شوێنی، خۆتان بوەستن مردن چاوەڕێتانە.

دەنگی گەنجی 1

(هاوار دەکات بە ترسێکی زۆرەوە)

تۆ کێی ...؟ لە کوێی... ؟

مام زوهێر

منم لە مردن دەتانپارێزم

دەنگی گەنجی 2

(هاوار دەکات بە ترسەوە)

ئەگەر راست دەکەی خۆتمان پیێ نیشان بدە،

رێگەمان پێ نیشان بدە، ئێمە لەدەست مردن رامانکردووە.

مام زوهێر

نابێت بەو شەوە بەرێ بکەون دەنا ناگەنە ئەو بەر،

مردن چاوەڕێتانە بەقسەم بکەن بگەڕێنەوە دەرەوەی تونێلەکە

لەوێ رۆژ بکەنەوە تکاتان لێدەکەم

## دیمەن/ 12

**شوێن /ناوتونێل**

**کات /شەو / ناوەوە**

هەردوو گەنجەکە زۆر پەشۆکاون و دەترسن

گەنجی 2

بابڕۆین ئەها ئەوتا روناکیەك دیارە.

گەنجی 1

من زۆر دەترسم ئەتۆ بڕۆ

کە گەیشتی منیش دێم

دەنگی مام زوهێر

(لە سپیکەرەکانی ناو تونێل دەبیسترێت)

بەقسەم بکەن مەڕۆن.....

مردن چاوەڕێتانە........

پەشیمان دەبنەوە ئەگەر بڕۆن

گەنجی 2:

بە نفرەت بێ.. ئەو دەنگە

رۆحی منی بردووە..ئەوە کێیە

دەنگی مام زوهێر

من راستیتان پێدەڵێم ... درِندەیەك لە ناو ئەو

تونێلەدا هەیە کەس بە شەو لە دەستی رزگار نابێت

گەنجی 1

من دەگەڕێمەوە لە خاکی خۆم بمرم باشترە

گەنجی 2

بەتوڕەیی

خاکی بێ وڵات یەعنی چی

جیاوازی چییە لە نێوان مردن بۆ مردن؟

بەشی ئێمە هەر مردنە، بابڕۆین دەی

دەنگی مام زوهێر

هێی.. لەگەڵ تۆمە بە قسەی ئەو برادەرە، باشەت بکە بگەڕێوە

ئەو راستگۆیە حەزناکات زوو بمریت

گەنجی 2

نەخێر  تۆ درۆ دەکەی.

گەنجی 1

ڕاست دەکا با بەقسەی بکەین.

گەنجی 2

ڕاست ناکا بە قسەی ناکەین.

(لە گەنجی 1 نزیك دەبێتەوە و خۆی تۆڕە دەکات و بۆکسێکی لێ دەدات)

گەنجی 1 چەند بۆ کسێك لە ویتر دەدات و هەردووکیان بەشەڕ دێن و دەکەونە سەر زەوی گەنجی 2 لەو شوێنە بەردێك هەڵدەگرێتەوە و دەیەوێت لە برادەرەکەی بدات، بەڵام لەو کاتەدا سپیکەرێك دەبینێ کە بە بنمیچی تونێلەکە هەڵواسراوە ئاراستەی بەردەکەی دەگۆڕێ و لە سپیکەرەکەی گیر دەکات و سپیکەرەکەش لە کێبڵەکە دەپچڕێ و دەکەوێتە خوارەوە.

(کەمێك بێدەنگی)

گەنجی 2ی بەرێ دەکەوێت و لایتەکەی دەستی دادەگیرسێنێت دوای ماوەیەکی کورت گەنجی 1 زۆر دەترسێت ئەویش بەراکردن دەکەوێتە دوای دەنگی مرخە مرخ و هەناسەی دڕندەکە بە ئاشکرا دەبیسترێت گەنجی 2 بێدەنگی لە گەنجی 1 دەکات و لەیەکتر نزیك دەبنەوە.

## دیمەن/ 13

**شوێن /ماڵی مام زوهێر**

**کات /شەو / ناوەوە**

مام زوهێر زۆر مەشغول دیارە و جار جار دەچێت پایدەری پاسکیلەکە لێدەدات، لەناکاو گوێی لە دەنگی دڕندەکە دەبێت و هاواری دوو گەنجەکە بەرز دەبێتەوە.

مام زوهێر

(هاوار دەکات)

زووکەن بگەڕێنەوە کورە هات، دەتانکوژێ بەقسەم بکەن.

## دیمەن/ 14

**شوێن / ناو تونێل**

**کات / شەو / ناوەوە**

دەنگی مرخە مرخی دڕندەکە لە زیاد بوندایە هەردوو گەنجەکە لە سوچێك خۆیان حەشارداوە و لە ترسان دەلەرزن.

دەنگی مام زوهێر

لایتەکانتان بکوژێننەوە زووکەن کورە هات

تیشکی لایتەکەیان ئەم لای ئەولای تونێلەکە روناك دەکاتەوە، هەردوو گەنجەکـە زۆر هەوڵ دەدەن لایتەکانیان ناکوژێتەوە بەناچاری لایتەکانیان فرێ دەدەنـەوە نـاو گۆمـە ئاوێکی نزیك ئەوێ.

## دیمەن/ 15

**شوێن / ماڵی مام زوهێر**

**کات / شەو / ناوەوە**

مام زوهێر

گوێی بۆ سپیکەرەکە شل کردووە لە ناکاو هاوارێك بەرز دەبێتەوە:

گوێتان لێمە هێی لەگەڵ ئێوەمە

ماون؟ .....هەلاو....... هەلاو ؟

(هیچ دەنگێـك نابیسترێت،هەناسـەیەکی قـوڵ هەڵدەکێشـێ و لـە مایکەکـە دوور دەکەوێتەوە. لەسەر پشت پاڵ دەداتەوە و مایکرفۆنەکە درێژ دەکاتەوە لای خۆی و بـە مینگە مینگ گۆرانیەك دەڵێ).

## دیمەن/ 16

**شوێن / بەر دەرگای ماڵی مام زوهێر**

**کات /ڕۆژ , بەیانی زوو /دەرەوە**

مام زوهێر لە ماڵەکەکەی دێتە دەرەوە و چایەپەستێکی رەش داگەڕاوی لە دەسـتە و لەو دەستشۆرەی کە بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ خۆی دروستی کردووە پڕی ئاوی دەکات

و خەریکی دەم و ددان شوشتن دەبێت، پاشان چایەپەستەکەی دەستی لە سەر ئاگردانێکی نزیك دا دەنێت, پاشان دەچێتە لای سەیارە جێبەکەی کەلەسەر گردێکی نزیك ماڵەکەی خۆی ڕای گرتووە، هەوڵی لادانی ئەو بەردەگەورەیە دەدات کە پێشتر لەبەر تایەیی جێبەکەی دایبابوو. بەرەو لای نشێوێك شۆڕی دەکاتە خوارەوە ئینجا جێبەکە بە ئیش دەکەوێت و لەو شوێنە دوور دەکەوێتەوە.

## دیمەن/ 17

**شوێن /تونێل**

**کات /ڕۆژە/ دەرەوە ناوەوە**

مام زوهێر دەگاتە لای تونێلەکە و سەیرێکی ناو تونێلەکە دەکات و تەرمی گەنجەکان دەبینێت و لێیان نزیك دەبێتەوە و دادەبەزێت و جانتاکانیان هەڵدەگرێت و تەرمەکان دەخاتە ناو جێبەکە و لە تونێلەکە دەچێتە دەرەوە، لەم کاتەدا پارچە موزکێکی سلۆ لە سپیکەرەکان دەبیستریێ.

## دیمەن/ 18

**شوێن /تونێلی ناشتنی تەرمەکان**

**کات /ڕۆژە/ ناوەوە**

تونێلێکی تایبەت کە مام زوهێر بە بە دیزاینێکی جوانەوە کردویەتییە گۆڕستان و هەر کەسێك کە دەبێتە قوربانی دەیهێنێتە ناو ئەو تونێلە و دەینێژێ،دوو خاچ ئاماژە

بۆ ئاینی مردووەکان لە سەر دوو گۆڕ دەبینرێت، سەر هەر گۆڕێك مەشخەڵێکی داگیرساوی لێیە.

مام زوهێر بە هەردوو تەرمەکەوە دەبینرێت کە لەدەرگای تونێلی گۆرستانەکە دەوەستێت و لە جێبەکەی دادەبەزێت و بە شێوەی ئاینی مەسیحی نوێژ لەسەر مردووەکان دەکات.

## دیمەن/ 19

**شوێن / ناو تونێل**

**کات / ڕۆژە/ ناوەوە**

لە چاوی دڕندەکە ناو تونێلەکە دیار دەکەوێت.

## دیمەن/ 20

**شوێن / ڕێگا بەرەو ماڵی مام زوهێر**

**کات /ڕۆژە/ دەرەوە**

مام زوهێر بەرەو ماڵەکەی دەگەڕێتەوە لە شوێنی مردنی هاوار دەوەستێ و لە سەیارەکەی دادەبەزێت و دەبینێ کە کەسێك مردووە و تەرمەکەی هەڵدەگرێتەوە و بەرەو شوێنی ناشتنی تەرمەکان دەیبات.

## دیمەن/21

**شوێن /ماڵی مام زوهێر**

**کات /ڕۆژە/ ناوەوە**

مام زوهێر دوو جانتاکەی بەدەستەوەیەو دێتە ژوورەوە بە بێزارییەوە جانتاکان لە لایەك فڕێدەدات ودێتە لای ئامێرەکان کەمێك خەریك دەبێت هیچ شتێك نابیستێت لە مایکرۆفۆنەکە نزیك دەبێتەوە و موزیکەکە دەکوژێنێتەوە.

مام زوهێر

ئێرە دەنگی خاڵی مردنە کەسێك

هەیە گوێی لە من بێت هەلاو....... هەلاو

هیچ دەنگێك نابیستێت لە بن میکسەرەکە دەفتەرێك دەردەهێنێت و ناسنامە و وێنەکان لە گیرفانی دەردەهێنێت و ناوەکان تۆماردەکات سەری بەرز دەکاتەوە وێنەی خۆی و خێزانەکەی لە نێو چوارچێوەیەکی گوڵدار ی سیس بوو لە قەد دیوارەکە دەبینێت لەگەڵ ناونوسیندا دلۆپێك فرمێسك لە چاوی دەکەوێتە خوارەوە ئینجا بەرەوەلای گەلەری ناو پاسەکەی دەچێت.

لە بەرامبەر گەلەری ناسنامە و وێنەکان دەوەستێت کە بە پەردەیەك لە ناوەوەی پاسەکە جیاکراوەتەوە و دەنگی غەڵبە غەڵبی مردووەکان دەبیسترێت.

## دیمەن/ 22

**شوێن / ماڵی مام زوهێر**

**کات / ڕۆژە/ ناوەوە**

**مام زوهێر ناسنامەی مردووەکان لە گیرفانی دەردەهێنێت سەیریان دەکات یەکێك لە ناسنامەکان هی هاوڕێ یەبە دیوارەکەوە هەڵیان دەواسێت کەمێك لە بەرامبەریان دەوەسێت و بە ئاماژە نوێژی مەسیحیان بۆ دەکات و لە گەلەرییەکە دەچێتە دەرەوە دەنگی غەڵبە غەڵبی مردووەکانیش لە گەڵ چونە دەرەوەی مام زوهێر نامێنێت.**

## دیمەن/ 23

**شوێن / ماڵی مام زوهێر**

**کات / ڕۆژە/ دەرەوە**

**مام زوهێر لەلای ئاگردانی بەردەم ماڵەکەی دادەنیشێ و چایەك تێدەکات و لە ناو یەکێك لە جانتاکان پسکیتێك دەردەهێنێ و بە چایەوە دەیخوات.**

## دیمەن/ 24

**شوێن / خاڵی کۆنترۆڵ / سنوری عێرق , تورکیا**

**کات /شەوە/ دەرەوەیە**

**لە دوورەوە لایتی پیکابێك دیارە کە نزیك دەبێتەوە لە جۆگاو ئاو دارو بەرد و کەند و بڵندابییەك ناگەڕێتەوە تا دەگاتە نزیك لایتی کۆنترۆڵی سەربازە عێراقییەکان، لایتی کۆنترۆڵ لەسەر پیکابەکە دەوەستێت و دەنگی ئینزار بەرزدەبێتەوە و لە وێ دیار دەکەوێت کە شوفێرکە باوکی هاوارە لەو کاتەدا سەربازەکان دەستور دەدەن کە پیکابەکە بوستێت منداڵەکانی باوکی هاوار لە دواوەی پیکابەکە دانیشتون دەست بە هاوار و گریان و دایکە ڕۆ دەکەن باوکی هاوار لە پیکابەکە دادەبەزێت و لە بەرامبەر لایتی کۆنترڕل کە دەکەوێتە پێش هەردوو لایتی پیکابەکە دەستی بەرز دەکاتەوە سەربازەکان بە هاوار هاوار کردن دەگەنە لای و چەکەکانیان ئاراستەی دەکەن ئەویش هەر دەستی بەرز کردۆتەوە.**

**ئەفسەر (بەعەرەبی)**

**ها ئەوە بۆکوێ دەچیت بەم شەوە، درەنگە نازانیت ئێرە قەدەغەیە.**

**باوکی هاوار**

**دەزانم بەلام کەناچار بووم چی بکەم؟**

**ئەفسەربە (بەعەرەبی)**

**یەعنی چی ؟**

باوکی هاوار

(بەدەست ئاراستە بۆ دواوەی پیکابەکە دەکات)

فەرموو سەیرکەن ئەگەر باوڕناکەن.

ئەفسەر (بەعەرەبی)

(بە توڕەیی رووی تفەنگەکەی لە منداڵەکان دەکات)

ئەو منداڵانە بێدەنگ کە ئەگەر نا دەیان کوژین.

باوکی هاوار

بێدەنگبن رۆڵە بێدەنگ

(دەستی ئەفسەرەکە دەگرێ و دەیباتە لای ژن و منداڵەکەی، واتە دواوەی پیکابەکە,(ژنەکەی خۆی کردووە بە مردوو منداڵ کانیشی بەسەرییەوە دەگرین)

فەرمووسەیرکە ژنەکەم مردووە دەیبەمە گوندەکەی خۆیان لەوێ دەینێژم.

(ئەفسەر سەیری ژنەکە دەکات و بەتانی سەر ڕووی لادەدات ژنەکەش جولەی لە خۆی بڕیوە منداڵەکانیش دەگرین، تولە سەگەکە سەیری ئەفسەرەکە دەکات و مات و مەلول دیار دەکەوێت، ئەفسەرەکە ڕووی ژنەکە دادەپۆشێتەوە).

ئەفسەر(بەعەرەبی)

خوا لە گوناهی خۆشبێت...

من بۆ تۆمە بەم کاتە ئەو ڕێگایە زۆر ترسناکە هەمووی مینە.

سەربازێك (بەعەرەبی)

گەورەم با بیان بەینە لای خۆمان، واباشترە کە ڕۆژهەلاّت بەڕێبکەون

ئەفسەر (بەعەرەبی)

(ڕوو لە باوکی هاوار دەدەکات)

چ دەڵێیت رازیت؟

باوکی هاوار(بەعەرەبی)

ئێمە خەڵکی ئەم ناوچەیەین باش شارەزاین.

(سەیرێکی ژنەکە دەکات)

مەمنونتاندەبین ئەگەر هاوکاریمان بکەن، چونکە مردوومان پێیە.

(ئەفسەر تەواو قەناعاتی دێت و ڕێگایان پێدەدات و ئەوانیش دەڕۆن منداڵەکانیش بەردەوام دەگرین سەربازەکانیش بەرەو شوێنی خۆیان دەگەڕێنەوە).

## دیمەن/ 25

**شوێن / ماڵی مام زوهێر**

**کات / شەوە/ ناوەوە**

مام زوهێر بە دیار ئێستگەکەیەوە دانیشتوە و دەست بۆ یەکێك لە جانتاکان دەبات و بوتڵێك وێسکی دەدۆزێتەوە قومێکی لێدەدات و لە بەر خۆییەوە گۆرانی دەڵێت و مینگە مینگ دەکات، لە ناکاو دەنگێك لە سپیکەرەکەوە دێت مام زوهێر گوێبیستی ئەم دەنگە نابێت و لە گۆرانی گۆتن بەردەوامە جارێکی تر دەنگەکە دووبارە دەبێتەوە ئەم جارەیان مام زوهێر گوێبیستی دەبێت، تەواو تەرکیز دەکات و سویچی مایکرۆفۆنەکە دەکاتەوە و گوێ رادەگرێت.

## دیمەن/ 26

**شوێن / ناوتونێل**

**کات / شەوە/ ناوەوە**

سێبەری دڕندەکە دیارە بەرد لە چەند مەشخەڵێك دەگرێت وبەریان دەداتەوە و پەرش و بڵاویان دەکات.

## دیمەن / 27

**شوێن / مالی مام زوهێر**

**کات / شەوە/ ناوەوە**

زوهێر خەریکی گوێگرتنە لە بارچە موزیکەکی سلو

## دیمەن/ 28

**شوێن / ناوتونێل**

**کات / شەوە/ ناوەوە**

لە جولەی سیبەری درندەکە دیارە دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی

## دیمەن/ 29

**شوێن / بەردەم تونێل**

**کات / شەوە/دەرەوەیە**

**تازە پیکابەکە دەگاتە بەردەم تونێلەکە، منداڵەکان هەر دەگرین و دایکە رۆ دەکەن باوکی هاوار هەرلە ناو سەیارەکە بە منداڵەکانی دەڵێت.**

**باوکی هاوار**

**بەسە کوڕم بەسە کچم تەواو ڕزگارمان بوو.**

**پاشان دێتە خوارەوە بەلام سەیارەکە هەر لە حالەتی ئیشکردنە و بەتانیەکە لە سەر دەم و چاوی ژنەکەی لادەدات و دەستی ڕادەکێشێت**

**رەیحانە رەشە خۆمی پێ رەش کەم**

**لەدوای باڵای تۆ دڵ بە کێ خۆش کەم**

**رەیحانە**

**بە پێکەنینەوە هەڵدەستێتەوە و منداڵەکانی لە باوش دەگرێت.**

## دیمەن/ 30

**شوێن / ماڵی مام زوهێر**

**کات / شەوە/ناوەوەیە**

**مام زوهێر**

**(بەسەرسامی گوێی لە پێکەنینی بە جۆشی ئەوان ڕاگرتــووە، ئــەویش بــەدەنگێکی بەرز پێدەکەنێت)**

**ئێوە مردوون زیندوو بوونەتەوە ؟**

**یان زیندوون و ڕێگەی مردنتان هەڵبژاردووە ؟**

**دەنگی باوکی هاوار**

**(بەترسەوە)**

**سەرمان لێشێواوە نەمردووین و نە زیندوو ؟**

**تۆ کێ...... لە کوێی؟**

**مام زوهێر**

**منم لە مردن دوورتان دەخەمەوە منم زیندووی مردوو.**

**(دەنگی حەپەی سەگەکە)**

**دەنگی کچە منداڵەکە:**

**نامان خۆی ؟.... نامان کوژی..؟**

**مام زوهێر**

**نا رزگارتان دەکەم ڕێگاتان پێ نیشان دەدەم.**

دەنگی دایکی هاوار

پێ دەچێ نیازت باش بێت ئێ باشە چی بکەین؟ بە کوێ دابڕۆین؟ دەتوانی یارمەتیمان بدەی؟

مام زوهێر

تەنها ئەویە نابێت بەو شەوە بڕۆن، ئەگەر نا مردن چاوەڕێتانە...هەتا ڕۆژدەبێتەوە لە دەرگای تونێلەکە چاوەڕێ بکەن نەچنە ژوورەوە....کە خۆر هەڵات دێمە لاتان.

## دیمەن/ 31

**شوێن / دەرگای تونێل**

**کات / شەوە/ناوەوە**

کوڕە هەرزەکارەکە (هاوڕێ)

(زۆر عەجول دیارە سەری بەرز دەکاتەوە و لەگەڵ سپیکەرەکان قسە دەکات بەردیك دەهاوێژێ)

هەی درۆزن دەتەوێت بمان کوژیت.. بە قسەت ناکەین دەی بابە دایە بابڕۆین

دایکی هاوار

کوڕم با تاوەکو بەیانی چاوەڕێ بکەین

بەڵکو ڕاست بکات , هەست ناکەم کەسێکی خراب بێت

باوكی هاوار

كوڕم تازە لە ترس دەرچوین كەمێك، ئارام بە.

هاوڕێ

ئەگەر نایێن من دەڕۆم.

(لەو كاتەدا ئیشارەتێك بۆ خۆشكەكەی دەكات و بەیەكەوە دەچنە نـاو پیكابەكـە و هاورێ لێی دەخورێ)

دەنگی مام زوهێر

من ڕاستیتان پێدەڵێم چەندین كەسی وەك ئێوە چوونەتە  ناو تونێلەكە و نەگەڕاوەنەتەوە چەند كەسێكیش بەقسەیان كردوم و لەمردن رزگاریان بووە.

هاوڕێ

هەی درۆزنی بێ غیرەت، بەسە بەس درۆ مەكە

(لەوكاتەدا بە خێرایی بۆی دەردەچێت، دایك و باوكی هاوار دەكەن و تكای گەڕانەوەی لیدەكەن)

مام زوهێر

بگەڕێوە بەقسەم بكە،

دیسان بە توڕیەوە

بگەڕێوە بگەڕێوە..

(لەو كاتەدا مرخەمرخ و دەنگی هەناسەی دڕندەكە بەرزدەبێتــەوە كــوڕو كچــەكەش دڵیان زۆر خۆشە بە خێرایی لێخوڕینی پیكابەكە بەرێگای لایتی پیكابەكە قاچەكانی

دڕندەکە دەردەکەون، لەم کاتەدا دەنگی دایك و باوکیان بەرزدەبێتەوە تکایان لێدەکەن کە بگەڕێنەوە منداڵەکان قاچی دڕندەکە دەبینن و هاوار دەکەن)

مام زوهێر

بە قسەم بکەن بگەڕێنەوە.

باوکی هاوار

(چەند مەترێك هاتووتە ناو تونێلەکە روو لە رەیحانە دەکات)

تۆ لێرە بە, بزانم نایان گەڕێنمەوە.

بە ڕاکردن دەکەوێتە دوایان بەناو بەردو قوڕو لیتەی تونێلەکە دەکەوێت و سەیارەکە لەگەڵ دیواری تونێلەکە تامپۆن دەکات، باوکی هاوار، دەگاتە لایان لەو کاتەدا سێبەری دڕندەکە دەم و چاوی باوکی هاوار دادەپۆشێ دەگاتە لایان و سەیارەکە تێك دەشکێنێت و هاواری هەموو لایەك بەرز دەبێتەوە ماوەیەکی کورت... هەموو شتێێك بێدەنگ دەبێت.

رەیحانە

(هاواردەکات..بەدەنگی پڕ لە گریانەوە)

باوکی هاوار... باوکی هاوار.

(بێ دەنگی... دیسان هاوار دەکاتەوە)

جگە لە خودا کەسێك هەیە فریام کەوێت ؟..پێویستم بە یارمەتییە.

(ئەم هاوار کردنە لە ناوتونێلەکەدا دەنگ دەداتەوە لەگەل ئیکۆی دەنگەکە چەند وردە بەردیك لە دیواری تونێلەکە دێتە خوارەوە)

## دیمەن/ 32

**شوێن / ماڵی مام زوهێر**

**کات / شەوە/ناوەوەیە**

**مام زوهێر**

**لەگەڵ دەنگی ژنەکە سەیری وێنەی خێزانەکەی دەکات و لە سپیکەرەکە نزیک دەبێتەوە**

**ئاگاداری خۆتبە مەترسە نەچیتە ژووریٚ، نزیك ڕووداوەکە نەکەویت:**

**ئارام بگرە واهاتم**

**دەنگی گریان و هەنسکی ژنەکە بەردەوامە، مام زوهێر خۆی کۆدەکاتەوە و هەندێك کەل و پەل هەڵدەگرێت و دەچێتە دەرەوە.**

## دیمەن/ 33

**شوێن / بەردەم دەرگای ماڵی مام زوهێر**

**کات / شەوە/دەرەوە**

**مام زوهێر بەپەلە چەند مشخەڵێك هەڵدەگرێت و بەرەو لای جێبەکە بەڕێ دەکەوێت سەیارەکەش لە بەرزاییەکەوە شۆر دەکاتەوە و بەرەو لای تونێلەکە بەڕێ دەکەوێت.**

## دیمەن/ 34

**شوێن / بەردەم تونێل**

**کات / شەوە/دەرەوەیە**

**رەیحانە ترس و لەرزێکی زۆر دایگرتووە خۆی لە پەنایێك حەشارداوە , تولە سەگەکەی لەباوەشی گرتووە، لە ناکاو سەرنجی بۆ لای تۆپە ئاگرێك دەچێت کە جێبەکەی مام زوهێرە لە دوورەوە نزیك دەبێتەوە مام زوهێر دەگاتە ئەوێ ریحانە زیاتر دەترسێت.**

**مام زوهێر**

**(هاواری ژنەکە دەکات)**

**مەترسە هاتووم هاوکاریت بکەم ئەوە چی بووە،**

**کێت لەگەڵ بوو کوان ئەوانی تر ؟**

**رەیحانە**

**(بەترسەوە)**

**پیاوەکەم کوڕو کچەکەم، بە پیکابەکە چوونە ژووریٚ و دەنگیان نەما.**

**مام زوهێر**

**وەرە سەرکەوە هەتا زووە، با فریایان کەوین**

**(ریحانە بە هەنسك و ترسەوە سەردەکەوێت، بە هۆی لایتی جێبەکە و ئاگری مشخەڵەکان، ناوتولێنەکە زیاتر ڕووناکاك دەبێتەوە، لە دوورەوە پیکابەکە دەبینرێت مام زوهێر دێتە خوارەوە بەڵام رەیحانە لە ترسان نایەتە خوارەوە و سەیری ڕوداوەکە دەکات, مام زوهێر بەترسەوە دەڕوات سەیری ناو پیکابەکە دەکات دەبینێت کورەکە لە بەردەم دەرگای شوفێر کەوتووە و مردووە پیاوەکەش لە نزیك ئەوێ مردووە کە نزیکتر**

دەبێتەوە گوێی لە هەنسك و گریانی هاوین دەبێت لـە نێـو پەنجـەری لای سـەکنی پیکابەکە هاوین دەردەهێنێت و لە باوەشی دەکات، لەو کاتدا مرخەمرخی دڕندەکـە نزیك دەبێتەوە، چەند وردە بەردێك لە بنمیچی تونێلەکە دەکەوێتە خوارەوە, بەڕاکردن دەگەڕێتەوە بۆ لای جیێبەکە و هاوین دەداتە دەست ریحانە و سەردەکەوێت بە خێـرای دەسوڕێتەوە لەو کاتەدا ڕەیحانە مێردەکەی و کوڕەکەی بە مردوویی دەبـینێ و چـاوی خۆی دەگرێت)

مام زوهێر

توند خۆتان بگرن.

(ریحانە سەیرێکی مام زوهێردەکات و هاوینی لە باوش گرتووە و ماچی دەکات، مام زوهێر جیێبەکە بە زەحمەت دەسوڕێنێتەوە و کە ئاوڕدەداتەوە تـەنها سـێبەری قاچـە گەورەکانی دڕندەکە دەبینێت و مرخەمرخەکـە نـزیکتر دەبێـت بـە پەلـە جیێبەکـە لێدەخوڕێت و لە ترسان چەند جارێك خۆی بە بەرد و دیواری تونێلەکە دا دەکێشت)

## دیمەن/ 35

**شوێن / ڕێگای قەچاغ**

**کات / شەوە/دەرەوە**

سێ کەس لە ڕێگای قاچاغ بە ترس و لەرز بە ناو دار و بەرد و شاخ ڕێدەکەن.

## دیمەن/ 36

**شوێن / ڕێگای گەڕانەوەی مام زوهێرە**

**کات / شەوە/دەرەوە**

**سێ گەنج کەیەکێکیان جلی سەربازی لە بەرە خۆیان حەشاردەدەن بە ترس و لەرزەوە وردە وردە ڕێگا دەبڕن لە دوورەوە چاویان بە تۆپەڵە ئاگرێك دەكەوێت كە بەرەوڕوویان دێت هەرسێکیان خۆیان دەشارنەوە بەڵام مام زوهێر دەیان بینێت لە نزیکی ئەوان دەوستێت، هاواردەکات.**

**مام زوهێر**

**بۆ کوێ دەچن ؟**

**(کەس وەڵامی ناداتەوە)**

**مەترسن منیش لە ئێوە خراپترم بۆ کوێ دەچن؟**

**پیاوی 1**

**(لە پەنا بەردێك سەردەردێنێت و هاواردەکات)**

**ئەورووپا.**

**پیاوی 2**

**(لە نزیك ئەوێ خۆی نیشان دەداو هاوار دەکات)**

**یو ئیس ئەی.**

سەربازەکە

هەڵدەستێتەوە و هاوار دەکات

ئیسرائیل.

مام زوهێر

بەقسەی من دەکەن لە شوێنێك خۆتان بشارنەوە.

چونکە ڕێگا زۆرترسناکە تا ڕۆژ نەبێتەوە نەڕۆن باشترە.

پیاوی 1

(بەبێ ترس سەر دەردێنێ)

خۆ لە جەنگ ترسناکتر نیە؟

گەنجی 2و3

با بڕۆین.

هەرسێکیان مام زوهێر بە جێ دێڵن, مام زوهێریش بەرەو لای ماڵەکەی دەکەوێتە ڕێگا.

## دیمەن/ 37

**شوێن / ڕێگای گەڕانەوەی مام زوهێر**

**کات / شەوە/ناوەوەی سەیارە**

مام زوهێر سەیارە لێ دەخوڕێ ڕەیحانە لە ڕێگا خەوی لێ دەکەوێت سەری بە شانی مام زوهێر دەکات مام زوهێریش سەیری دەکات و خەندەیەك دەکات.

## دیمەن/ 38

**شوێن / دەشت و دەر**

**كات / شەوە/دەرەوە**

**گەنجەكان بەرێگای قاچاغدا دەڕۆن و ترس و لەرزێكی زۆر دایان گرتووە.**

## دیمەن/ 39

**شوێن / بەردەرگای تونێل**

**كات / شەوە/دەرەوە+ ناوەوە**

**گڵۆپی بەردەم تونێلەكە هەڵدەبێ و دەكوژێتەوە هەرسێ پیاوەكە دەگەنە ئەوێ كۆڵە پشتەكانیان توند دەكەن و هەریەكەیان لایتێك دەردەهێنن و دایدەگرسێنن.**

**پیاوی1**

**دەی كوڕینە مردن هەریەك جارە.**

**پیاوی 2**

**ئێمە بەشوێن مردندا دەگەڕێین.**

**سەرباز**

**زۆر دەترسم, حەزدەكەم بە قسەی ئەو كابرایە بكەم.**

پیاوی1

پیاو بە مەترسە ئێمەت لەگەڵە.

پیاوی 2

ئەوە کوڕی دایکێتی لێی گەڕێ با بۆ خۆی بەیانی بەڕێبکەوێت

(هەردووکیان دەڕۆن و سەربازەکە بە جێ دەهێڵن)

دەنگی مام زوهێر لەرێگای سپیکەر

پیاوە جوانەکان تکاتان لێدەکەم بگەڕێنەوە، چونکە دەرچوونتان مەحاڵە.

(دوو پیاوەکە لەگەڵ ئەو دەنگە تووشی شۆك دەبن خۆیان دەشارنەوە جار جارە بە هۆی لایتی دەستی سەر بازەکە ئەو دوو کەسە ڕووناك دەبنەوە و لە دوورەوە دەنگی مرخەمرخی درندەکە دەبیسترێت)

دەنگی مام زوهێر

ئاگاداری خۆتان بن ئەوە دەنگی دڕندەکەیە، لایتەکانتان بکوژێننەوە خۆتان بدەنە پەنایەك بێدەنگ بن . مەجولێن.

هەردوو کەسەکە زۆر دەترسن و سەیری دەور و بەری خۆیان دەکەن لە ناکاو درندەکەیان لێ پەیدا دەبێت و هەر دووکیان دەخاتە بن سێبەری قاچە گەورەکانی خۆی.

مام زوهێر

خۆتان بپارێزن بە گژی دامە چوونەوە. بگەڕێنەوە، لە مردن دوور کەونەوە... بە قسەم بکەن نامرن

دوای ماوەیەك شەڕ كردن...هەموو شتێك بێدەنگ دەبێت دوای ماوەیەكی كورت سەربازەكە دەجوولێتەوە دەیەوێت تەواو لە وشوێنە دوور كەوێتەوە قاچی بەر تەنەكەیەكی بەتاڵ دەكەوێت زۆر دەترسێت و لە شوێنی خۆی دادەنیشێت.

## دیمەن/40

**شوێن/ ماڵی مام زوهێر**

**كات/ شەو _ ناوەوە**

ژن و منداڵەكە لە سوچێك دانیشتون و زۆر ترساون سەیری دارو دیواری ماڵە كە دەكەن سەیریان بە هەموو شتێكی ئەو ناوە دێت، مام زوهێر خاولیەك و هەندێك ئاویان دەداتێ، ژنەكە كەیف خۆش دەبێت بەیارمەتی مام زوهێر.

رەیحانە

سوپاس

مام زوهێر

دەم و چاوتان بشۆن و قومێك ئاو بخۆنەوە، مردن و بەدبەختی لە هەموو شوێنێك رووی لەم میللەتە كردووە.

رەیحانە

مەمنونی تۆین، هاوكاریتان ئێمەی لە مردن رزگار كرد

(لەم كاتەدا دەنگی كۆخە كۆی سەربازەكە دێت)

مام زوهێر

(بەراکردن دەچێتەوە لای ئێزگەکەی)

کەسێك لەوێیە ، کەس ماوە؟

ئەوەی گوێی لە دەنگمە با وەلاّم بداتەوە

(بێ دەنگی.... چاوەڕوانی)

رەیحانە خەریکی پاك کردنەوەی دەم و چاوی هاوین و خۆیەتی، چاوی بە وێنەی خێزانی مام زوهێر دەکەوێت و سەیری دەکات زوهێریش سەیری رەیحانە دەکات.

مام زوهێر

من ناوم زوهێرە بە تەنها لێرە دەژیم

رەیحانە

منیش ناوم رەیحانەیە ئەوەش هاوینی کچمە.

مام زوهێر

(زەردەخەنەیەك دەکات و خەریکی کاری خۆی دەبێت بۆ مایکی ئێستگەکە)

کەسێك لەوێیە کەس گوێی لە دەنگمە.

دەنگی کوڕە سەربازەکە (یەزدین)

(بەکزی.. و پچڕ پچڕی ترس و لەرزی پێوە دیارە)

من یەزدینم برادەرەکانم مردن تەنها من ماوم،

بەراستی زۆردەترسم، لەمردن زۆر نزیکم

مام زوهێر

ئەگەر گوێ لەمن نەگری وەك برادەرەکانت بەسەر دێت

**یەزدین**

**باشە.....چی بکەم**

**مام زوهێر**

**برۆ دەرەوەی تونێلەکە، لە شوێنێك لە پەنا بەردێك**

**خۆت حەشاربدە، کەمێکی تر دەگەمە لات**

**مایکەکەی دکوژێنێتەوە، دەیەوێ بڕوات**

**رەیحانە**

**(ئەم هەڵوێستەی مام زوهێری پێ ناخۆش دەبێت)**

**تکات لێ دەکەم مەڕۆ، با جارێکی تر بێ کەس نەمێنمەوە،**

**ئەو شوێنە زۆر ترسناکە، بڕوا ناکەم بە سەلامەتی بگەڕێیەوە.**

**تکات لێ دەکەم مەڕۆ**

**مام زوهێر**

**(هەستێکی سۆزداری لەلا دروست دەبێت... سەری بەڵی دەلەقێنێ، کەمێك سەیری ناو چاوی دەکات، رەیحانە چاوی دادەخات، مایکەکە دەکاتەوە)**

**گوێت لێمە یەزدین... یەزدین**

**دەنگی یەزدین**

**بەکزی**

**بەڵێ گوێم لێتە.**

مام زوهێر

رێگا زور ترسناکە ئەم شەو هەر چوێێك بێت بگوزەرێنە، بەیانی زوو لەلاتم.

یەزدین

سوپاست دەکەم، تکا دەکەم لەبیرم نەکەی.

مام زوهێر

خەمت نەبێت ئاگاداری خۆت بە.

دەستی رەیحانە دەگرێت و دەیباتە لای پایسکیلەکە...پایدەر لێ دەدات دادەبەزێت و رو لە رەیحانە دەکا

وەکو من بکە.

(رەیحانە سەردەکەوێت و وەکو مام زوهێر پایدەر لێدەدات، هیلاك دەبێت و دادەبەزێت ئیشارەت بۆ پشت پەردەکە دەکات)

من لێرە بخەوم؟

مام زوهێر

کوێت پێ خۆشە لەوێ بخەوە،

ئەگەر شەرم دەکەی من دەچمە دەرەوە دەخەوم

رەیحانە

نانا پێویست ناکات لە پشت پەردەکە دەخەوین. ئەوێ زۆر باشە

مام زوهێر

(زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات و ئاماژە بە تولە سەگەکە دەکات)

لای من بخەوێ؟

**رەیحانە**

**بالای تۆ بێ.**

**مام زوهێر**

**شەوت شاد.**

**رەیحانە**

**شەوت شاد.**

**(رەیحانە لەگەڵ هاوینی کچی دەچێتە ناو گەلەرییەکە)**

## دیمەن/ 41

**شوێن/ ناو گەلەری**

**کات/ شەو/ناوەوە**

**رەیحانە دێتە ناو گەلەرییەکە و سەری سوڕ دەمێنێ لەو هەموو وێنە و ناسنامە و جانتا و کەل و پەلانە چاو دەگێرێت ناسنامەی هاواری کوڕی بەرچاو دەکەوێت سەیری دەکات و لە پڕمەی گریان دەدات و ناسنامەی هاوار وەك کۆرپەیەك بەسینگیەوە دەنێ،هاوینی کچی هەر سەیری دەکات و نازانێ دایکی بۆچی دەگرییێت.**

## دیمەن/ 42

**شـوێن/ بەردەم تونێلەکە**

**کـــــات/ ڕۆژ _ دەرەوە _ بەیانی زوو**

یەزدین بە ئاگا دێت وسەیری دەور و بەری خۆی دەکات نە هیچ دەبیستێ نەهیچ کەس دەبینێت، بۆیە ترس دایدەگرێت لایتەکـەی دەسـتی دەخاتـە نـاو کۆڵەپشـتەکەی و بسکیتێك دەردێنێ دەیخوات.

## دیمەن/ 43

**شـوێن/ ڕێگا بەرەو تونێل**

**کـــــات/ ڕۆژ _ دەرەوە _ بەیانی زوو**

مـام زوهێر بە سەیارەکەی بەڕێگادا دەڕوات لە پەنا دارێك دوو گەنج خۆیان لـە مـام زوهێر حەشارداوە، مـام زوهێر نایان بینێـت دوای تێپـەر بـوونی جێبەکـە ئـەوانیش دەکەونە ڕێ.

## دیمەن/ 44

**شـوێن/ بەردەم تونێل**

**کـــــات/ ڕۆژ_ دەرەوە _ بەیانی زوو**

یەزدین لە دوورەوە چاوی بە جێبەکە دەکەوێت دڵـی خـۆش دەبێـت دەچـێتە پـێش و ئیشارەتی بۆ دەکات مام زوهێر دەگاتەلای و دادەبەزێت.

مام زوهێر

چۆنت بردە سەر... ترسای ها؟

یەزدین

ئەتوو مام زوهێری وا نیە؟

مام زوهێر

راستە..چۆنت زانی؟

یەزدین

لە سەماعەکان هەموو شتێکم گوێ لێ بوو.

مام زوهێر

پێدەکەنی

وەرە لەگەڵم هیچ مەترسە. بابزانین کەسێك هەیە پێویستی بە هاوکاری ئێمە بێت.

یەزدین

جێگای ترس نیە.

مام زوهێر

لەگەڵ من وەرە.

## دیمەن/ 45

**شوێن/ ناو تونێل**

**کات/ ڕۆژ /ناوەوە**

مام زوهێر و یەزدین بە پیادە بەرەو قوڵایی تونێلەکە بەڕێ دەکەون.

یەزدین

(لە ڕێگا لە مام زوهێر دەپرسێت)

دیارە ئەم تونێلە بە ڕۆژ هیچ مەترسی نیە.

مام زوهێر

ئەو دڕندەیە ڕقی لە ڕووناکیە بە ڕۆژ دەرناکەوێ،

بەڵام سەربازەکانی ئەو سەر لەوانەیە

تەقە لەو کەسانە بکەن کەبیانەوێ سنوریان ببەزێنن.

(یەزدین لەو کاتەدا چاوی بە دوو هاوڕێ کەی دەکەوێ کە کوژراون لەگەڵ مام زوهێر سەیریان دەکات دڵنیا دەبن کە مردوون زۆر غەمبار دەبن)

مام زوهێر

جانتاکانیان هەڵگرە.

یەزدین پێی ناخۆشە... مام زوهێر کەمێك دوور دەکەوێتەوە ئینجا یەزدین جانتاکان هەڵدەگرێ و دەکەوێتە دوای مام زوهێر دەگەنە لای پیکابەکە سەیری باوکی هاوار و کوڕەکەی دەکەن دڵنیا دەبن کەمردوون.

مام زوهێر

دەتوانی ئەو سەیارە بە ئیش بخەی؟

یەزدین بەدەست ئاماژە بۆ جێبێکی سەربازی دەکات کە لەو ناوە راگیراوە

ئەدی بۆ ئەو جێبە نەبەین؟

مام زوهێر

ئەگەر ئەوە خێری هەبوایە لەوێ نەدەما.

یەزدین

باشە با هەوڵێك بدەین.

دوای ماوەیەك پیکابەکە بە ئیش دەخەنەوە، تەرمی هاورێ و باوکی دەخەنە پشتەوەی پیکابەکە یەزدین لێی دەخورێت و مام زوهێریش بە جێبکەی خۆی تـەرمی هـەردوو هاورێیەکەی یەزدین بار دەکات و لە تونێلەکە دەچنە دەرەوە.

## دیمەن/ 46

**شـوێن/ رێگا**

**کـــــات/ رۆژ / دەرەوە**

لەرێگا بەرەو لای گۆرستان دەڕۆن تەرمی ئەو دوو گەنجە دەبینن کە پێشتر لـە رێگـا خۆیان لە مام زوهێر حەشار دابوو،دەوەستن و دادەبەزن.

مام زوهێر شیشێکی درێژ لە سەیارەکە دەردەهێنێ، بۆ ناو کێلگەی مینەکە رەوانەی دەکات و جانتای مردووەکان هەڵدەگرێت.

یەزدین

ئەوانە چین؟ بۆ مردوون؟

مام زوهێر

ئەمە ئەو کەسە نا شارەزایانەن، کە ڕێگا ون دەکەن

و دەکەونە ناو کێڵگەی مینەکان.

یەزدین

یەعنی دەمرن.

مام زوهێر

بەڵێ...دەمرن. ئەو ناوچایە هەمووی مینە

(جانتاکان دەبەن و دەڕۆن)

## دیمەن/ 47

**شـوێن/ تونێلی گۆرستانەکە**

**کـــــات/ ڕۆژ _ ناوەوە**

هەردوو سەیارەکە دینە ناو تونێلەکە و مام زوهێر خەریکی دوو لە تەرمەکان دەبێت و گیرفانەکانیان بە تاڵ دەکات.

یەزدین

مام زوهێر ئەوە چی دەکەی؟

مام زوهێر

برۆ کاکە زووبە گیرفانیان بەتاڵ بکە هەتا زوو بیان نێژین.

(یەزدین به ناچاری خەریکی گیرفان بەتاڵکردنی تەرمەکانی تر دەبێت)

## دیمەن/ 48

**شـوێن/ ماڵی مام زوهێر**

**کـــــات/ رۆژ _ ناوەوە**

(رەیحانە پایدەری پایسکیلەکە لێدەدات و دێتە خوارەوە و ئیزگەکە دادەگیرسێنێ)

هەلاۆ.....هەلاۆ...... کەسێك گوێی لێمە، من دەتوانم هاوکاریتان بکەم

## دیمەن/ 49

**شـوێن/ نزیك ماڵی مام زوهێر**

**کـــــات/ڕۆژە /دەرەوە**

مام زوهێر

لەنزیك ماڵەکەی خۆیدا لە شوێنێکی لا چەپ دەوەستێ و روو لە یەزدین دەکات:

ئەو پیکابە لێرە رابگرە نامەوێت ئەو ژنە بیبینێ.

یەزدین

باشە بەسەرچاو.

(سەیارەکە لە شوێنێك دەوەستێنێ و خۆی لای مام زوهێر سەردەکەوێ و دەڕۆن)

## دیمەن/ 50

**شـوێن/ بەردەرگای ماڵی مام زوهێر**

**کـــــات/شەو/دەرەوە**

مام زوهێر گوێی لە رادیۆ راگرتووە کە هەواڵـەکان پـەخش دەکـات، هەواڵـەکان وا رادەگەیەنن کە کەش و هەوا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست گۆڕانکـاری چـاوەڕوان نـەکراو بەخۆیەوە دەبینێ، بە تایبەتی سێگۆشەی سنوری نێـوان عێـراق و ئـێران و تورکیـا بەفرێکی زۆری لێ دەبارێ، بە شێوەیەك کە نیو سەدەیە لەم ناوچـانە بـە فـری وەهـا نەباریوە.

## دیمەن/ 51

**شـوێن/ ناو تونێڵەکە**

**کـــــات/ شەوە ناوەوە**

دوو گەنجی عەرەب لەلای تورکیاوە دەگەڕێنەوە زۆر بە ترسەوە دەڕۆن.

## دیمەن/52

**شوێن / ماڵی مام زوهێر**

**کات / شەوە/ناوەوە**

مام زوهێر و ڕەیحانە خەریکی بانگەواز و هۆشدارین بۆ ڕێبوارەکان لە سوچێکدا یەزدین سەیریان دەکات و فشەی پێیان دێت،بە فێڵی دەست بە ئاو گەیاندن دەچێتە دەرەوە.

## دیمەن/ 53

**شوێن/ بەردەرگای ماڵی مام زوهێر**

**کات/ شەوە دەرەوە**

(یەزدین بە دزیەوە دێتە دەرەوەو دەیەوێت بە پیکابەکە بڕوات بەڵام پیکابەکە ئیش ناکات بۆیە پاڵی پێوە دەنێت و لە گردەکە شۆڕی دەکاتەوە و دەڕوات، لەم کاتەدا مام زوهێر دێتە دەرەوە و هاوار دەکات)

مام زوهێر

یەزدین یەزدین بگەڕێوە بە قسەم بکە بگەڕێوە.

(یەزدین ناگەڕێتەوە بەرەو ئاراستەی تونێلەکە دەڕوات)

## دیمەن/ 54

**شـوێن/ ناو تونێلەکە**

**کـــــات/ شەوە ناوەوە**

**دووگەنجە عەرەبەکە خۆیان حەشارداوە نازانن چی بکەن.**

**دەنگی رەیحانە**

**لەگەڵ مام زوهێر قسە دەکات**

**ها چی بوو ئەویش وەك خێزانەکەی**

**من و ئەو خەڵکە مردن پەلکێشی کرد؟!**

**مام زوهێر**

**من تەنها ڕێنمایم کرد بەڵام ئەو گەنجانە ئارامیان نیە**

**وا دەزانن ئەوڕوپا لە پشت ئەو تونێلەیە**

**گەنجە عەرەبەکان زۆر دەترسن لەو دەنگانە**

**مام زوهێر**

**کەس گوێی لەمنە، دەزانم دەنگێك هەیە،**

**تکایە ئاگاداری خۆتان بن مردن چاوەڕێتانە.**

**(لەم کاتەدا یەزدین بە پیکابەکە دێتە ناو تونێلەکە و گەنجەکان زیـاتر تـرس دایـان دەگرێت، یەزیدن لە ناوەراستی تونێلەکە سەیارەکەی لێ دەکوژێتەوە و هەڵنابێتـەوە، بەناچاری بە پیادە رێگا دەبڕێت لە ڕێگا گەنجەکەکان دەبینێت و بەبێ ترس بۆلایـان دەچێت)**

یەزدین

ئێوە کێن چی دەکەن لێرە؟

گەنجی عەرەب 1 (عەرەبی)

کاکە ئیمە عێراقین لە و دیو هاتووین ئێمەیان قەبوڵ نیە.

یەزدین

منیش کوردم دەمەوێ لەو وڵاتە رزگارم بێت.

گەنجی عەرەب 2(عەرەبی)

کاکە مەمنوعە قەبوڵمان ناکەن.

یەزدین

لەو بەریش مردن چاوەڕێمانە، مانەوەمان لە ناو ئەو تونێلەش هەر مردنە با بچینە ئەو بەر. هەمووی هەر مردنە جیاوازی نییە.

دەنگی رەیحانە

کەس نەڕوات مردن چاوەڕێتانە.

گەنجی عەرەب 1 (عەرەبی):

ئەوە چیە؟

یەزدین

ژن و زەلامێکی شێتن گوێیان مەدەنێ،

با بگەڕێینەوە بە گوێم بکەن.

بەناچاری هەردووکیان پەشیمان دەکاتەوە بەرێ دەکەون و دەڕۆن

دەنگی مام زوهێر

تکایە کەس بەوشەوە نەڕوات،

ئێمە شێت نین حەز دەکەین هاوکاریتان بکەین.

## دیمەن/ 55

**شـوێن/ماڵی مام زوهێر**

**کـــــات/ شەوە دەرەوە**

مــام زوهێــر و ڕەیحانــە بەیەکــەوە لەســەر دوو کورســی لــە بەرامبــەر میکســەری ئێستگەکەیان دانیشتوون ڕەیحانە خەریکی کارکردن و هۆشداریە.

ڕەیحانە

ئێرە دەنگی خاڵی مردنە. تکایە کەس بەو شەوە نەپەڕێتەوە.

مام زوهێر

سەیری دەکات و پێ دەکەنێت

ئافەرین... هەر بژیت.

ڕەیحانە سەیری چاوی مام زوهێر دەکات ئەویش سەیری دەکات

هەردووکمان بێ کەسین.کچەکەی منیش شێوەی

هەر لە هاوینی کچت دەچوو، ناوی بەهار بوو

رەیحانە

چیرۆکی تۆ چیە بۆ لێرەی؟

(مام زوهێر هەڵدەستێەوە دەچێتە سەرپاسکیلەکە و پایدەر لێدەدات. فلاش باگی مام زوهێر)

## دیمەن/ 56

**شـوێن/ ناوتونێل**

**کـــــات/ شەو/ناوەوە**

دەنگی مام زوهێر

من لە رادیۆ و تەلەڤزیۆنی بەغداد دەرهێنەر بووم، بەڵام حکومەتی عێراق سەری لە هەموومان شێواند و دەربەدەر و ماڵ وێرانی کردین لە هەموو دونیا، تەنها دڵم بە کچەکەم و خێزانەکەم خۆش بوو، ئەوانیش بوونە قوربانی...

لە کەشێکی باراناویدا مام زوهێر و خێزانەکەی و کچەکەی (بەهار) لە دەروازەی تونێلەکە دێنە ژورەوە، کچەکە دەگریێ و دەترسێ دایکی لەباوەشی دەکات هەر ژێر نابێتەوە مام زوهێر لەباوەشی دەگرێ هەر ژێر نابێتەوە مام زوهێر بە لایتێکی بچوك یاری لەگەڵ دەکات و ژێر دەبێتەوە کچەکە لایتەکە وەردەگرێت و وردە وردە دەچنە قوڵایی تونێلەکە، هەورە تریشقە و باران بەردەوامە. منداڵەکە لایتەکە بۆ هەموو لایەك دەسورێنێت لە پەنایەك مرخە مرخێك دێت و کچەکە لایتەکە ئاراستەی شوێنەکە دەکات بەڵام دایك و باوکەکە هەستی پێناکەن،دڕندەکە لێیان پەیدا دەبێت

و هێرشیان بۆ دێنیّ لەگەل یەکەم لێدان دایك و  کچەکە دەکەون. هەورە تریشــقە و باران لە دەرەوە هەر بەردەوامە ، مام زوهێریش خۆیی لەبەر دەســتی دڕندەکــە رزگــار دەکات.

### دیمەن/ 57

**شــوێن/ بەر دەرگای ماڵی مام زوهێر**

**کــــــات/ ڕۆژ / دەرەوە**

(نزمە بایەك هەستی پێــدەکرێت،مام زوهێــر بــەگورج وگــوڵی خــەریکی بەســتنی B.K.C و مەشخەڵ و دەرگاو پەنجەرە و چەك و لایت و بەنزین  تێکردن و توندو تۆڵ کردنی جێبەکەیەتی، رەیحانە لە ژورەوە سەر دەردەکات و سەیری مام زوهێــر دەکــات سەری سور دەمینیّ بە پەلە دێتە لای مام زوهێر)

رەیحانە

ئەوە لێم تورە بووی؟ خەریکی چیت؟

مام زوهێر

پێم گوتی کەسم نیە غەیری تۆ.

رەیحانە

منت بەدڵ نیە؟

مام زوهێر

کاتمان بەدەستەوە نیە بۆ ئەو قسانە.

رەیحانە

بۆ؟چی بووە؟

مام زوهێر

پێویستە بەزووترین کات لێرە بڕۆین.

رەیحانە

چۆن بوو وا بڕیاری ڕۆیشتنندا؟

مام زوهێر

وەرزەکە بەرەو بەفرو باران دەچێت لێرە هەموو ڕێگاکانی ژیان دەگیرێت.

رەیحانە

لە کویێ ژیان هەیە؟

مام زوهێر

دەبێ ئەو پرسیارە لە مردووەکان بکەین.

هەر خەریکی توند و تۆڵکردنی جێبەکەیەتی

## دیمەن/58

**شـوێن/ماڵی مام زوهێر**

**كـــــات/ڕۆژ/ ناوەوە**

مام زوهێر ریكۆردەرێك دا دەگرێت و دەنگی خۆی تۆمار دەكات

مام زوهێر

ئێرە دەنگی خاڵی مردنە تكایە كەس بەشەوە نەچێتە ناو تونێلەكە،

دڕندەی لێیە دەتانكوژێ، لە ژوورەوە لایت بەكارمەهێنن.

رەیحانە

(لە باگراوند سەیری مام زوهێر دەكات)

ئەوە چی دەكەی شێت بووی؟

مام زوهێر

وەرە تۆ وەرە تێت دەگەینم.

(رەیحانە دێتە لای مام زوهێر و دەست دەكات بە تۆماركردنی دەنگی خۆی)

تكاتان لێ دەكەم لە دڕندەكە خۆتان بپارێزن

بەڕۆژ سەفەر بكەن ئاگاداری ئەو بەر بن سەربازەكان تەقەتان لێ دەكەن.

روو لە مام زوهێر دەكات

تێناگەم ئەو دەنگانەت بۆ چییە؟

مام زوهێر

ئێمە لێرە دەڕۆین پێویستە ئێستگەكەمان بەردەوام بێت!

رەیحانە

ئەدی ئەو دەزگایە بە چی  کار دەکات؟

مام زوهێر لەو پرسیارە دادەمێنێت و بیر دەکاتەوە و پانکەیەکی بەرچاو دەکەوێت و هەڵی دەگرێت و وایەری پاتریەکە لێ دەکاتەوە و لە کونێك ڕوانەی دەرەوەی دەکات.

## دیمەن/ 59

**شوێن/ بەر دەرگای ماڵی مام زوهێر**

**کات/ ڕۆژ دەرەوە**

مام زوهێر

خەریکی دانانی پانکەکەیە و کێبڵەکەی لێ دەبەستێت و دەچێتە ژوورەوە.

## دیمەن/ 60

شـوێن/ بەر دەرگای ماڵی مام زوهێر

کـــات/ شەو/دەرەوە

ڕەیحانە و هاوینی کچی بە چاوی فرمێسکەوە لە دەرگای دواوەی گەلەرییەکـە دێنــە دەرەوە مام زوهێریش لەگەڵ تولە سەگەکە لە دەرگای سەرەکی پاسەکە دێنە دەرەوە، لە گۆڕەپانەکە یەکتر دەبینن.

مام زوهێر

(هەست دەکات ڕەیحانــە بــۆ دواجــار خواحــافیزی لــە ناســنامە و وێنــە و یادگــاری مردووەمان کردووە بە تایبەتیش ناسنامەی هاواری کوڕی)

کەی کاتی ئەمەیە بابڕۆین درەنگە.

ڕەیحانە

چی بکەم؟ هیوادارم ئەو کارەی ئێمە سود بەخش بێت بۆ خەڵکی دیکە

مام زوهێر

هیوادارم.

(مام زوهێر هاوین لەباوەش دەکات و ماچی دەکات ڕەیحانەش بەهەمان شێوە هاوینی کچی ماچ دەکات و بەرەو لای جێبەکە دەڕۆن)

## دیمەن / 61

**شـوێن/بەردەرگای مالی مام زوهێر**

**کــــــات/ شەو / دەرەوە**

(رەیحانە و هاوین و تولە سەگەکە لە ناو جیّبەکە دانیشتوون مام زوهێریش خەریکی داگیرساندنی مەشـخەڵەکانە کـە بـە چـواردەوری جیّبەکـە بەسـتراوەتەوە، پاشـان سەردەکەوێت)

مام زوهێر

وەسیت بێ ئەگەر مردم و ئێوە ژیان, لە ئێستگەکەمان بێ خەم مەبن

رەیحانە

ئەی ئەگەر هەمووماں مردین چی ؟

(مام زوهێر سەیرێکی چاوی رەیحانە دەکات و رەیحانـەش بـە هـەمان شـێوە.. بـەڕێ دەکەون)

## دیمەن/ 62

**شـوێن/ ناو تونێڵەکە**

**کــــــات/ شەوە _ ناوەوە**

لە دوورەوە جیّبەکە دەبینرێت کە دێتە ژوورەوە لـەم کاتـەدا دەنگـی مرخـە مرخـی درندەکە نزیك دەبێتەوە لەلایەکی تر ئەو دەنگانەی کە مام زوهێـر تۆمـاری کردبـوو لەرێگای سپیکەرەکان دەبیسترێت، رەیحانە دەست بۆحەبلی B.K.C درێژ دەکـات و

تەقە دەکات. مام زوهێریش خێرا لێدەخوڕێت دڕندەکە دەنگی زیاتر دەبێت بەلاّم لەبەر ئاگرەکە ناتوانێ بێتە پێش.

رەیحانە هاوین ی کچی لە باوەش دەگرێت و چاوی خۆی دەنوقێنێ و تەقە دەکات و گوێی منداڵەکە دەگرێت، ترس و لەرز لە زیاد بووندایە، جێبەکە لەتاسەو قوڕو بەرد ناگەڕێتەوە جارجارە خۆی بە قەراغی تونێڵەکەدا دەکێشێ تەقەکردن بەردەوامە تا دەگەنە دەروازەی ئەوبەر و رزگاریان دەبێت دووچاری چەندین کێشەی لەو جۆرە دەبنەوە لە دەروازەکە دەپەڕنەوە و دەنگی رەیحانە و مام زوهێر لە سپیکەرەکان هەر بەردوامە مرخە مرخی دڕندەکەش تا دێ بەرز دەبێتەوە.

## دیمەن/ 63

### شوێن/ ناو تونێڵەکە

### کات/ شەوە / ناوەوە

دڕندەکە دەگەڕێتەوە لای کولانەکەی خۆی کە دیزاین کراوە بە کەل و پەلی سەربازی وەك قیناع و خودە و جلی سەربازی و کۆڵەپشت و زۆر شتی تر. وەك شێت هەڵسوکەوت دەکات، هەموو شتەکان تێك دەشکێنێ.دووربینێك هەڵدەگرێت و بەرەو لای دەروازەی تونێلەکە دەروات، لەوێ ماسکەکەی دەم و چاوی لا دەدات،ئەو کاتە ئاشکرا دەبێت کە ئەو کەسە دڕندە نییە، کەچی مرۆڤێکی ئاساییە ،بەلاّم لایەکی دەم و چاوی سوتاوە و زۆر ناشرینە ،دووربینەکەی لە چاوی نزیك دەکاتەوە و سەیری شوێنێکی دوور دەکات.

## 64 /دیمەن

**شـوێن/ سەربازگە**

**کـــــات/ شەوە / دەرەوە**

بە روناکی نایت شۆت واتە روناکی شەوانەی دووربینەکە ئالاَّیەکی عێراقی دەبینرێت کە دەشەکێتەوە.

## 65 /دیمەن

**شـوێن/ سەربازگە**

**کـــــات/ شەوە _ دەرەوە**

سەربازگەی عێراقییە، خاڵی کۆنترۆڵی سنور خەریکی کەشفکردنی دەور و بەریـەتی، لە دەرووبەریدا سیمێکی دوور و درێژ هەیە لەگەڵ گۆمە ئاوێکی لیَلْ چەند زیلێکی سەربازی لە دەروازەی سەربازگەکە دێنە ژورەوە ژمارەیەکی زۆر لە سـەرباز و ئەفسـەر تێدایە.

یەکێك لە ئۆتۆمبێلەکان جێبێکی سەربازییە دێتە ژورەوە لە گەڵ گەیشتنی کۆمەڵە سەربازێك خۆیان دەهاوێژن و دێنـە خـوارەوە... خـودە و قینـاع و کۆڵەپشـتەکانیان دادەکەنن و دەیخەنە ناو دواوەی جێبەکە بە بێزاری بـەرەو ژورەوە بـەرێ دەکـەون و دوو کەسیان دەکۆکن و یەکێکیان جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و دوکەڵەکەی بەرز دەبێتەوە و بەرەو ژورەوە دەچن.

سەربازە (درەندەکە ) بە بێزاریەوە پشتی لـە سـەربازەکانی تـر دەکـات و بـەرەو لای گۆماوەکە دەڕوات و، لە لای گۆماوەکە سەیری ئاوەکـەی بـەردەمی دەکـات و خـۆی دەبینێ کە دەم و چاوی زۆر شێواوە و لایەکی سوتاوە. لە ناکاو هاوار دەکات و دووچاری حاڵەتێکی دەرونی دەبێت و سەربازەکانی خاڵی کۆنترۆڵ سەیری دەکەن،ئـەویش بـەرەو لای جێبەکە دەچێت،لە جێگای شوفێر سوار دەبێت و جێبەکە بەرەو لای سیمی سنور بە شێتی لێدەخوڕێت،سەربازەکانی تر هـاواری لێدەکـەن بـەڵام ئـەو وەڵامـی کـەس ناداتەوە.

## دیمەن/ 66

**شـوێن/ بەردەرگای تونێل**

**کـــــات/ شەوە / دەرەوە**

سەربازە (دڕندەکە ) بەخێرایی جێبەکە لێدەخوڕێ و بەرەو قوڵایی تونێلەکە دەڕوات.

## دیمەن/ 67

**شـوێن/ بەردەرگای تونێل**

**کـــــات/ شەوە _ دەرەوە**

دڕندەکە بە دووربینەکەی دەستی سەیری ئەو ناوە دەکات ماڵەکەی مام زوهێر دەکەوێتە بەرچاوی و بەرەو ئەویٚ دەچێت.

## دیمەن/ 68

**شـوێن/ بەردەرگای ماڵی مام زوهێر**

**کـــــات/ رۆژ _ دەرەوە**

هەموو شتێك لە شوێنی خۆیەتی دڕندەکە دێتە ئەویٚ و بە سەر سوڕماوی سەیری ئەو شوێنە دەکات، هەموو کەل و پەلەکان لـەلای ئـەو نوێیـە و نـازانیٚ بۆچـی بـەکار دەهێنرێت، گوێی لە دەنگی مام زوهێر و ژنەکە دەبێت کە ریکۆرد کراوە بۆیە بە ترس دەچێتە ژوورەوە.

## دیمەن/ 69

**شـوێن/ ماڵی مام زوهێر**

**کـــــات/ رۆژ/ناوەوە**

دەنگی مام زوهێر و رەیحانە تێکەڵ بە دەنگی دەرگا و تەپـە تـەپی قاچـی دڕندەکـە دەبێت،دڕندەکە هەر سەیری ئەو شوێنە دەکات و سەری سوڕ دەمێنـیٚ دەنگـی مـام

زوهێر و ڕەیحانە خامۆش دەکات، لایەکی پەردەی گەلەرییەکە هەڵ دەداتەوە و دەچێتە ژورەوە.

## دیمەن/ 70

**شـوێن/ ماڵی مام زوهێر**

**کـــــات/ ڕۆژ/ناوەوە**

دڕندەکە دێتە ناو گەلەریەکە و بە وردی سەیری هەموو شتێك دەکات هەست بەوە دەکات کە ئەو هەموو یادگاریانە دەرئەنجامی عەقڵی توند ڕەوانەی ئەو بووە بۆیە لە ژێر ڕۆشنایی پەنجەرەی سەرەوەی پاسەکە دادەنیشێ و لە ناخەوە دەکوڵێ و چەند دڵۆپێك فرمێسکی پەشیمانی هەڵدەڕێژێ.

## دیمەن/ 71

**شـوێن/ ماڵی مام زوهێر**

**کـــــات/ ڕۆژ/ناوە**

دڕندەکە بەرەو لای میکسەری ئێستگەکە هەنگاو دەنێت و مایکەکە دەکاتەوە و دەیەوێت قسە بکات هەرچەندەی هەوڵ دەدات ناتوانێ جارێکی تر وەکو مرۆڤێکی ئاسایی قسە بکات، هەندێك وشە دەر دەبڕێت بەڵام کەس تێی ناگات.

## دیمەن/ 72


**شـوێن/ تونێل**


**کـــــات/ رۆژ / لە ناوەوە بۆ دەرەوە**

**ناو تونێلەکە بە وێرانەیی دەبینرێت دەنگی درندەکە دەبیسترێت بەڵام روون نییـە کـە چی دەڵێت، ئەو دەنگە وەك ئیکۆ دەکەوێتەوە.**

**کۆتایی**

## ئەلبومی فیلمی (خاڵی مردن)








SCENE CUT TAKE
29 2 4
دەرهێنەر: عەدنان عوسمان
ناوی فیلم
وێنەگر: محمد جانۆ













سیناریۆی

# خۆڵە مێش

نووسین:

**عەدنان عوسمان**

## دیمەن/ 1

**شوێن/ سنوری عێراق ، ئێران**

**کات/ شەو/ دەرەوە**

شەوێکی تاریك و ئەنگوستە چاو، سێ کەس کە دوانیان پێشمەرگەن و چەکیان هەڵگرتووە، لەگەڵ گەنجێك کە دەم و چاوی خۆی بە جەمەدانی پێچاوە بە خشپە خشپ و ترس و لەرز دەگەنە لای تەلی سنور، بەرێگایەکی باریك ناو کێڵگەیەکی مین ڕێدەکەن و دەگەنە لای تەلەکان و دادەنیشن، بەترس و لەرز پێشمەرگەیەك دەست دەکاتە بڕینی تەلەکان تا ئەو ئاستەی کە دەتوانن لێیەوە دەرباز بن، ئینجا یەکە یەکە دەپەڕنەوە... یەکێك لە پێشمەرگەکان لە پێشەوە دەڕوات و گەنجە بێ چەکەکەش لە ناوەراست دەڕوات و پێشمەرگەکەی تریش لەدواوە دەڕوات لەناکاو گەنجە بێ چەکەکە پێی دەخاتە سەر مینێك و پێشمەرگەی دواوە هاواری لێ هەڵدەستێ و توند قاچی دەگرێ.

پێشمەرگە:

نەجولێی مینە هیچ لە شوێنی خۆت نە جولێی.

(پێشمەرگەکەی تریش ئاوڕیان لێ دەداتەوە و زۆر دەترسێت، پێشمەرگەی 2 بەردێکی گەورە هەڵدەگرێت و دەیەوێت بیخاتە شوێن پێی کوڕەکە)

## دیمەن/ 2

**شوێن/ ناوگوند**

**کات/ شەو/ دەرەوە**

هەوراز گەنجێکی  قژ درێژە و جل و بەرگی کوردی پۆشیوە، بە دزیەوە لەناو کۆڵانەکانی گوند ڕێ دەکات لەرێگای تووشی دوو سەربازی عێراقی دەبێت خۆی لێ یان دەشارێتەوە دواتر دەڕوات و تا دەگاتە لای خانوێك و دەوەستێت، وردە بەرد لە پەنجەرەی ماڵەکە دەدات شنە لە پەنجەرەکەوە سەیری دەکات و دێتە دەرەوە لە سوچێکی خانوەکە دەگەنە لای یەکتر و یەکتر لە باوەش دەگرن.

شنە:

بۆ بەم شەوە درەنگە هاتوی زۆر ترسناکە.

هەوراز:

ماچە بەتامەکانی دوێنی شەوم بیر نەچۆتەوە.

شنە:

وام زانی عاقڵی هەی شێتە

هەوراز:

لەباوەشی دەگرێ و ماچی دەکات.

(دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە بە ئاگایان دەهێنێ و هەوراز بەپەلە دەڕوات و شنە بە پەلەتر دەچێتەوە ماڵ)

## دیمەن/ 3

**شوێن/ مۆڵگە سەربازی عێراقی**

**کات/ شەو/ دەرەوە**

لەگەڵ دەنگی تەقینەوە چەند سەربازێك لە مۆڵگە سەربازی دێنە دەرەوە و هاوار هاوار دەست پێدەکات،پرۆجکتۆری سەربازی دادەگیرسێنن و دەور و بەری خۆیانی پێ روناك دەکەنەوە هەندێکیشیان لە ترسان تەقە دەکەن،هەرکەسێك لە لایەك خۆی حەشار دەدات و لە ئامادەباشی دادەبن.تیشکی پرۆجکتۆرەکە بەردەوام دەورو بەر و ناوگوند روناك دەکاتەوە.

## دیمەن/ 4

**شوێن/ ناوگوند**

**کات/ شەو/ دەرەوە**

هەوراز بە ترسەوە لەکۆڵانەکان ڕێ دەکات و جار جارە کە تیشکی لایتەکەی بەر دەکەوێ خۆی دەشارێتەوە،دیسان دەست دەکاتەوە بە رۆیشتن.

## دیمەن/5

**شوێن/ ناوگوند**

**کات/ شەو/ دەرەوە**

**دوو سەرباز وەك دەوریە لە ناو گوند دەگەڕێن لە گەڵ بیستنی دەنگی تەقینەوە و تەقە و لایتەکان مشەوەش دەبن و چەکەکانیان ئامادە دەکەن و خۆیان لە پەناو دیوارێك دەشارنەوە،لەناکاو گوێیان لە خشپە خشپی پێی کەسێك دەبێت و خۆیان زیاتر ئامادەدەکەن،هەوراز دەردەکەوێت ئەوانیش بە هەردوکیان پشتی لێدەگرن و هاواری لێدەکەن.**

**ئەحمەد (بەعەرەبی):**

**بوەستە ئەگینا تەقەت لێ دەکەین**

**عەواد (بەعەرەبی):**

**هەی موخەریب وادەزانن لە دەستمان رزگار دەبن**

**ئەحمەد (بەعەرەبی):**

**دەستەکانت بەرز کەوە یەك جولە نەکەی**

**عەواد (بەعەرەبی):**

**(هەوارز دەپشکنێ و هیچ شتێك نادۆزێتەوە روی تێ دەکات)**

**هەی سەگ باب بەم شەوە ناوەختە**

**لێرە چی دەکەی تۆ پێشمەرگەی وانیە؟**

**هەوراز:**

(بەترسەوە)

ناوەلا ئەوە لەماڵی خزمێك دەهاتمەوە.

عەواد (بەعەرەبی):

چیت دەکرد؟

هەوراز:

من هونەرمەندم هەموو خەڵکی ئەم گوندە،

دەمناسن.

(لەم کاتەدا سەگێك دەوەڕێ هەردوو پێشمەرگەکە و کوڕە گەنجەکەی دیمەنی یەك نزیك دەکەونەوە و لەنزیك ئەوان خۆیان مەلاس دەدەن و ئاگاداری هەموو شتێك دەبن)

عەواد (بەعەرەبی):

زۆر باشە مادام هونەرمەندی هونەری

خۆت بنوێنە وەکو ئەو سەگە بحەپە.

ئەحمەد: (بەعەرەبی):

(سەری ئافەرینی بۆ دەلەقێنێ و پێدەکەنێ)

هەوراز:

ئاخر بەخوانازانم

(لەم کاتەدا کەرێك دەزەرێ)

عەواد (بەعەرەبی):

کەواتە وەکو ئەو کەرە بزەڕە ئەگینا دەتکوژم

هەوراز:

چ کاریکتان بە زەڕین و حەپینی من هەیە،

من هونەرمەندی شانۆم ئەکتەرم ئەوانە کاری من نییە.

سەربازەکان چەکەکانیان دەخەنە سەر سەری و ئەزیەتی دەدەن، لەم کاتەدا پێشمەرگەیەك پەتێك دەخاتە ملی عەواد و پێشمەرگەکەی تریش چەکەکەی دەخاتە سەر سەری ئەحمەد هەردوو سەربازەکە زۆر دەترسن و عەواد زۆر دەترسێت و پێشمەرگەکە دەیخنکێنێ هەورازیش سەیریان دەکات و دڵی خۆش دەبێت. پێشمەرگەکەی تریش دەیەوێ ئەحمد بکوژێ بەلاٌم هەوراز لێ ناگەرێ.

هەوراز:

ناتوخوا ئەمە هیچی نەکردووە مەی کوژە.

(لەم کاتەدا ئەحمەد تاو دەداتە قاچی پێشمەرگەکان و ماچیان دەکات)

ئەحمەد (بەعەرەبی):

بیکەنە راهی خودا مەم کوژن

تاقە کچەکەم چاوەڕێم دەکات

ئەگەر قەبوڵم بکەن دەبم بەسەگتان(دەحەپێ)

دەبم بەکەرتان(دەزەڕێ)

پێشمەرگەکان پێ دەکەنن و هەموو فیشەکەکانی لە یەدەگەکان لێ بەتاڵ دەکەن و چەکەکەی دەدەنەوە.

پێشمەرگە 1:

گویٚ بگرە کەری سەگ لە بەر خاتری منداڵەکەت

ناتکوژین،بەڵاّم چۆن بڕوات پێبکەین

ئەحمەد (بەعەرەبی):

بەقورئان بە شەرەفم بە تەلاقم، قسە ناکەم بەس مەم کوژن

پێشمەرگە:

دەی بڕۆ.

ئەحمەد:

(دەڕوات و سەیرێکی جەنازەی عواد دەکات)

بێستون (کوڕە گەنجەکە):

سەری سوڕماوە

ئەی هاوار...ئەو چیتان کرد ئەو سەربازەتان بۆ کوشت ؟

چی لە تەرمەکەی دەکەن.

هەوراز:

واز بێنن من دەزانم چی لیٚ دەکەم،

دەی یارمەتیم بدەن با لێرە بیگوازینەوە ماڵەکەی خۆم

بیر لە هیچ مەکەنەوە من بە تەنها دەژیم.

(بەهەمویان تەرمی عەواد هەڵدەگرن و دەڕۆن)

## دیمەن/ 6

**شوێن/ دەور و بەری گوند**

**کات/ شەو/ دەرەوە**

کۆمەڵێك سەرباز وەستاون و چاودێری شوێنەکە دەکەن ئەحمەد دەگەڕێتەوە لای مۆڵگەکەیان لە نێوانان خۆیان بە زمانی عەرەبی وتووێژ دەکەن.

ئەفسەر:

ها ئەحمەد لەناو گوند هیچتان بینی؟

ئەحمەد:

(بە دوو دڵیەوە)

نەخێر گەورەم هیچ شتێك نییە

ئەفسەر:

بۆ بە تەنیای ئەدی کوا عەواد؟

ئەحمەد:

(لەم کاتەدا سەیری سەندوقێکی فیشەك دەکات کە سەری کراوەتەوە)

گەورەم هەریەکەمان بەلایەکدا ڕۆیشتین نازانم ئەو لە کوێ یە؟

ئەفسەر:

ئافەرین کارێکی باشتان کردوە،

(روو لە سەربازەکانی تر دەکات)

هەموتان گوێ بگرن

ئەم شەو کەس ناخەوێ و لە ئامادەباشی دابن.

ئەحمەد وەك سەربازەكانی تر دەیەوێ بچێتە لای كیسە خۆڵكان و خۆی ئامادە بكات بەلاَم لەبەر سەندوقی فیشەكەكە خۆی بە گرێ دانی قەیتانی پۆستاڵەكەی سەرقاڵ دەكات... دەستێك بۆ سەندوقەكە دەبات لەم كاتە ئەفسەرەكە هاوار دەكات.

ئەفسەر:

هەركەسێك هەر جولەیەكتان بینی تەقەی لێ بكەن

ئەحمەد رادەچلەكێ و دەستی بەر قەپاغی سەندوقی فیشەكەكان دەكەوێت و بریندار دەبێت، بەپەلە دور دەكەوێتەوە و لەگەڵ سەربازەكانی تر ئێشك دەگرێ.

## دیمەن/ 7

**شوێن/ ناو گوند ماڵی هەوراز**

**كات/ شەو/ناوەوە**

هەردوو پێشمەرگەكە و بێستون و هەوراز لە ماڵی هەورازن و سەرنجی كەل و پەلەكانی ژورەوە دەدەن،كەبریتیە لە هەندێك كتێبی شانۆیی و چەند ئێكسسوار و چەند ریش و سمێڵ و ماسك و ماكیاژی شانۆیی.

بێستون:

چۆن دەربازمان دەبێت.... ئەی چی لەو لاشەیەدەكەن ؟

هەوراز:

خەمتان نەبێ ئەوە كاری منە.

(سەیرێکی ماسك و ریش و سمێڵەکان دەکات و هەندێکیان هەڵدەگرێ، ئەوانی تریش سەیری دەکەن و پێشمەرگەیەکیش لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوە دە کات).

## دیمەن/ 8

### شوێن/ دەور و بەری گوند لای مۆڵگەی سەربازی

### کات/ شەو/ دەرەوە

هەموو سەربازەکان هەریەکە بەلایەکدا پەرت و بڵاو بونەتەوە و تفەنگەکانیان ئاراستەی دەشتەکە کردووە و لەناکاو روناکی لایتی سەیارەیەکی جیێب ئەو ناوە روناك دەکاتەوە ئەفسەرکە سەیری شوێنەکە دەکات و زیاتر خۆیان توند و تۆڵ دەکەن ئەحمد دەستە بریندارەکەی بەستاوەتەوە و سەیرێکی یەدەگی تفەنگەکەی بەر پشتی دەکات کە بەتاڵە یەکسەر بە پەلە دەری دەکات و وەری دەگێڕێ بۆ ئەوەی روە بەتاڵەکەی دەرنەکەوێ،دەنگ و لایتی سەیارەکە نزیك دەکەوێتەوە،ئەفسەرەکە لەسەر رێگا سەربازەکان دابەش دەکات.

ئەفسەر:

خۆتان قایم کەن هەرگوتم تەقە بکەن، یەکسەر تەقە بکەن و بیانکوژن

(هاوار دەکات)

بوەستن ئێوەکێن مەیەنە پێشەوە، ئەگینا تەقەتان لێ دەکەین.

(بەلایتەکەی دەستی سەیارەکە روناك دەکاتەوە و ئیشارەتیان دەداتێ، شوفێری جێبەکە سەر دەردەکات و هاوار دەکات).

شوفێر:

خۆمانین تەقە نەکەن مردومان پێیە.

ئەفسەر دەستور بە سەربازەکان دەکات کە تەقە نەکەن، سەیارەکە تەواو نزیك دەبێتەوە و لەهەموو لایەکدا گەمارۆیان دەدەن لە ناو سەیارەکە هەردوو پێشمەرگەکە بەجل و بەرگ ماکیاژی مەلا و پیاوێکی پیر دەردەکەون و هەوراز بە جل و بەرگی پیاوێکی کامل و بێستونیش بە جل و بەرگی ژنێکی گوندی خۆیان نیشان دەدەن، هەموویان لە شوێنی خۆیان دانیشتون و جولە ناکەن هەروەها لە دواوەی جێبەکە تابوتێك هەیە و جەنازەیەکی تێدایە.

ئەفسەر:

ئێوە کێن بەم شەوە درەنگە چی دەکەن

هەوراز:

ئێمە خەڵکی گوندین مامم مردوە، جەنازەمان پێیە بەرەو هەڵەبجە دەڕۆین.

ئەفسەر بەگومانەوە سەیریان دەکات و سەیارەکە دەپشکنن و دەچێ سەیری تابوتەکە دەکات و بەتانی سەر مردوەکە لادەدات هەست پێ ناکات کە عەوادە و ماکیاژ کراوەبووە بە پیاوێکی پیر و سەر و ریش سپی چەند سەربازێکیش ئەو دیمەنە دەبینن،قەناعەتیان دێت و بە رێیان دەکەن،لەم کاتەدا ئەحمەد ئەو قەڵەباڵغیە بە فرسەت دەزانێ و چەند فیشەکێك لە سەندوقەکە دەدزێ دواتر لە دورەوە سەیرێکی سەیارەکە و تەرمەکە دەکات کە بە بەردەمی تێدەپەڕن و دەڕۆن.

## دیمەن ⁄ 9

**شوێن⁄ قەراخ روبار**

**کات⁄ بەرەبەیان⁄ دەرەوە**

لەناو ئاوی روبارێك دەبینرێت کە لە جێبەکەوە تابوتەکە شۆڕدەکرێتەوە ناو ئاو تا نقوم دەبێت ئینجا لە ئاوێنە وێنەی ئاوەکەوە چوار کەسەکە دەردەکەون.... هەمویان ریش و جل و بەرگەکانیان دادەکەنن و بێستون بەڕێ دەکەن و خواحافیزی لێ دەکەن و لە دورەوە هەڵبجەی پێ نیشان دەدەن و دەڕۆن.

## دیمەن/ 10

**شوێن⁄ ناوشار/قوتابخانەیەکی ناوەندی**

**کات⁄ رۆژ/ناوەوە**

وێنەی سەدام حوسێن لە قەد دیواری پۆل هەڵواسراوە و مامۆستایەکی عەرەب وانەی جوگرافیای عێراق بەعەرەبی بۆ قوتابییەکان شیدەکاتەوە، لەتەختەرەش نوسراوە (الجغرافیە، الدرس الرابع، 13⁄3⁄1988 قوتابییەك گرنگی بە مامۆستاکە نادات کتابەکەی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکات و خۆی بەوێنەکرنەوە سەرقاڵ دەکات، لەرێگای نوسینەکانی سەرکتابەکەی دەزانرێت کەناوی (ئاسۆ بەکر) ە لەقۆناغی دووی

ناوەندیە  و ناوی قوتابخانە و شارەکەشی لەسەری نوسراوە، لەلایەکی تر قوتابیەك بە لاچاوێك بە غەزەبەوە سەیری ئاسۆ دەکات ئەو قوتابیە لە ڕێگای (تاتۆ) ی سەر دەستیەوە دەزانرێت کە ناوی (موهیب)ە سەیری مامۆستاکە دەکات و بە چاو شکایەت لە ئاسۆ دەکات گوایە ئاگای لە دەرسەکەی نییە ،مامۆستاکەش سەیری دەکات و ئەم حاڵەتەی پێ ناخۆش دەبێت و کتێبێکی تێدەگرێت و جوێنی ناشرینی پێ دەدات قوتابیەکانی تریش سەیری دەکەن و ئاسۆش شەرم دایدەگرێ و بەرقەوە سەیری مامۆستاکەی دەکات .

## دیمەن/ 11

### شوێن/ بەردەرگای قوتا بخانە

### کات/ رۆژ/دەرەوە

دوو ئینزباتی سەرباز بەبەردەم دەرگای قوتابخانەکە تێدەپەڕن، بێستون لەسوچێکدا خۆی دەشارێتەوە تاوەکو ئەوان تێ پەڕدەبن،کابرای بێ سمێڵ سەیرێکی ناوی قوتابخانەکە دەکات و سەیرێکی سەعاتەکەی دەستیشی دەکات و دڵە راوکێ و ترسی پێوە دیارە... رەت دەبێت.

## دیمەن/ 12

**شوێن/ گۆڕەپانی قوتابخانە**

**کات/ رۆژ/دەرەوە**

قوتابیەکان زۆربەیان دەوری ئاسۆ یان داوە ئەویش لاسایی مامۆستاکەی دەکاتەوە و ئەوانی تریش پێدەکەنن لەوکاتەدا (موهیب) دێتە ئەو ناوە.... هەموویان بێدەنگ دەبن و کەس لەگەڵی ناوەستێ بە ناچاری لە سوچێکی گۆڕەپانەکە دەوەستێ و چاوی بە پشیلەیەك دەکەوێ و بەردێکی لێدەدات. فەڕاشێکی پیر دێتە لایان.

فەراش:

گوێبگرن هێی لەگەڵ ئێوەمە گوێ بگرن بەرێوەبەر گوتی پێیان بڵێ بابچنەوە ماڵێ چونکە مامۆستای وانەی کوردی نەهاتووە.

هەموو قوتابییەکان بەیەکەوە:

هێیییییییییییییییییی.

رادەکەن بۆ ناپۆلەکەیان و کتابەکانیان دێنن تەنها ئاسۆ نەبێت، کەمێك غەمبارە پاشان ئەویش بۆ لای پۆلەکەیان دەچێت .

## دیمەن/ 13

**شوێن/ بەردەرگای قوتابخانە**

**کات/ رۆژ/دەرەوە**

بێستون:

(لەبەردەرگای قوتابخانە پیاسە دەکات کەدەبینیێ قوتابییەکان دێنـە دەرەوە دەچـێتە لایان قسە لەگەڵ یەکێکیان دەکات)

ئەریێ بێزەحمەت ئاسۆبەکر کامەتانن.

قوتابی:

ئێستاکە بەخۆ بەپاسکیلە سوپەرەکەی دێتە دەرەوە، دەڕوات

بێستون:

(تەماشای ئەم لاو ئەو لای خۆی دەکات و لەناکاو چاوی بە ئاسۆ دەکەویێ کەلەدەرگای قوتابخانە دێتە دەرەوە و دەیەوێت بڕوات بانگی دەکات):

ئاسۆ.. کاك ئاسۆ

(لێی نزیك دەبێتەوە)

(ئاسۆ لە بێستون نزیك دەبێتەوە و بەردەوام سەیری دەکات بەڵآم نایناسیێ):

بەڵیێ مامۆستا فەرموو ئەمرێکتان هەبو.؟

بێستون:

کاك ئاسۆ دەزانم نامناسی.

ئاسۆ:

ناوەڵا ناتناسم.

بێستون:

دەكرێت كەمێك لێرە دوور كەوینەوە.

(دەست دەكاتە یەكێك لەكتێبەكانی ئاسۆ كە لە پشتەوەی پاسكیلەكەی بە لاستیك بەستراوە).

ئاسۆ:

فەرموو.

(كەمێك لەقوتابخانەكە دوور دەكەونەوە و لەرێگا كابرا چاوی بەم لاو ئەولادا دەگێڕێ و لەدورەوە چاوی بەچەند سەرباز و پۆلیس و ئینزباتێك دەكەوێ و كەمێك تـرس دای دەگرێ و رێگاكەی دەگۆڕێ و ئاسۆش سەری لێ سوڕماوە)

بێستون:

ئاسۆگیان باش گوێم لێ بگرە من ناوم بێستونە لەسوید لای كاكەزیاد هاتوم.

ئاسۆ:

زۆر خۆشحاڵ دەبێت.

كاكە زیادی برام؟

بێستون:

لەسەرەخۆبە و باكەس هەستمان پێ نەكات.

ئاسۆ:

پێ دەچێ زۆر بترسیت.

بێستون:

بەڵێ چونکە من بەقاچاغ هاتومەتەوە، گوێ بگرە ئاسۆ گیان.. نامەیەکم لای کاکە زیاد بۆهێناوی بڕۆ بەووردی بیخوێنەوە، بزانە هەرشتێکی داواکردوە تا سێ ڕۆژی تر ئامادەی بکە.من 16 ی مانگ سەعات یەك لەم دەورو بەرە لێتی وەردەگرم بەڵام ئاگاداربە کەس نەیبینێ.

(بەوشیاری نامەکە لەگیرفانی دەردێنێ و دەیخاتە ناو کتێبەکەی دەستی ئینجا دەیداتە دەست ئاسۆ).

ئاسۆ:

زۆر سوپاست دەکەم، ئەی ئەگەر ویستم بت بینم ناونیشانێکی خۆتم نادەیتێ.

بێستون:

من زۆر پڕئیشم ناتوانی بم بینی تائەو ڕۆژەی کەسەفەر دەکەم.

ئاگاداری خۆت بە، خوات لەگەڵ.

ئاسۆ:

خواحافیز.

(سواری پاسکیلەکەی دەبێت و ئاوڕ لە بێستون دەداتەوە و دەڕوات).

## دیمەن/ 14

**شوێن/نزیك مزگەوت**

**كات/ ڕۆژ/دەرەوە**

ئاسۆ بەسواری پاسكیلەكەیەوە لەناو شار دەگەڕێ و سەیری ئەم لا و ئەو لای خۆی دەكات وادیارە لەشوێنێك دەگەڕێ لەناكاو چاوی بەمزگەوتێك دەكەوێت، لەنزیك مزگەوتەكە پاسكیلەكە دادەنێ و دەچێتە ژورەوە.

## دیمەن/ 15

**شوێن/ناو مزگەوت**

**كات/ ڕۆژ/ناوەوە**

ئاسۆ دەچێتە شوێنی ئاودەستەكانی مزگەوتەكە، بەڵام خەڵكێكی زۆر وەستاوە ئەویش سەرە دەگرێ خۆی وانیشان دەدات كە زۆر تەنگاوە پاشان كابرایەك دڵی پێ دەسوتێ و لەجێگای خۆی دەینێرێتە ژورەوە لەو ئاودەستەی كە ئاسۆ دەیەوێ بچێتە ژورەوە مەلایەك دێتە دەرەوە و ئاسۆش بە پەلە دەچێتە شوێنەكەی ئەو.

## دیمەن/16

**شوێن/ناو مزگەوت**

**کات/ رۆژ/ناوەوە**

ئاسۆ کەدەچێتە ئاودەستەکە یەکسەر هەست بە بۆنێکی ناخۆش دەکات و لوتی خۆی دەگرێت کە سەیر دەکات ئینجانەکە پڕیەتی لە پیسایی و دەست دەکاتە مەسینە دەبینێ پڕیەتی لە ئاو بە پیساییەکە دادەکات دەرگا لەسەر خۆی دادەخا و نامەکە دەکاتەوە. لەنامەکەدا نوسراوە،(هەموو نووسینەکان بەدەنگی کاکەزیاد دەخوێندرێتەوە )

ئاسۆ گیان تێر تێر ماچت دەکەم لەباوەشت دەگرم دەبێت رۆژێ دابێ وەك جاران بەئازادی بەیەکەوە دابنیشین و دۆڵمە و کفتەی دەستی دایکم بخۆین و گوێ بۆچیرۆکە خۆش و سەرنج راکێشەکانی باوکم رابگرین، ئاسۆگیان دێو و درنجە ترسناکەکانی ناوحەقایەتەکانت لەبیرە مام دێوەرەت لەبیرە ئای ئاسۆ گیان جەرگم بۆتان ژان دەکات چەند خۆش بوو ئێواران کە کارەبا دەکوژایەوە دایکم فانۆسە شڕەکەی دادەگیرساند و دوکەڵ بەری ئاسمانی دەگرت و بەیانیان کە بەئاگا دەهاتین هەموومان کونی لوت و چاومان رەش هەڵگەڕابوو، وەك خوێك کێ لەهەموومان زیاتر رەش هەڵگەڕابا تێر پێی پێدەکەنین.

(لەم کاتەدا پیاوێك لەدەرگای ئاودەستەکەدەدات)

پیاوێك:

ئەرێ برام ئەوە خەوت لێ کەوتووە بۆنایێیتە دەرەوە بە خۆمان داکرد.

ئاسۆ:

(نامەکەی هەڵدەگریٚ و دەرواتە دەرەوە).

## دیمەن/ 17

**شوێن/ ناو مزگەوت**

**کات/ رۆژ/دەرەوە**

(ئاسۆ دەیەویٚ بڕوات لە ناکاو سەرنجی بۆ لای ئەو مەلایە دەچێت کە پێش ئەو لە توالێت بوو، دەبینیٚ کە لە مەمەرەکە دانیشتوە و چەند منداڵێك دەوریان داوە پیٚ دە چێت فەقیٚ بن مەلا قسەیان بۆ دەکات)

مەلا:

پاك و خاوێن بن چونکە پاکو خاوێنی لە بڕواوەیە (النزافه من الایمان).

ئاسۆ زەردەخەنەیەك دەکات و ئاوڕێك لە مەمەڕی ئاودەستەکان دەداتەوە پیاوێك بە پەلە خۆی لە ئاو دەستێك دەپەستێت و تڕێکی گەورە دەکات،هەموو ئەوانەی کە وەستاون پێدەکەنن.

## دیمەن/ 18

**شوێن/ نزیك باخێك /دەرەوەی شار**

**كات/ ڕۆژ/دەرەوە**

**ئاسۆ بەسواری پاسكیل لەنزیك باخێك دەڕوات و چاو لەشـوێنێك دەگـێڕێ بۆئـەوەی نامەكەی تیادا تەواو بكات لەنزیك دارێكی گەورە دادەنیشـێ و سـەیرێكی ئـەملاو ئەولای خۆی دەكات و نامەكەدەردەهێنێ و تەواوی دەكات، (بەدەنگی كاكەزیاد ):**

**ئاسۆ گیان دەستی دایكم و باوكم ماچ دەكەم خەوم بەباوكم بینیوە چی بەسەرهاتوە ؟ دایكە گیان بیرت دەكەم پیرە ژنێكی دراوسێمان هەیە شێوەی زۆر لەتۆ دەكات هەموو بەیانیەك دەیبینم و هەستم دەبزوێنێ بەلاَم هەرگیز كەس جێگای تۆ ناگرێتەوە ......**

**زۆر زۆر لێتان دەپرسم دەمێكە زۆر بیرتان دەكەم و شەوانە بۆتان دەگرییێم چاوە جوانەكانی لەیلا و شیرین ماچ دەكەم كوڵمە سورەكانیان دەخۆم، بەلاَم هەردولامان زۆر لەیەكتر دوورین زۆر حەزدەكەم بتان بینم...**

**یەكە بەیەكە قسەم بۆبكەن لەدەنگ و باسی خۆتان و هەڵەبجە ئاگادارم بكەنەوە بۆیە تكات لێ دەكەم ئاسۆ گیان كامیرایەكی ڤیدیۆ پەیدا بكەو وێنەی هەموتانم بۆبگرە...**

**شوێن/ ماڵی ئاسۆ**

**کات/ شەو/ناوەوە**

**دایك و باوکی ئاسۆ و شیرین و لەیلا بەدیار چرایەکی کز دانیشتوون و ئاسۆ بەدەنگی خۆی نامەکە تەواو دەکات باوکی ئاسۆ وادیارە زۆر نەخۆشە و لەسەر جێگا کەوتوە بەلاّم گوێی بۆ خوێندنەوەی نامەکە شل کردووە.**

**ئاسۆ:**

**ئاسۆ گیان لەبیرت نەچێ وێنەی کۆلاّنەکەی خۆمان بگرە، کچەجوانەکانی گەڕەك کێ شوی کردوە و کێ ماوە، کاك تەهای جیرانمان ئیستاکە چەند ژنی هەیە؟ کاتی من لەوێ بووم چواری هەبوو ئەی ئێستاکە، کاکە حەمەی خوشکە زام چەند منداڵی زیاد کردووە**

**ئاسۆ گیان هەرچی پێت دەکرێت بۆم وێنە بگرە، ئێرە ولاّتێکی زۆر جوان و پێشکەوتوە بەلاّم خەڵکەکەی بێ هەست و سۆزن، کەس ئەوی تر نادوێنێ هەندێ جار، پڕ بەدەنگم لەنێو چوار دیواری ژوورەکەم، هاوار دەکەم بەلاّم کەس وەلاّمم ناداتەوە، ئاسۆی براو برادەرم تکایە زۆر ئاگاداری خۆت بە چونکە لەسای سەری ئەو رژێمە وێنەگرتن و کامیرای ڤیدیۆ لای ئێوە قەدەغەیە بەلاّم دڵنیا بە (سەگی هار تەمەنی چل شەوە) هەرچی زووە بەدەستی ئەو برادەرە کاسێتەکەم بۆم بنێرە.**

**برای دوورە ولاّتت کاکە زیاد سوێد ستۆکهۆڵم.**

**(ئەم ناو و ئەدرێسە بەکوردی و ئینگلیزی دەنوسرێت )**

## دیمەن/ 20

**شوێن/ماڵی ئاسۆ /ژووری نوستن**

**کات/ شەو/ناوەوە**

ئاسۆ دەخیلەیەکی بەدەستەوەیەو دەیشکێ نێ و 5 دیناری ئاسنی تیادایە دایکی ئاسۆش لە لەلایەکی کراسەکەی (کەلائەنگوجك) چەند دینارێکی کاغەز دەردێنێ و دەیداتە دەست ئاسۆ .

دایك:

هاکوڕم ئەو سێ دینارەش بگرە بەخوا ئەوە بۆ داوو دەرمانی باوکت هەڵم گرتبوو.

ئاسۆ:

نادایکە گیان تەرتیبی دەکەم.

باوك:

ناکوڕی خۆم بیبە قەی ناکە بۆمن خواگەورەیە.

(ئاسۆ پارەکە وردەگرێ )

شیرین:

(گوارەکانی خۆی دادەکەنێ)

ها ئاسۆ گیان ئەوەش بفرۆشە.

ئاسۆ:

(بەپێکەنینەوە)

خۆ ئەمە زێڕ نییە یەك دینار ناکات.

(هەموو پێدەکەنن)

لەیلا:

بەخوا من شتێکم نییە پارە بکا تەنها کتابەکانم.

(دوو کتاب دەداتە دەست ئاسۆ) ئاسۆ وەریدەگرێ و سەیری دەکات وێنەی سەدام لەلاپەڕەی یەکەم کتابە کەدا بەرچاوەدەکەوێ و کتابەکەدادەخاتەوەو سەری لەیلای خوشکی بەسینگی خۆیەوە دەنێ و زەردەخەنەیەك دەکات.

## دیمەن/ 21

**شوێن/ڕێگای دەرەوەی شار**

**کات/ ڕۆژ/دەرەوە**

ئاسۆ بەسواری پاسکیلەکەیەوە بەرەو شار دەچێت ئەم لاو ئەولای دارو دارستانە و زۆر دڵی خۆشە بەپەلە لێ دەخوڕێ.

## دیمەن/ 22

**شوێن/بازاڕ/دوكانی ڤیدیۆكان**

**كات/ ڕۆژ/دەرەوە**

ئاسۆ لەلای دوكانەكان دەگەڕێت و لـە دوكانێـك ئـامێرێكی نیشـاندانی 8 ملمـی سینەمایی سەرنجی رادەكێشێ كە تێستی پێ دەكەن و پیاوێـك دەیـەوێت بیكـڕێ، ئاسۆش لە لایان دەوەستێ و بە نیشـاندانی فیلمێكـی كۆمیدی(چـارلی چـاپلن)پێ دەكەنێ ئەوانیش مۆڕەی لێ دەكەن و دەری دەكەن بە دڵشكاوی دەڕوات... دەگەڕێت تا لەدوكانێك كامیرایەكی ڤیدیۆ دەبینـێ ودەچـێتە ژورەوە لـەباگ راونـدیش موهیـب دەبینرێ كە دەچێتە لای پیاوێكی ئەمن و بە دەست ئیشـارەت بـۆ ئاسـۆ دەكـات و ئەمنەكەش دەستێكی ئافەرینی بە پشتدا دەهێنێ و بە ڕێی دەكات،كـابرای ئـەمن سەیری دەكات دوای ئەوەی كە ئاسۆ دەچێتە ژورێ ئەمنەكە نزیك دەبێتەوە.

## دیمەن/ 23

**شوێن/بازاڕ/ناودوكان**

**كات/ ڕۆژ/ناوەوە**

خاوەن دوكان:

كەچی مەمنوعە تەنها ئەوانەی مۆڵەتیان هەیە، دەتوانن بەكاری بێنن، بەلاَم مادام باوكت نەخۆشە و ئەتوش كورێكی راست گۆ دیاری دەت دەمێ بەلاَم شەوی بە 50 دینار.

ئاسۆ:

(پارەکانی دەژمێرێت وادیارە کە زۆر کەمترە لە 50 دینار)

چی بکەم تەنها 11 دینارم هەیە، بەوەندە نابیّ؟

خاوەن دوکان:

من هاوکاریم کردی بەخودا کەس بە 100 دیناریش نات داتیّ.

ئاسۆ:

باشە وەستا گیان هەتا پارەکە پەیدا دەکەم ئینجا دێمەوە.

خاوەن دوکان:

باشە بەسەر چاو.

## دیمەن/ 24

**شوێن/ماڵی ئاسۆ/سەربان**

**کات/ ڕۆژ/دەرەوە**

(ئاسۆ نووستوە و خەون دەبینیّ) کۆمەڵێکی زۆر لە قوتوی پپسی و بیرە لە لارێگایەك پەرش و بلاّو کراوە تایەی پاسکیلەکەی ئاسۆ بەسەریان دەکەویّ و دەیات قۆپێنێتەوە و دەنگی قوتوەکان و زنجیری پاسکیلەکە بەرز دەبێتەوە. ئاسۆ لە خەو بەئاگادێت و زەردەخەنەیەك دەکات و هەڵدەستێتەوە سەیری دەورو بەری خۆی دەکات و لەسەربانەوە سەیری پاسکیلەکەی دەکات.

## دیمەن/25

**شوێن/دەرەوەی شار/سەر ڕێگا**

**کات/ ڕۆژ/دەرەوە**

موهیب

(کوڕێکی چلکن و ناشرینە، بەپا سکیلێکەوە لە لا ڕێگایەك خەریکی کارکردنە لە ناکاو ئاسۆ دەبینێ کە بە خێرایی بە لایدا ڕەت دەبێت و بەهاوارکردن بانگی دەکات):

ئاسۆ... کورە ئاسۆ.. ئاسۆ... ئاسۆ

ئاسۆ:

(گوێی لە دەنگی موهیب دەبێت و ئاوڕی لێ دەداتەوە و دەچێتە لای)

ها ماندو نەبیت؟

موهیب:

سەلامەت بیت ئەوە بۆ وا بە پەلەی؟

ئاسۆ:

باوکم پێویستی بە دەرمانە زۆر نەخۆشە، دەچم بزانم کاسبیەکم دەست ناکەوێت

موهیب:

وەرە ئەو کاسبیەی فافۆن بکە خێری زۆر زۆرە، منیش دوای نیوەڕۆیان هەر ئەو کارە دەکەم.

ئاسۆ:

یەعنی خێری هەیە؟

موهیب:

کوره ئا ئا..

(دەست دەگەیەنێتە قوتوویێك بیرە دەیشلەقێنێ وادیارە کە کەمێکی تیێدا ماوە)

وەرە بائەوە بخۆینەوە.

ئاسۆ:

کوره پیسە شتی وا نەکەی.

موهیب:

ئەگەر دەزانی چەند خۆشە بەجگەرەوە.

(دەست دەگەیەنێتە قونکە جگەرەیـەك و دای دەگیرسـێنێ پارچـە جگەرەیـەکی بـە کارهاتووش بۆ ئاسۆ رادەگرێت).

ئاسۆ:

شتێکی زۆر پیسە من نایخۆم تۆش فرەیدە بە گوێم بکە.

موهیب:

نا نا تامی کە ئینجا دەزانی.

ئاسۆ:

عافیەتی خۆت بێت من نامەوێت.

(دەڕوات)

موهیب:

کوره بگەرێوە زۆر خۆشە وەرە ئاسۆ.

(بەلام ئاسۆ هیچ ئاوڕی لێ ناداتەوە سواری پاسکیلەکەی دەبێت و دەڕوات)

## دیمەن/ 26

**شوێن/بازاڕ/گەراجێکی گەورە**

**کات/ رۆژ/دەرەوە**

گەراجێکی گەورەی کڕین و فرۆشتنی قوتوو فافۆنە چەند کەسانێك لـەلۆری گـەورە بارەکان باردەکەن و چەند منداڵێك بەعارەبانەوە دێن و بارەکـانی خۆیـان دەفرۆشـنە خاوەن گەراجەکە ئاسۆش بەپاسکیلەوە دێتە ناو گەراجەکە و هەندێن قوتو دەفرۆ شێ و پارە وەردەگرێ و دڵی خۆش دەبێت بەڵام موهیب کەپارەیەکی کەمی وەرگرتووە بە تورەیی سەیری ئاسۆ دەکات وسەیری پارەکەی خۆی دەکات.

موهیب

دەچێتە لای ئاسۆ:

ئاسۆ ئەوە لە کوێ ئەو هەموو فافۆنەت

دەست کەوتووە.. وەرە بابەیەکەوە کاربکەین

ئاسۆ:

زۆر سوپاس من دەمەوێ بە تەنیا کاربکەم.

موهیب:

ئاخر من فێری ئەو کاسبیەم کردی.

ئاسۆ:

خۆم خەونم بەو کارەوە بینیبوو خواحافیز

(دەروات، موهیب به ڕقەوە سەیری دەکات)

## دیمەن/ 27

**شوێن/دەرەوەی شار/نزیك دارستانێك**

**کات/ رۆژ/دەرەوە**

لەنزیك دارێك دوو کەس دانیشتون و مەشروب دەخۆنەوە قوتوە بەتاڵەکانیشیان فڕە دەدەنە دەورو بەری خۆیان، ئاسۆش لەدوورەوە دیاردەکەوێ و لەپاسکیلەکەی دابەزیوە و بەدەم ڕێگاوە قوتوی بەتاڵ هەڵدەگرێتەوە وبەلای ئەواندا تێدەپەڕێ و ئاوڕیان لێ ناداتەوە و قوتوە بەتاڵەکان هەڵدەگرێتەوە.

## دیمەن/ 28

**شوێن/ناو بازاڕ/گەراجە گەورەکە**

**کات/ رۆژ/دەرەوە**

ئاسۆ بەپاسکیلەکەیەوە دێتە ناو گەراجەکەو کیسە پڕ لە قوتەکانی دەهەێنێتە خوارەوە و پاسکیلەکەی لای دەرگا جێ دەهێڵێ و بارەکەی خۆی دەفرۆشێتە خاوەن گەراجەکە

**خاوەن گەراج:**

**ئافەرین بزانن.**

**( بۆمنداڵەکانی تر )**

**ئەمە کوڕێکی چەند ئاقڵ و ئازا و ئیشکەرە.**

**ئێوەش تەمبەڵ وتەوەزەلن فەرموو بابەگیان حەقی خۆت .**

**دە دینارە ئەمە یانزە دینارێك زیاد بەس ئاوەها زوو زوو وەرەوە چونکە تا سەری مانگ، دەبێت پێنج تەن فافۆن ئامادە بکەم مشتەریم هەیە.**

**(ئاسۆ دڵی خۆش دەبێت و خەریکی پارە ژماردن دەبێت، منداڵەکانی تر سەیری دەکەن و موهیب زۆر بە توڕەیی سەیری دەکات و بۆلای پاسکیلی ئاسۆ دەچێت و تایەی دواوەی لێ پەنچەر دەکات. و ئاسۆش دێتەوە لای پاسکیلەکەیی وکەدەبینێ پەنچەرە سەیریان دەکات و سەیری موهیب دەکات و موهیبیش بە چاو مۆنی سەیری دەکات ئاسۆ زەردەخەنەیەك دەکات و دەڕوات).**

## دیمەن/ 29

**شوێن/ناو بازاڕ/لای دوکانێك**

**کات/ رۆژ/دەرەوە**

**ئاسۆ پاسکیلەکەی پاڵ دەدات و بەرەو لای وەستا دەڕوات لەناکاو سەرنجی بۆ لای هەمان دوکانی پێشو دەچێت، کە ئامێری نیشاندانی 8 ملیمە سینەماییەکەی لێ بوو**

**دیاره خەڵکێکی زۆر دەوری دوکانەکەی داوە فیلمی کارتۆن نیشان دەدات ئەویش دەچێتە نزیکیان و لەگەڵ منداڵەکان پێدەکەنێت و پاسکیلەکەی لە بیر دەکات و مامەڵەی ئامێرەکە دەکات لە دواوەش دیارە کە موهیب پاسکیلەکەی لێ دەدزێت.بەڵام ئاسۆ ئاگادار نییە.**

**ئاسۆ:**

**وەستاگیان زەحمەت نەبێ ئەوە بە چەندە.**

**وەستا:**

**بڕۆ باوکە گیان ئەمە بۆتۆ نابێت زۆر گرانە**

**ئاسۆ:**

**توخوا مامەگیان ئاخر زۆر حەزم لێییەتی**

**وەستا:**

**کوڕەکەم بە 30 دینارە دوو فیلمیشی لەگەڵە**

**ئاسۆ:**

**چی و چی**

**وەستا:**

**شارلی شاپلن و فلم کارتۆنێك**

**ئاسۆ:**

**ئەی نابێت سێ بێت**

**وەستا:**

**ئەگەر دەتەوێ با دەبێت**

ئاسۆ:

دەمەویٚ بۆم بپێچەوە.

لەگیرفانی پارەکەی دەر دەهێنیٚ و خەریکی ژماردنی دەبێت لەناکاو بیری دەکەوێتەوە کە کاکە زیادی برای پێی گوتوە( وێنەی هەمووتانم بۆ بنێرە)یەکسەر ئاوڕێك لە پاسکیلەکەی دەداتەوە دەبینیٚ نەماوە یەکسەر رادەکات بەدەم راکردنەوە:

مامەگیان نامەویٚ ببورە

وەستا:

بۆ فشەم پیٚ دەکەی هەی سەگباب وەرە بۆم راوەستا.

دەکەوێتە دوای ئاسۆش رادەکات منداڵ و جاحێڵەکانی تریش هەمووی دەکەونە دوای ئاسۆ ئەویش رادەکات و خۆی لە منداڵەکان دەشارێتەوە.

## دیمەن/ 30

### شوێن/ناو بازاڕ/ چەند شەقامێك

### کات/ رۆژ/دەرەوە

ئاسۆ چەند کۆلانێك و شەقامێك دەکات بە دوای پاسکیلەکەیدا دەگەڕێت بەلام نایدۆزێتەوە لە سەری شەقامێك لە دوورەوە موهیب لەگەڵ دوو منداڵی تر پاسکیلەکەی ئاسۆیان لەلایە و لەسەر ئەوەی بۆ کامەیان بێت دەبێتە شەڕ و دەنگەدەنگیان لەم کاتەدا لە دوورەوە ئاسۆ دەبینن ئاسۆش دەیان بینیٚ هەموویان

رادەکەن و پاسکیلەکە بەجێ دەهێلن و ئاسۆش دێت پاسـکیلەکەی هەڵدەگرێتـەوە و سەیرێکی منداڵەکان دەکات و هاوار دەکات

ئاسۆ:

بۆ دزی دەکەن عەیبە......عەیب

(ئاسۆ بەدەم رێکردنەوە دەچێتە لای پەنچەرچـی و لـەرێگای پارەکـانی دەژمێرێـت و ئۆتۆمۆبیلێك هۆڕنی بۆ لێ دەدات و زۆر لێی نزیك دەبێتەوە ئاسۆش بەئاگادێتـەوە و دەستی بەرز دەکاتەوە و داوای لێبوردنی لێ دەکات و دەڕواتە نزیك پاسـکیل چـیەکە بۆئەوەی تایەکەی چاك بکاتەوە بکات).

## دیمەن/ 31

**شوێن/ناو بازاڕ/ سەری کۆڵانێك**

**کات/ رۆژ/دەرەوە**

موهیب لەگەڵ دوو منداڵەکەی هاوڕێی سەیری ئاسۆ دەکەن.

## دیمەن/32

**شوێن/ڕێگا/دەرەوەی شار**

**کات/ ڕۆژ/دەرەوە**

ئاسۆ بەدەم ڕێکردنەوە گۆرانی دەڵێ....سەیارەیەك لە سەر ڕێگا پەکی کەوتوە و ژنێك و چەند منداڵێك بەدیاریەوە دانیشتون و کابرای خاوەنیشی خەریکی سـەیارەکەیەتی ئاسۆ کەدەیان بینێ دەچێتە لایان

ئاسۆ:

چیەوە بۆ ئیش ناکا شکاوە

خاوەن سەیارە:

ناوەڵا بەڵام غەزریوە ئیش ناکا

ئاسۆ:

دەتۆ سەرکەوە بە با پاڵی پێوە بنێین.

خاوەن سەیارە:

دەچم فیتەر دەهێنم خۆت هیلاك مەکە

ئاسۆ:

دەتۆ سەرکەوە.

(خاوەن سەیارە سەردەکەوێت د و ئاسۆ پاڵی پێوە دەنێ و سەیارەکە ئیش دەکات):

سوپاس کوڕە جوان

( بۆ منداڵەکانی خۆی )

سەرکەون بابڕۆین.

ئەوانیش سەردەکەون و ژنەکە قوتوە پپسیەك دەداتە ئاسۆ و لە شوێنی خۆیان چەند قوتوە کی بەتاڵ بەجێ دەهێڵن، دوای ئەوان ئاسۆ قوتوە بەتاڵەکان هەڵدەگرێتەوە و سواری پاسکیلەکەی دەبێت و دەڕوات.

## دیمەن/ 33

**شوێن/گوندی عەنەب/ماڵی ئاسۆ**

**کات/ رۆژ/ناوەوە**

ئاسۆ پەسواری پاسکیلەکەی دێتەوە ماڵ و لەدەرگای حەوشە بانگی هەردوو خوشکەکەی دەکات:

ئاسۆ:

وەرن پشیلەکان میاو میاو، بزانن چیم بۆتان هێناوە.

(هەردوو خوشکی دێنە لای و هەریەك و خۆی بە لایەکی شەرواڵەکەیدا شۆڕ دەکاتەوە ،ئاسۆش قوتوێکی بەتاڵ دەردەهێنێ و جوانی دەشوات و پپسیەکەش دەکاتەوە و دەیکاتە دوو بەش هەریەکە و قوتوێکیان دەداتە دەست ئەوانیش وەری دەگرن و فڕێ دەکەن هەتا ئاسۆ پێڵاوی دادەکەنێ خوشکەکانی بە دیاریەوە دادەنیشن پپسیەکە دەخۆن یەکێکیا قرپێنیەکی دێتەوە ئەوەی تریش لەدوای ئەو هەمان کردار دەکات و ئاسۆ پێدەکەنێت و دەیان باتە ژورەوە، پاشان دەچێت لەسەرجێگا پاڵ دەکەوێ و پارەکان دەژمێرێ)

باش نەبوو ئەو ئامیرەم نەکڕی، خەریك بوو خۆم لەبیر بکەم، ئەوە پارەی کرێی کامیراکەم دەرهێنا، ئەو وەجبەش دەفرۆشم، پارەی حەبەکانی باوکمی پێ دەرکەم، بەسمە ئیتر ئەو ئیشە ناکەم.

(بیر دەکاتەوە )

ئای های... کاکەزیاد چەند خۆشە، دوای ئەو هەموو ساڵە کەدەمانبینی شێوە مان گۆڕاوە و هەریەك بەجۆرێك گەورە بووین ، خۆزگە ئێمەش بە دیدارت شاد بوینایەتەوە دەبێ کەی بەیەك بگەینەوە.

## دیمەن/ 34

**شوێن/ناوبازاڕ/گەراجی فافۆن**

**کات/ ڕۆژ/دەرەوە**

خاوەن گەراج خەریکی کارکرنە و و لەلایەك موهیب چاوی لە دەخیلەکەی بڕیوە و خاون گەراج سەرقاڵ دەبێت ئەویش دەچێتە لای دەخیلەکە و دەیەوێت هەندێك پارە بدزێت بەڵام خاوەن گەراج دەیبینێ و دەچێت گوێی دەگرێت و فڕەی دەداتە دەرەوە.

خاوەن گەراج:

هەی دز جارێکی تر نەیتەوە ئەم ناوە کەس نەما لەسەری نەخوێنی هەموویانت بە خراپ وەسفکرد تەنها خۆت نەبێ هەی خوێڕی جارێکی تر نەیتەوە ئەم ناوە.

ئاسۆ:

(لەم کاتەدا سێ گونیە فافۆنی هەڵگرتوە و و دێتە ژورەوە و ئەو روداوە دەبینێ ئاسۆ روو لە خاوەن گەراج دەکات):

مامەگیان لەبەر خاتری من لێی گەڕێ منداڵە غەڵەتێکی کرد.

خاوەن گەراج:

ئاسۆ گیان سەرەرای پیاوەتیشم دزیم لێ بکات.

ئاسۆ:

دەی ناوی خوا بێنە... وازی لێ بێنە.

(دەچنە ژورەوە ئاسۆ کیسەکانی بەتاڵ دەکات و خاوەن گەراجەکەش سەیری دەکات و زۆر کەیفی دێت).

خاوەن گەراج:

هەی ئافەرین ئاسۆ گیان بەخوا کوڕێکی ئازاو ئیش

کەری خودا لەدایك و باوکی خۆت نەسێنێ.

ئاسۆ:

زۆر سوپاست دەکەم.

خاوەن گەراج:

بۆنایێیتە لای من و بەیەکجاری لێرە ئیش بکەی؟

ئاسۆ.

ببورە ناتوانم من لەقوتابخانەم و دەخوێنم بەڵام ئەو ماوەیە باوکم نەخۆش بوو

پێویستیمان بەهەندێك پارە هەبوو.

خاوەن گەراج:

باشە باوكی باوكم من مرۆڤی ئازاو ئیشكەرم خۆش دەوێ، هەركاتێك ویستت ئیش بكەی پێم خۆشە لەلای من ئیش بكەی و هیوادارم باوكت زو چاك بێتەوە.

ئاسۆ:

زۆر سوپاست دەكەم، لەوانەیە پشوی سەری ساڵ بێمەوە لات.

خاوەن گەراج:

باشە باوكی باوكم بی ئەم 8 دینارە حەقی خۆتە و ئەو دینارەش پاداشتی منە بۆ تۆ.

ئاسۆ:

نانا تەنها حەقی خۆم دەوێت.

خاوەن گەراج:

دەستم رەت مەكەرەوە و بیخەرە گیرفانت.

(ئاسۆ پارە كە وەردەگرێ و خواحافیزی دەكات و سواری پاسكیلەكەی دەبێت و دەستی دەخاتە سەر گیرفانە پڕ پارەكەی و دەڕوات).

خاوەن گەراج:

دڵی خۆشە و هەر سەیری دەكات

## دیمەن/35

**شوێن/ناوبازاڕ/ترافیك**

**كات/ ڕۆژ/دەرەوە**

كۆمەڵە سەیارەیەكی زۆر لە ترافیك وەستاون و ئاسۆ بەسواری پاسكیلەكەیەوە بەناویاندا ڕەت دەبێت و كاتێ گڵۆپەكە سەوز دادەگیرسێ لەگەڵ سەیارەكانی تر ئەویش دەڕوات.

## دیمەن/36

**شوێن/ناوبازاڕ/بازاڕی ڤیدیۆ**

**كات/ ڕۆژ/دەرەوە**

ئاسۆ بە پەلە پەل دێتە لای دوكانی ڤیدیۆكە و جانتای مەكتەبیشی لەشانە بەڵام كتابی تیا نییە دەچێتە ژورەوە. لەدورەوەش كابرا ئەمنەكە سەیر دەكات و بەلای دوكانەكە ڕەت دەبێت وئینجا موهیب دێتە لای ئەمنەكە و بە دەست ئیشارەت بۆ ئاسۆ دەكات.

## دیمەن/37

**شوێن/ناوبازاڕ/ناو دوکانی ڤیدیۆ**

**کات/ ڕۆژ/ناوەوە**

**ئاسۆ:**

**کاکە ئەوە هاتوم بۆکامیراکە**

**خاوەن دوکان:**

**باشە بەسەر چاوان بەڵام کامیراکەم لەدوێنێوە**

**بۆ ئاهەنگێك ناردوە، باوەڕ ناکەم تازە ئەمڕۆش بیهێنێتەوە.**

**ئاسۆ:**

**(زۆر غەمبار دەبێت)**

**یەعنی ئەمڕۆ ناتوانم بیبەم**

**خاوەن دوکان:**

**نازانم مەوعدمان سەعات 8 و نیو بوو بەڵام ئەوە سەعات 10یە و نەیهێناوەتەوە.**

**ئاسۆ:**

**دەبێ ئەمڕۆ کە هەربیبەم، ئەمڕۆ 16 ی مانگ نییە ؟**

**خاوەن دوکان:**

**بەڵێ بەڵێ 16 \ 3 یە و چوارشەممەیە ئۆ هۆ بیرم کەوتەوە من بەیانی ئاهەنگێکی ترم هەیە، پێنج شەممە و هەینی دوکان ناکەمەوە.**

**ئاسۆ:**

**ئاخر چۆن دەبێت من و تۆ وەعدمان هەبوو.**

خاوەن دوكان:

براكەم خۆ لێم ناكرێ هی خۆمەو بەكرێی نادەم ئیش،

و مەسڵەحەتی دوكانەكەم بە 50 دینار نادەم.

ئاسۆ:

ئاخر چۆن دەبێ نابێ نا.

خاوەن دوكان:

دەزانی تۆ زۆر سەیری بۆ نابێ، برام ماڵی خۆم نییە

بەكرێی نادەم خۆ ئەگەر بەكرێشت بدەمێ. دەبێ كەفیلم بۆ بێنی

(لەم كاتەدا ئەمنەكە بەلای دوكانەكەدا رەت دەبێت)

ئاسۆ:

(بیر دەكاتەوە )

جا كەفیلی بۆ چیە من چیم لەكامیراكەت دەوێ ئێوارە بۆت دێنمەوە. باوكم لەسەرە مەرگایە دەمەوێ پێش ئەوەی بمرێ یادگاریەكمان لەگەڵی هەبێت.

خاون دوكان:

(سۆزی بۆ ئاسۆ دەبزوێ )

چاوەكەم بایەكتر ماندوو نەكەین، باكامیراكەم بێتەوە ئەوسا كەفیلێك بێنە و دەت دەمێ باشە. باوكی باوكم دەبڕۆ خوافیزت بێ.

ئاسۆ:

ئەی كەسی تر كامیرا بەكرێ نادات؟

خاوەن دوكان:

كاكە گیان دەڵێی لەم ولاٌتە ناژی، نازانی كامیرا قەدەغەیە، منیش مۆڵەتم هەیە بۆیە دەتوانم، بەكرێی دەم بۆمەسەلەی باوكیشت نەبیٚ بە 1000دیناریش بەكرێی نادەم خۆم توشی كێشە ناكەم ناش زانم كەسی تر هەیەتی یان نا شار گەورەیە و بۆ خۆت بگەڕیٚ.

ئاسۆ:

بە دڵ تەنگی دەچێتە دەرەوە

خاوەن دوكان:

(سەیری ئاسۆ دەكات و بیر كاتەوە)

## دیمەن/ 38

**شوێن/ناوبازاڕ/نزیك دوكانی ڤیدیۆ**

**كات/ رۆژ/دەرەوە**

ئاسۆ بەغەمباری لەبازاڕەكەدا دەگەڕیٚ لەناكاو كابرایەك دەبینیٚ جانتی كامیرای بەدەستەوەیە دەكەوێتە دوای كابراكە سواری سەیارەكەی دەبێت و دەڕوات ئاسۆ بەدڵ شكاوی دەگەڕێتەوە لای دوكانەكە، خاوەن دوكان بانگی دەكات.

خاوەن دوكان:

كاكە گیان كوڕی باش

ئاسۆ:

(سەیری دەکات و دەچێتە لای)

بەڵی مامەگیان بانگی منت کرد،

خاوەن دوکان بەڵێ بەڵێ دڵم هەرلەلات بوو،

برۆ کەفیلێکم بۆ بێنەو کامێراکەم هاتۆتەوە

ئاسۆ:

(زۆر دڵی خۆش دەبێت و خاوەن دوکان ماچ دەکات)،

ئەی بە قوربانت بم... هەرئێستا کە فیلت بۆ دێنم.

(دەڕوات)

## دیمەن/38

**شوێن/ناوبازاڕ/گەراجی فافۆن**

**کات/ ڕۆژ/دەرەوە**

وەستاو عەمەلە خەریکی ئیش کردنن و فافۆن بار دەکەن ئاسۆ و خاوەن گەراج لەلایەك خەریکی قسە کردنن.

خاوەن گەراج:

وام زانی بۆ ئیش کردن گەرایتەوە

ئاسۆ:

ناوەڵا هەر بۆ کەفیلیەکەیە

خاوەن گەراج:

وەی بەسەر چاوان بابڕۆین.

( بۆ کرێکارەکان )

کاکە ئێوە خەریکی بارکردن بن، من دەدەقەیەکم پێ دەچێ.

لەگەڵ ئاسۆ سواری پاسکیل دەبن و خۆی لێــی دەخــورێ و ئاســۆش لــەدواوە ســوار دەبێت.

## دیمەن/39

**شوێن/ناوبازاڕ/لای دوکانی ڤیدیۆ**

**کات/ ڕۆژ/دەرەوە**

ئاسۆوخاوەن گەراج دێنە لای دوکانی ڤیدیۆکە بەڵام دوکانەکە داخراوە.

خاوەن گەراج:

کوا ئاسۆ دوکانی کاك کەمال بۆ داخراوە

ئاسۆ:

دەیناسی:

خاوەن گەراج:

ئەی چۆن ئەمیش کۆنە شاگردی منە بەڵام بۆ داخراوە

ئاسۆ:

کەمن هاتم کراوە بوو نازانم بۆ داخراوە

( لە دوکانەکەی تەنیشی دەپرسیٚ )

برای بەڕێزم کاك کەماڵ بۆ دایخستوە بۆ کویٚ چووە

گەنجێك:

بەخوا نازانم بەلاّم ئەو ماوەیە کاك کمال

زوو زوو گوم دەبیٚ هەربزانە پەیدابوو.

ئاسۆ:

باشە گیانەکەم سوپاس.

(سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکا و لێوەکانی دەکرۆژیٚ ، لەناکاو خاوەن دوکان پەیدا دەبێت. کمال چاوی بەخاوەن گەراجەکە دەکەویٚ و پاشان سەیرێکی ئاسۆ دەکات و دە گاتە لایان)

ئەی یاخوا بەخێربێی وەستا مارف

خاوەن گەراج:

مەمنونتم مەمنون.

کمال:

(دوکانەکەی دەکاتەوە)

دەی فەرموون باخزمەتت کەم چایەکم لابخۆرەوە

خاوەن گەراج:

کمال گیان سوپاست دەکەم گەراجم.

جیٚ هێشتوە و هاتوم ببمە کەفیلی ئەو کوڕە باشە

کمال:

کاك مارف خەجاڵەتم من چوزانم دەیناسی

ئەگەرنا بەخوا پێویستی نەدەکرد بێیتە لام هەر تەلەفۆنێکت کردایە

(رو لە ئاسۆ دە کات)

دەکاکە تۆش بت گوتایە وەستا مارف دەناسم، هەی رەحمەت لە باوك

کاك مارف دەتوخوا فەرموون.

خاوەن گەراج:

ناقەیناکە ئەگەر پێویستی بەمن نەماوە، من دەڕۆم زۆر ئیشم جێ هێشتوە

کمال:

کورە کاك مارف من خەجاڵەتم

ئاسۆ:

وەستا گیان نەت گەێنم.

خاوەن گەراج:

بەخەندەوە نا پێویست ناکا خوا حافیز.

کمال:

فەرموون فەرموون باکامیراکە و دوو پاتریت،

بدەمێ و پێشت بڵیم چۆن ئیشی پێ دەکەی.

ئاسۆ:

فەرموو

(دەچنە ژورەوە)

## دیمەن/40

**شوێن/ناوبازاڕ/لای پاسکیلەکەی ئاسۆ**

**کات/ ڕۆژ/دەرەوە**

(ئاسۆ بەکامیراکەیەوە کەلەناو جانتای قوتابخانە حەشاری داوە دەیەوێ بڕوات و سواری پاسکیلەکەی بێت دەستێك دەکەوێتە سەر شانی کە بەترسەوە ئاوڕ دەداتەوە دەبینێ کابرایەکی ڕەشی ناشرین بە کوردیەکی شڕ قسە دەکات)

ئەمن:

ئەم کامیرایە بۆ کوێ دەبەی؟

ئاسۆ:

زۆر دەترسێت؟

باوکم باوکم

ئەمن:

یەعنی چی؟

ئاسۆ:

باوکم زۆر نەخۆشە دەمەوێ پێش ئەوەی بمرێ بۆ یادگاری هەندێك وێنەی بگرم.

ئەمن:

یان دەتەوێ شتی ئەم لاو ئەو لای پێ تسویر بکەی.

ئاسۆ:

نابەخوا من لەوانە نیم ئەگەر باوەڕیش ناکەی

وەرە لەگەڵما بابچینەماڵمان بزانە باوکم نەخۆشە یان نا.

ئەمن:

نا نەخێر فەرموو لەگەڵما بەبێ دەنگی بەپێشم کەوە بۆ دائیرە.

ئاسۆ:

کام دائیرە خۆ وەڵاهی هیچم نەکردوە.

ئەمن:

پێشم کەوە بۆ دائیرەی ئەمن ئەگەر نا بەشق دەت بەم.

ئاسۆ:

خواقەبوڵ ناکا ئاخر بەخوا شتی غەڵەتم نەکردوە.

ئەمن:

لەوە غەڵت تر دەبێ چی بێت مەگەر نازانی، کامیرا قەدەغەیە نابێ کەس کامیرای هەبێت تەنها چەند کەسانێك نەبێت.

(لەو کاتەدا لەگیرفانی ئاسۆ چەند دینارێك دەبینێ )

پارەشت زۆرە حەتمەن ئەو کامیراو ئەو پارەیە جێی شوبهەیە بەلاَم پارەکانیشت زۆرن و جوانن.

ئاسۆ:

بۆخۆت هەموی بۆخۆت بەس لێم گەڕێ بابڕۆم

( هەموو پارەکانی دەداتە ئەمنەکە )

ئەمن:

پارەکە وەردەگرێ و ئاسۆ بەجێ دێڵێ و دەڕوات و کەیفی خۆشە.

ئاسۆ:

بە ترسەوە پاسکیلەکەی لێ دەخوڕێت و دەڕوات و هەر ئاوڕ لە ئەمنەکە دەداتەوە.

## دیمەن/ 41

**شوێن/دەرەوەیشار/لا ڕێگایەك**

**کات/ ڕۆژ/دەرەوە**

ئاسۆ بەسواری پاسکیلەکەیەوە لەشەقامی گشتی لادەداتە لاچەپێك و کامیراکەی لەجانتاکەی پشتی دەردەهێنێ و دایدەگیرسێنێ و دەیخاتەوە ناو جانتکە بەمەرجێك لێنزی کامیراکە لەلایەکی زنجیری جانتاکە دەرهاتبێ و جانتکە دەخاتەوە پشتی و بەترس و لەرز ڕێگا دەگرێتەوە بەر.

## دیمەن/42

**شوێن/ وڵاتی سوید/کۆڵان**

**کات/ ڕۆژ ئاوابوون/دەرەوە**

**ئافرەتێکی ڕۆژنامەنووس زەلفێکی بەدەستەوەیەو لەماڵێك دەگەڕێ لەدەرگایەك دەدات کابرایەکی کورد دەرگا دەکاتەوە ناوی( کاکە زیاد )ە.**

**ڕۆژنامەنووس:**

**ئەم کاتەت باش.**

**کاکەزیاد:**

**باشتر.. فەرموون.**

**ڕۆژنامەنووس:**

**ئەم دیاریەت لە هەڵەبجەوە بۆ هاتوە؟**

**کاکەزیاد:**

**(بەسەرسوڕمانەوە )**

**زۆر سوپاس.. بەڵام هەڵەبجە بەدەستی سەدام خاپور کرا.**

**ڕۆژنامەنووس:**

**دەزانم بەڵام ئەگەر ئەم کاسێتە ببینی زۆر شتت بۆرون دەبێتەوە.ئایا دەتوانم بێمە ژورەوەو بەیەکەوە سەیری بکەین.**

**کاکە زیاد:**

**فەرموو بەخۆشحاڵیەوە.**

## دیمەن/ 43

**شوێن/ ولاٚتی سوید/ناوماڵی کاکە زیاد**

**کات/ رۆژ ئاوابوون/ناوەوە**

دەستی کاکەزیاد کاسێتەکە دەخاتە نـاو ڤیدیۆیـەکی ڤـی ئـێچ ئـێس لەتەنیشـت رۆژنامەنووسەکە دادەنیشێ و سەیری تەلەڤزیۆن دەکات، تـەنها هەنـدێك رێگاوبـان نیشان دەدرێت، کەبەخراپی وێنە گیراوە، ئینجا کاکە زیاد بە ریمۆنـت کۆنترۆڵەکـەی دەستی، بەسێرچ وێنەکە دەگەرێنێتەوە ئینجا کۆنترۆلەکە دادەنێ و تەرکیز دەکاتە لای تەلە ڤزیۆنەکە.

## دیمەن/ 44

**شوێن/ هەڵە بجە/چەند کۆلاٚنێك**

**کات/ رۆژ/دەرەوە**

ئاسۆ بەپاسکیلەکەیەوە کە لێنزی کامیراکە بە ئاستەم لەجانتاکەی دەرهاتوە و بەناو کۆلاٚنەکانی شاردا دەگەڕێ و ژیان زۆر ئاساییە.

( کۆمەلێك مندالٚ یاری دەکەن،چەند پیاوێك پیاسەدەکەن، چەند ئافرەتێك لەپێش دەرگان و بەیەکەوە قسە دەکەن )

## دیمەن/45

**شوێن/ گوندی عەنەب/ماڵی ئاسۆ**

**کات/ رۆژ /ناوەوە**

باوکی ئاسۆ پاڵ کەوتوە و ئاسۆ دێتە ژورەوە، ئاسۆ کامیراکەی لەجانتکە دەردەهێنێ و دەیخاتە سەر شانی و رو لەباوکی دەکات.

باوك:

هائاسۆ کورم هێنات ؟

ئاسۆ:

ئەوەتا بابە گیان.

باوك:

خۆکەس نەیبینی و قور بکەن بەسەرمانا.

ئاسۆ:

نابابە نا خەمت نەبێ.

دەی خۆتان ئامادەکەن دایکە شیرن لەیلا.

(دایك دێتە ژورەوە و ئاسۆش روی کامیراکە لەو دەکات)

ئۆخەش ئەم جارەش مرازمان حاسڵ بوو شوکر بۆ تۆ خوادیە.

(دەستی بەرز دەکاتەوە)

ئاسۆ:

لەیلا شیرین.

دایك:

کورم لەمەکتەبن کاتی هاتنەوەیانە.

(شیرن و لەیلا دێنە ژورەوە و ئاسۆش روی کامیراکە لەوان دەکات)

لەیلا:

ئەی قوربانتبم ئاسۆ گیان.

( سەیری کامیراکە دەکات)

کاکە گیان چۆنی من شیرنم ئەوە لەقوتابخانە گەراومەتەوە.

زۆر ماندووم مامۆستاکەمان زۆر عەسەبیە.

شیرین:

(دەچێتە پێش کامیرا و بۆکامیراکە قسە دەکات)

کاکە زیاد گیان من شیرنم.

( بەدەست سلاَوی لێ دەکات )

ئاسۆ:

دەی هەموتان جێگایەکی جوان رێك بخەن، بۆ قسەکرن تا تەسویرتان کەم.

شیرین:

بۆ لە حەوشە نەبێت جوانتر نییە ؟

باوك:

ناکچم نا نابێ نەوەك بمان بینن و توشی مشکلە دەبین.

دایك:

لای ئەم پەنجەرەوە جوانە پەردەکەش بادەربچێ

ئاسۆ:

نادایکە لەوێ باش دەرناچێ دەم و چاوتان رەش دەبێت.

لەیلا:

(لەژورەوە شوێنێك دەست نیشان دەکات )

وابزانم ئێرە زۆر باشە بەلاّم دەبێ رێکی خەین.

ئاسۆ:

ئا ئێرە زۆر باشە دەی دەست پێبکەن.

(دایك وشیرن و لەیلا شوێنەکە رێك دەخەن و تەنەکەیەکی رۆن بە بەتاڵی دەهێنن و شتێکی بەسەری دادەدەن و وەك کورسی لێ دەکەن سەعاتێکی گەورە دەهێنن و دەیکەنە باگراوند و تەنەکەیەکیش بۆکامیراکە دادەنێن وەك ستاند). بەهەمویان باوکیان هەڵدەگرن و لەبەردەم کامیرمیراکە داییدەنێن و ئاسۆش کامیراکەی دەخاتە سەرتەنەکە بەتاڵەکە و دەست دەکات بە تەسویرکردن.

ئاسۆ:

دەی باوکە گیان دەست پێبکە.

باوك:

کوری شیرینم کاکە زیاد، چاوەکانت ماچ دەکەم زۆر زۆر غەریبیت دەکەمی وەك دەم بینی ئێستاکە پیربووم و رەنگە ئەم جارە یەکتر نەبینینەوە، کەمناڵ بووی زۆر داوای پاسکیلت لێ دەکردم زۆر حەزم دەکرد بۆتی بکرم، بەلاّم توانام نەبوو بەم دواییە ئاسۆ وەك تۆ زۆر حەزی لەپاسکیل بوو هەرچۆنێك بوو پاسکیلێکم بۆ کری، دڵم زۆر خۆش

بوو كە حەزو ئارەزوكانی ئەویش نزیکە لەتۆ.کاکە زیاد کوری گەورەم. ئەگەر مردم و یەکترمان نەبینییەوە زۆر چاوت لەدایکت و ئەو منداڵانە بێت چونکە زۆر غەریبن و کەسیان نییە لەتۆ زیاتر.

( دەگرێت و هەڵدەستێ).

دایك:

(دێتە سەر تەنکەکەو دادەنیشێ)

کوڕی گەورەی دایە حەز دەکەم ئێستاکە لەباوەشت بگرم و زۆرت ماچ بکەم جلە کۆنەکانت هەرماوە و شەرواڵە شینەکەتم نەشوشتوەو بۆنی تۆی هەرلێ دێ، دەبێ کەی جارێکی تر، لەباوەشت بگرم و تێر تێر ماچت بکەم، کاکە زیاد دەزانی بەهاری مام وەسمانی دراوسێمان شوی کرد ، دوای ماوەیەك روداوی سەیارە مرد بەڵام زۆر جار باسی دەکردی و حەزی دەکرد بۆتۆبێت، قسمەت و نسیبە کوڕم هەرگوێش مەدێ. ئینشائەڵا کەهاتیەوە بەسەلامەتی ژنێکی جوانت بۆ دێنم،کوڕە جوانەکەم دوای ئەوەی کە رۆیشتی لەترسی گرتن و ئەزیەت دان گواستمانە بۆ عەنەب و هەڵەبجەمان بە جێ هێشت.

(لەم کاتەدا کاتژمێرەکەی باگ راوند وردە وردە لە سەعات 11و5 دەقیقە نزیك دەبێتەوە لەدواوەی کامیراکەش ئاسۆ خەریکی کامیراکەیە و سەیری ڤیوەری کامیراکە دەکات و لەوێ مێژوو کاتژمێری ئەو کات دیاردەکەوێ کە 1988/3/16 نیشان دەدات).

لەیلا

( دەچێتە سەر تەنەکە بەتاڵەکە بەلاّم هەست دەکات لەئاستی کامیراکە نزم ترە بۆیە بەپەلە پەل سەرینێك دەخاتە ژێر خۆی):

ئحم ئحم کاکە زیاد سەیرم کە بزانە چەند جوان بووم.

( لەم کاتەدا شیرین دێتە بەردەم کامیرا )

شیرین:

ناوەلاّ کاکە من جوانترم ئەها سەیرم کە.

لەیلا:

کچێ خۆ هێشتا سەرەی تۆ نەهاتوە دەبڕۆ دوور کەوە، کاکە گیان لەمەکتەب مامۆستا ناسکە زۆر منی خۆش دەوێ، زۆر باش فێرمان دەکات وانەی ئینگلیزیمان پێ دەڵێ ئەها فێرێ ئینگلیزی بووم (گود مۆرنینگ، گود نایت، ئایام ئەنگری بیکۆس ئایام هەنگری) منداڵەکانی مەکتەب هەموویان جانتای جوان و قەڵەم ڕەنگیان هەیە منیش زۆر بەدایکم دەڵێم بەلاّم بۆم ناکڕێ، توخوا کاکە ئەتۆ جانتا و قەڵەم ڕەنگی جوانم بۆ بکڕە شاز بێت، لەناو هەموو برادەرەکانم دیار بێت.ئا هەموو جارێ منداڵەکان باسی فیلم کارتۆنی مشك و پشیلەکە دەکەن وابزانم ناویان تۆم و جێریە دەڵێن ئەو مشکو پشیلەیە ئینگلیزن... دەیان ناسی؟ ئەگەر دەیان بینی لەباتی من ماچیان بکە، زۆر جار بۆتەلەڤزیۆن دەگریم بەلاّم کەس بۆمان ناکڕێ توخوا کاکە ئەم جارە تەلەڤزیۆنێکمان بۆ بنێرەوە تۆم و جیری تێدابێ.

شیرین

(بەپێکەنینەوە دێتەبەرامبەر کامیرا لەیلا لادەدات):

ئۆف چەندت گوت کچێ عەیبە ،دەلاچۆ ئینجا سەرەی منە ،کاکە ئاگات لێیە لـەیلا هەر لەبەر ئەوەی سالێك لەمن گەورەترە چۆن غەدرم لێ دەكات.

(لەم کاتەدا لەیلا بەماسکی پشیلە دێتە پشت شیرین و گەمەی پێدەکات لـەیلاش بەپێکەنینەوە دەکەوێتە دوای و ئاسۆش کامیراکەی هەڵدەگرێ تەسـویریان دەكـات، پاشان ئەوان هیلاك دەبن و هەموویان پێدەکەنن و لەلایەکی دیکەش سەعاتەکە وردە وردە لەسەعات11 و 20 دەقیقە نزیك دەبێتەوە. ئینجا ئاسۆ کامیراکەی بەپێکراوی دەخاتەوە سەر تەنەکە کە و خۆی دەچێتە بەرامبەر کامیرا و دادەنیشێ.

ئاسۆ:

کاکە زیاد گیان لێرە خۆم زۆر بە غەریب دەزانم چونکە تۆ ئەگەرچـی بـرا گـەورەمی بەلاّم هەموو کات وەك برادەریش وابووین، ئەگـەر دەزانـی بـە چ دەردەسـەریەك ئـەو کامیرایەم پەیدا کردوە قەت بڕواناکەی.... دەی بادڵت تەنگ نەکەم کاکە گیان ئەمە نامەکەتە بەدەستم گەیشت.

( نامەکەی رو لەکامیراکە دەکات)

سوپاس بۆ ئەو هەموو قسە خۆشانەت با منیش هەندێك قسەی خۆشت بۆ بکەم.

(لەم کاتەدا کاتژمێرەکەی باگ راونـدی دەبێتـە یـانزە و 18 دەقیقـە ئەمـە زیـاتر لەڤیوەری کامیراکە دیار دەکەوێ)

چەند شەوێك لەمەو بەر باوکم توتنی نەمابوو منی ناردە ماڵی مام کاوێس بۆئەوەی هەندێك توتنی بۆبێنم بەلاّم کەنزیکی ماڵیان بوومەوە سەگەهارە پشدەریەکەیان پێم

حەپی و کەوتە دوام نە توتنم لەبیرما و نـەباوکم چـی کـۆلاّنی هەڵەبجـە هەیـە ئـەو شەوەلیّم ببوە کونە مشك.

(هەموو پیّدەکەنن و لەم کاتەدا دەنگی فرۆکە لە دوور دەبیستریّ و هەموو سـەرنجی دەدەن ):

بەلاّم کەهاتمەوە باوکیشم توتنی لەبیر نەمابوو بۆ خۆی ریّك لیّی خەوتبوو.

(لەم کاتەدا سەعات دەبیّتە یانزە و 20 دەقیقەی تەواو دەنگی تەقینەوە دەبیستریّ و ئەوانیش هەست بە بۆنیّك دەکەن و پاشان تەقینەوەیەکی گەورە لەو مـاڵـە رودەدات و هەموولەناو تۆز و خۆڵ بزر دەبـن و دەنگـی تـەیارە و قیـژە و هـاواری خـەڵك بـەرز دەبیّتەوە)

**دیمەن/46**

**شویّن/ گوندی عەنەب/ماڵی ئاسۆ بە خاپورکراوی**

**کات/ رۆژ /ناوەوە**

ئاسۆ و دایك و باوکی و خوشکەکانی هەریەك بەجۆریّك کـەوتون و بیّـدەنگی تـەواو هەستی پیّدەکریّت سەعاتەکەی قەد دیوارە، هەرلەشویّنی خۆیەتی و دەنگی زەنگـی سەعاتەکە بەرز دەبیّتەوە وەك دەنگی کلّیّسا دیّتە بەرگویّ لـەم کاتـەدا ئـافرەتیّکی رۆژنامەنووس بە کەڵ و پەلی کارەکەیەوە دەرگا دەکاتـەوە و ماسـکی خۆپاراسـتن ی بەستاوە دیّتە ژورەوە و سەیریّکی ئەملاو ئەولا دەکات و چـەند ویّنەیـەك دەگریّـت و

دەچێتە نزیك كامیرا ڤیدیۆكە و رووی لە خۆی دەكات كە هێشتا كار دەكات و گڵۆپە سورەكەی داگیرساوە و كاسێتەكە دەردەهێنێ و هەندێك وێنەی دیكە دەگرێت و دەڕوات.

## دیمەن/ 47

**شوێن/ سوید/ماڵی كاكە زیاد**

**كات/ شەو /ناوەوە**

رۆژنامەنووسەكە وێنە فۆتۆگرافیەكان نیشانی كاكە زیاد دەدات و یەكێك لە وێنەكان وێنەی كوژراوەكان (موهیب)ی هاوڕێ خراپەكەی ئاسۆیە كاكەزیادیش زۆر بێهێز دەردەكەوێت فرمێسك لەچاوەكانی دێتە خوارەوە.

كۆتایی

سیناریۆی

# قڕان

نووسین:

**عەدنان عوسمان**

## دیمەن/ 1

**شوێن/ گوند/ناوکۆڵانەکان**

**کات/ بەیانی زوو /دەرەوە**

گوندێکی جوانی کوردستان کەژیان تیایدا ئاساییە و خەڵکی بە ئیش و کاری خۆیەوە سەرقاڵە تازە رۆژ هەڵدێت و دیمەنە جوانەکان و دەنگی باڵندەکان زیاتر کەشەکە دەرازێنێتەوە. پیرە ژنێك خواردن دەداتە کەڵەبابەکەی و بۆی پێدەکەنێ وزۆر دڵی پێی خۆشە. ژنێکی دیکە خەریکی نان دروست کردنە بە سێڵ و دار. کوڕێکی گەنج چەند مەڕێکی داوەتە پێش خۆی و بۆ لەوڕیان دەبات. کوڕێکی شێت بەسواری گوێ دێژێکەوە قەفەزێکی لەباوەشە و پڕیەتی لە بولبلی هەمەرەنگ و سەیریان دەکات و دڵ خۆشە. کەڵەبابێك دەقوقێنێ چەند مراوییەك لە ناو ئاو یاری دەکەن.

## دیمەن/ 2

**شوێن/ دەرەوەی گوند/قەد پاڵی چیا**

**کات/ رۆژ /دەرەوە**

ئۆتۆمبیلێك لەدوورەوە دەبینرێ کە تۆز و خۆڵێکی زۆری پەیدا کردوە و وردە وردە نزیك دەبێتەوە دەنگی گۆرانیەکی هەڵپەرکێ دەبیسترێ ئۆتۆمبیلەکە شێوەی پیکابێکی هەیە کەوا چەند وێنەیەکی باڵندەی لەسەرکێشراوە و نیشانەی ئێکسی لێدراوە و هەروەها سپیکەرێکی گەورەی لەسەر بەستراوە. دوو کەس بەسەرو کڵاوی

سەیر،کەهەر لە بێگانە دەکەن لەناو ئۆتۆمبێلەکەن و جگەرە دەکێشن و چەپڵە لێدەدەن.

## دیمەن/3

**شوێن/ گوند/ماڵێك**

**كات/ ڕۆژ /ناوەوە**

پیاوێك(شاسوار:) لە حەمام سەری خۆی دەشوات و گۆرانی دەڵێت،حەمامەكە سێ لای بەقوڕ دروستكراوە و لە جیاتی دەرگا پەردەیەكی پێوە شۆڕ كراوەتەوە، ژنەكەی(ئەسمەر:) لەدەرەوە بە سەتڵ ئاوی دەداتە دەست.

ئەسمەر:

دەبگرە دەی هەی مراوی قەت تێر خۆ شوشتن نابی

شاسوار:

ئەو نەوعە خەباتە بە هەموو كەس ناكرێ.

(هەردوكیان پێدەكەنن لەم كاتەدا دەنگی دیمەنی دواتر دێتە سەر ئەو وێنەیە و ئەسمەر بەرەو لای دەنگەكە هەنگاو دەنێ و لەدواوەش شاسوار تا ناو قەدی دیارە كە دەم و چاوی هەمووی كەفە و خۆی دەشوات و هەر لە گۆرانی گوتن بەر دەوامە).

## دیمەن/4

**شوێن/ گوند/گۆڕەپانی گوند**

**کات/ ڕۆژ/دەرەوە**

**لەرێگای بڵندگۆوە دەنگی یەکێك لەکەسەکانی ناو ئۆتۆمبێلەکە دەبیسترێت.**

**کورتە باڵا**

**(فوولەمایکرفۆنەکەدەکات )**

**خەڵکینە وەرن بەفریای خۆتان و منداڵەکانتان بکەون، گەورەترین و مەترسیدارترین نەخۆشی روی کردۆتە گوندەکەتان، ئێوە کەسی ئێمەن، بۆیە ئەوەی لەسەر شانمانە بۆتانی جیٚ بە جیٚ دەکەین، بیٚ گومان ئەو کارەش بەبیٚ هاوکاری ئێوە ناکرێت.... نەخۆشی ئەنفلەوەنزای بالندە روی کردۆتە ئەم گوندە جوانەتان بەفریای نەکەوین.... خۆتان و هەموو شتێك لە دەست دەدەن.**

## دیمەن/5

**شوێن/ گوند/ماڵی ئەسمەر:**

**کات/ ڕۆژ/دەرەوە**

**ئەسمەر بە حەپە ساوی گوێی گرتوە و هیچ ئاگای لە مێر دەکەی نەماوە شاسواریش دەم و چاوی هەمووی کەفە و ئاوی لیٚ بڕاوە و هاوار دەکات:**

شاسوار:

ئەسمەر کچێ ئەسمەر ئاوم بگەیەنێ کۆرە

بووم ئەسمەر ئەو دەنگە دەنگە چییە

ئەسمەر:

دەراوەستە باباش لێی حاڵی بم وەبزانم تاعونمان بەناو وەر بووە

شاسوار:

تاعون لەوەی زیاتر چییە ئەمن کۆرە بووم کۆرە

ئەسمەر:

ئاور لە شاسوار دەداتەوە

ئەیەرۆ پیاوەکە ئەوە بۆ وات لە خۆت کردووە

شاسوار:

لەحەقت دێم قەیناکە

ئەسمەر:

(ئاوی بۆ دێنی و شاسواریش دەم و چاوی دەشوات)

## دیمەن/6

**شوێن/ گوند/گۆڕەپان**

**کات/ رۆژ /دەرەوە**

کورتە باڵا بەردەوامە لەسەر بانگ کردنی خەڵکی گوند.

کورتە باڵا:

خەڵکی ئاوایی ئەی کەس و کارە عەزیزەکانمان لە پێناو سەلامەتی ئێوە ئەو هەموو رێگایەمان بڕیوە، جا هەرچی زووە، چ باڵدارتان هەیە بۆ مانی بێنن تائێمەش بیانبەینە شارو لەوێ بیانفەوتێنین. ئەی خەڵکی ئەم گوندە خۆشەویشتە زوکەن و هەرکەسە و بە خۆی باڵدارەکانی خۆیمان بۆ بێنێ چونکە هەرئەوانن هەڵگری ئەو نەخۆشیە کوشندەیە , ئەزیزانم ئەگەر باڵندەکانتان ژیان و ئێوەش هەموو مردن ئەوجا چ سودی هەیە , دەی خێراکەن ئێمە دەزانین ئەم گوندە زۆرترین باڵندەی تێدایە , وامان لێ مەکەن رێگای دیکە بەکاربهێنین.

(لەگەڵ ئەم قسانەدا خەڵکی گوند پەیتا پەیتا مریشك و کۆتر و کەڵەباب و عەلەشیش و قاز و مراوییەکانی خۆیان دەهێنن و دەنگی پەلەوەرەکانیش بەرز دەبێتەوە. هەموو دەورە لە ئۆتۆمبیلەکە دەدەن، یەکێك لەدانیشتوانی گوند پیاوێکی بەتەمەنە لێیان دەچێتە پێشەوە).

ریش سپی:

(بۆ گروپەکە )

براگیان بەخێربێن , من ریش سپی ئەو ئاواییەم ئەگەر ئەو قسانەتان راستە ئێمە مەنونتان دەبین کەبەهانای ئێمەوە دێن هەرچیەکیشمان پێ بکرێ لەخزمەتتان دەبین ,فەرموون ئەوە پێش هەموکەسێك من قاز و مراویەکانی خۆمتان دەدەمێ.

قەڵەو:

(زۆر دڵی خۆشە )

ئێمە هاتوین گیانی ئێوە لەمردن رزگار بکەین ئێمەی گروپی فریاکەوتنی نەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵندەین دێ بەدێ شار بەشار دەگەڕێین و ئەو نەخۆشیە بن بڕ دەکەین.

ریش سپی مایکرفۆنەکە وەردەگرێ و قسە بۆ خەڵکی دێیەکە دەکات.

ریش سپی:

ئەی خەڵکی بەشەرەفی ئاوایی بابەهەموومان هاوکاری ئەو برایە خۆشەویستانەمان بکەین ئەوان هاتون ئێمە لە مردن رزگار بکەن حەقی وایە هەموومان هاوکاریان بکەین.

کوڕێکی گەنج

دەستی منداڵە 7 ساڵانیەکەی گرتوە کەبەردەوام منداڵەکە دەگریێ ئەویش کەڵە بابێکی شامی توند لە باوەش گرتوە کوڕە گەنجەکەش لەباوەشی کۆمەڵێك مریشکی هەڵگرتووە:

یاخوا بەخێربێن

چەند مریشکێك دادەنێتە ناو ئۆتۆمبیلەکەیان،بەلاّم منداڵەکە کەڵەبابەکەی خۆی نادات و باوکی بە زۆری لێی وەردەگرێت ئەویش زیاتر دەگرییێت یەکێك لە مریشکەکان رادەکات چەند کەسێك دەکەونە دوای و دەیگرنەوە منداڵە 7 ساڵانیەکەش کەڵە بابەکەی خۆی دەدزێتەوە و دەیەوێ بڕوات پیاوە قەڵەوەکە دەیبینێ و لێی دەستێنێتەوە.

## دیمەن/7

**شوێن/ گوند/ماڵی پیرەژن**

**کات/رۆژ/دەرەوە**

پیرەژن

(لەپشت دیوارەوە سەیریان دەکات و دەچێتە لای کەڵەبابەکەی کەزۆر خۆشی دەوێ و چەند ساڵێکە بە خێوی دەکات لەشوێنێکی باشتر دەیشارێتەوە.):

وەرە هەی بەقوربانت بم لەجێگای هەموو کەسم بەخوا سەد تاعونیش بێت یەك بست لە خۆمت جیا ناکەمەوە،تۆ چۆن دڵت دێت توشی نەخۆشیم کەی وانییە وەی قوربانی ئەم دەنوکەت بم وەیش. بەخوا خۆمت لە گەڵ دەگۆڕمەوە.

## دیمەن/8

**شوێن/ گوند/گۆڕەپان**

**کات/ رۆژ /دەرەوە**

کورتە بالاّ

(لەسپیکەرەکە قسەدەکات و خەڵکەکەش وردە وردە باڵندەکان دەهێنن).

بۆئەوەی دڵنیابین لەوەی کەهیچ جۆرە باڵندەیەك لەم گوندەدا نەماوە دەبێ بەلایەنی کەم دوو رۆژ لێرە بمینێینەوە و لەلای دارستانەکە خیوەتی خۆمان هەڵدەدەین، پێویستمان بەهیچ شتێکی ئێوە نابێت تەنها دەمانەوێ دوو کەس بۆماوەی ئەو دوو رۆژە لەگەڵمان کاربکەن و رۆژانەی خۆشیان وەردەگرن

(دووکەس لێیان دێنە پێشەوە.)

هەردووکیان:

ئێمە کاردەکەین.

ئەسمەر و شاسوار دێنە لای قەڵەباڵغیەکە بەلاّم هیچیان پێ نییە، ئەسمەر روی لە پیاوە درێژەکە دەکات:

ئەسمەر:

ئەرێ برام ئەو نەخۆشیە شمولی ئەوانەش ناکا ئەوی کە زۆر خۆیان دەشۆن و سیفەتی مراویان هەیە

خەڵکەکە هەمووی پێدەکەنن

شاسوار:

عەیبە ئەسمەر حەیامان چوو

دەستی دەگرێ و بۆلای ماڵ دەیباتەوە.

## دیمەن/9

**شوێن/ گوند/نزیك مزگەوت**

**کات/رۆژ /دەرەوە**

چەند پیرەمێردێك دانیشتوون و یاری دامە دەکەت

پیری1

ئەرێ پێم ناڵێن بەوچەند سەعاتە وەزعی ئەم دێیەمان بۆ واشلەژا

پیری 2

سەری رەشم سپی کرد نەمزانی مریشکی قوڕ بەسەر بەوشێوەیە ترسناك بێ

پیری 3

کورە ئەمانە هەمووی بەلایەك پیرێژنە فاتێش بەلایەك، بەوخودایە ئەوجەماعەتە

بچنە پێشدەرگای هەرچی خراپە پێیان دەکات.

پیری1

پیرەژنە فاتێ کەیفی ئەو دونیایەی بەکەڵەبابەکەی دێت تاکە یادگاریە لەمێردەکەی

بۆی بەجێمابێت.

پیری 3

بەخوای برام کەس نەیناسێ من دەیناسم بەگۆپاڵەکەی هەموویان دەکوژێ.

## دیمەن/10

### شوێن/ گوند/ماڵی پیرەژنە فاتێ

### کات/ ڕۆژ /دەرەوە

پیرژنە فاتێ گۆپاڵەکەی لەزەوی دەدات و تۆزی لێ بڵند دەکات، چاو بەم لاو ئەولادا دەگێرێ و لەسەر لادیواری حەوشەکەی سەیری دەرەوە دەکات.

## دیمەن/11

### شوێن/ گوند/ناوکۆڵانەکان

### کات/ ڕۆژ /دەرەوە

قیژەی باڵندە و دەنگە دەنگی خەڵك تێکەڵ بەیەکتر بووە، هەر بابایە مریشك دەبەن و منداڵان بۆیان دەگرین و دوو کرێکارەکەش بەپێش گروپەکە کەوتون و ماڵەکانیان نیشان دەدەن، لەدەرگای ماڵێك دەدەن ژنێك دەرگا دەکاتەوە.

ژنێك:

کورە برام چیە ئەم بەزمەتان ناوەتەوە ئەی هاوار ئێمە چەند ساڵە باڵندە و مەڕ و ماڵاتمان هەیە قەتیش توشی ئەوجۆرە نەخۆشیە نەبووین هەرنازانین ئەنفلەوەنزا ماناشی چییە بڕۆن کاکە یاخەمان بەردەن ئێمە مریشکی خۆمان نادەین.

(قەڵەو ئیشارەتێك دەداتە کرێکارەکان ئەوانیش لەسەر دیواری خۆیان هەڵ دەدەنە حەوشەکەو بەناو کۆڵیت دەکەون و مریشکەکان دەبەن و منداڵەکانیان دەگرین)

ژنه که :

ئەی هاوار خواهەڵناگرێ ئەو غەدرەمان لێ دەکەن

قەڵەو :

خوشکەکەم هەموتان دەمرن.... مریشکەکانتان

نەخۆشی ترسناکیان هەیە.ئەها سەیرکە

(مریشکێك دەگرێت و دەمی دەکاتەوە و فەحسی دەکات )

ئەها بزانە تەماشای ئەولیکەی بکە ،

بروابکەن مریشکەکانتان نەخۆشن

ئێوە مریشکتان بۆ چییە ئەگەر خۆتان لەناو چوون.

(مریشکەکان دەبەن و دەڕۆن)

منداڵێکی تەمەن دەساڵ کە زیرەك دیارە و ناویشی زیرەکە سەیریان دەکات.

## دیمەن/ 12

**شوێن/ گوند/ناوکۆڵانەکان**

**کات/ ڕۆژ /دەرەوە**

کورتە باڵا لەگەڵ کرێکارێك مریشك ڕاو دەکەن و لەبن دیوار و ناو جۆگـا دەکەونـە دوای مریشك و قاز و مراوی و دەیانگرن کورتە باڵا لەشوێنێك دەکەوێتە ناو ئاو و چڵ پاو، چەند منداڵێك پێی پێدەکەنن ئـەویش هەڵدەسـتێتەوە و مراویـەك دەگرێـت و

دەبیات، چەند پیرەمێردێك پێی پێدەکەنن ئزیرەك لەدورەوە سەیری دیمەنەکە دەکات و دادەمێنیٚ.

## دیمەن/ 13

**شوێن/ گوند/ماڵی پیرەژنە فاتیٚ**

**کات/ رۆژ /دەرەوە**

پیرەژن

بەخۆی و گۆپاڵەکەی دەستی لەناو حەوشە هاتۆ چۆ دەکات و جار بەجار سەیری ژورەوە دەکات کە کەڵەبابەکەی لیٚ شاردۆتەوە

(لەگەڵ کەڵەبابەکە )

وسس بۆخۆت بنوو دەنگت نیٚ ئەگەر پیاون دێنە

ئەم نزیکانە وای چیان بەسەر دەینم..

(لەم کاتەدا بەتوندی لەدەرگا دەدریٚ پیرەژن بەترسەوە دەرگا دەکاتەوە کابرای قەڵەو و هەردوو کرێکارەکە بەژوریٚ دەکەون).

کرێکاری 1

دکتۆر ئەوە ماڵی پیرەژنە فاتێیە کەڵەبابەکەی بەقەد مەرێك دەبێت

پیرەژن:

کورە هەی مل تورلی گەوادی باشتر نییە لەو ئیشەی کە دەیکەی

قەڵەو:

دەی پیرەژن زووکە ئەو کەڵەبابەمان بۆ بێنە هێشتا شوێنی دیکەمان زۆر ماوە

پیرە ژن:

بەسەرچاوان فەرموون ئەوە لەناو ئەو کۆڵێتەیە

قەڵەو:

(بۆ کرێکار)

کورە هەی بیَ مێشك پێم نەگوتی مار بەقسەی خۆش لەکونەکەی دێتە دەریَ.

(هەردووکیان دەچنە ناوکۆڵێتەکە کە لەژورێکی بچوك دەچیَ، پیرەژنەکەش لەلای دەرگای کۆڵێتەکە دەوەستێت و گۆپاڵەکەی ئامادەدەکات).

قەڵەو:

کوا کەڵەباب ئەی هەش بەسەرمان بەخوای موئامەرەمان لیَ کرا کورە دوو پێت هەیە چواریش قەرز کەو هەڵیَ راکە.

(پیرەژن بەهەردوو دەستی توند گۆپاڵەکەی ئامادەکردووە، هەردێنە دەروە گۆپاڵەکە لەقاچیان گیردەکات و دەکەوێتە سەریان و بەهەموو شێوەیەك لێیان دەدات ئەوانیش بە هەڵە داوان رادەکەن و لەدەرەوە زیرەك دەیان بینیَ و سەیریان دەکات ئەوانیش بەناو گوندەکەدا رادەکەن).

## دیمەن/14

**شوێن/ گوند/نزیك گۆماوێك**

**كات/ رۆژ /دەرەوە**

كورتە بالاً لەناو گۆماوێك وەستاوە وتەنها شۆرتێكی لە بەرە بە ئاوەكە خۆی دەشوات هەرپرتە و بۆڵەیەتی و لەبەر خۆیەوە جوێن دەدات ولە نزیك ئەوێ كرێكاری 2 خەریكی هەڵدانی چادرەكەیە و جاربە جار ئاوڕی لێ دەداتەوە و پێدەكەنێ لەدورەوەش قەڵەو و كرێكاری 1 بەڕاكرن و بەدەم و چاوی خوێناوی دێنەوە لای چادرەكە وقەڵەو لەرێگا مراویەك دەبینێ و هەڵیدەگرێتەوە و زۆر ماندوو هیلاك دیارن و سەیری كورتە بالاً دەكەن و هەردوو لا بەیەكتر پێدەكەنن.

## دیمەن/15

**شوێن/ گوند/گۆڕەپان**

**كات/ شەو /دەرەوە**

كۆمەڵێك خەڵكی گوند بەپیرە لاو و گەنج و ئافرەتەوە دانیشتون و سەیری نیشاندانی فیلمێك دەكەن كە دەربارەی نەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵندەیە و بەپرۆ جێكشن لەسەر پەڕۆیەكی سپی لەقەد دیوارێك پەخش دەكرێت پیرەژنە فاتێش لەسەر دیواری خۆیانەوە سەیریان دەكات و كورتە بالاً و قەڵەو و هەردوو كرێكارەكەش وەستاون و

سەیری خەڵکەکە دەکەن دوای تەواو بوونی فیلمە دیکۆمێنتیەکە قەڵەو دەست دەکاتە مایکرفۆنەکەو قسە بۆ خەڵکەکە دەکات.

قەڵەو:

ئەی خەڵکی ئەم ئاواییە خۆشەویستە ئەمڕۆکە هەندێك کەس یارمەتی داین هەندێکیش دژمان وەستانەوە، بۆیە نەمان توانی هەموو کارەکانمان بە باشی جێ بەجێ بکەین هیواداریین دوای بینینی ئەم فیلمە زۆر شتتان بۆ رون بێتەوە، هەروەها بەیانیش بەردەوام دەبین لەسەر راوکردنی ئەو باڵندە ترسناکانەی کە ژیانی ئێوەی بەرێزی خستۆتە مەترسی بەتایبەتی مریشك و کەڵە بابە قەڵەوەکان زۆر جێگای مەترسین چاوەروانی هاوکاری ئێوەین.

پیرەژن

لە سەردیواری ماڵەکەی خۆیانەوە لێیان دەڕوانێ بزەیەکی دێتێ و دەچێتە خوارەوە .

زیرەکیش کەلەوێ دانیشتووە بە قوڵی سەیریان دەکات و خەڵکەکە بڵاوەی لێ دەکەن.

## دیمەن/16

**شوێن/ گوند/نزیك ماڵی پیرەژن**

**کات/ شەو /دەرەوە**

قەڵەو دەم و چاوی خۆی پێچاوە و لەبن دیواری ماڵی پیرەژن خۆی مەڵاس داوە سەیری ئەم لاو ئەولا دەکات.

## دیمەن/17

**شوێن/ گوند/ماڵی پیرەژن**

**کات/ شەو /ناوەوە**

پیرەژن خەوتوە و گۆپاڵەکەی لەتەنیشت خۆی داناوە و چراکەی کز کردوە.

## دیمەن/18

**شوێن/ گوند/نزیك ماڵی پیرەژن**

**کات/ شەو /دەرەوە**

قەڵەو لەناکاو گوێی لەدەنگی کەڵبابەکە دەبێت و لەسەر دیواری ماڵی پیرەژن خۆی دەهاوێتە ناو حەوشەکە.

## دیمەن/19

**شوێن/ گوند/ ماڵی پیرەژن**

**کات/ شەو /ناوەوە**

پیرەژن لەگەڵ تەپەی پێی قەڵەو بەئاگادێت وپەردەی پەنجەرەکەی لادەدات و سەیری دەرەوە دەکات و دەبینێ کابرایەك لەحەوشەیە و ئەویش بەبێ ترس دەچێتە دەرەوە.

## دیمەن/20

**شوێن/ گوند/حەوشەی ماڵی پیرەژن**

**کات/ شەو /دەرەوە**

قەڵەو خەریکی لادانی دەرگای کۆڵێتەکەیە و کەڵەبابەکە دەردەهێنیٚ و دەیەویٚ بڕوات. بەلاٚم لەدواوە پیرەژنەکە گۆپاڵێکی لیٚ دەدات و هاوار دەکات.

پیرەژن:

کورە فریام کەون دز هاتۆتە سەرم ئەی هاوار بمگەنیٚ دزە،

خەڵکی ئاوایی بم گەنیٚ دزە ئەی هاوار دزە.

(لەگەڵ ئەم قسانەدا بەردەوام لەقەڵەو دەدات ئەویش ناتوانیٚ بجولیٚ بەلاٚم کەڵەبابەکەی هەر لەباوەشە.

## دیمەن/21

**شوێن/ گوند/ناو کۆلاٚنەکان**

**کات/ شەو /دەرەوە**

لەهەر کۆلاٚنێك چەند زەلامێك بەفانۆسەوە دەردەچن و بەرەو مـــاڵی پـــیرەژن رادەکـەن غەڵبە غەڵبێکی زۆر دروست دەبێت.

## دیمەن/22

**شوێن/ گوند/ژوری نوستنی ماڵی ئەسمەر:**

**کات/ شەو /ناوەوە**

شاسوار و ئەسمەر، بەیەکەوە خەوتوون و لەبن جێگـا دەجـولێن لـەناکاو شاسـوار بـە بیجامەیەکی سپییەوە لە بن جێگا دێتە دەرەوە بەپەلە شەرواڵێك و کورتەکێك لەبـەر دەکات و فانوسەکەی هەڵدەگرێت دەیوێت بڕوات

ئەسمەر لەو کاتەدا بە ئاگادێت.

ئەسمەر:

ها مام رێوی نەم گوت هیچت پیٚ نەماوە

بزانە خۆت بەچ مەشغول دەکەی وەرە ئێمە حەقی خەڵکمان چییە.

شاسوار:

باشە شەرت بی ئەو شۆکە لیٚ نەگەرێم بە ئیسراحەت بخەوی

ئەسمەر:

ئەو قسە بەیەکێك بڵیٚ نەتناسیٚ.

شاسوار:

جاریٚ بزانم چ قەوماوە دوایی حەق و حیسابت لەگەڵ دەکەم.

(دەیەویٚ بڕوات لەلای دەرگای ژورەوە دەگەرێتەوە)

هەرلەبەر خاتری قەسەکەت پەشیمان بوومەوە ناچم

ئەسمەر:

برۆ کورە عەیبە بزانە چ قەوماوە

شاسوار:

(دیسان لەلا دەرگای ژورەوە دەگەڕێتەوە)

نە خەوی ها شەرت بی تۆڵەی ئەو قسەیەت لێ بکەمەوە

ئەسمەر:

وەیش حەیرانی بم

## دیمەن/23

**شوێن/ دەرەوەی گوند/لای چادری گروپەکە**

**کات/ شەو /دەرەوە**

کورتە بالاّ و کرێکاری 1 لەگەڵ بیستنی ئەو دەنگە دەنگە بەڕاکردن بەرەولای روداوەکە دەڕۆن.

## دیمەن/24

**شوێن/ گوند/حەوشەی ماڵی پیرەژن**

**کات/ شەو /دەرەوە**

کۆمەڵە زەلامێك کۆبونەتەوە و هەرکەسە و چراکەی خۆی لەلایەك داناوە و لە قەڵەو دەدەن لەناکاو کورتە بالاّکە لەسەر شانی کرێکاری1 لە سەردیوارەکە خۆی ئاودیو دەکات و هاوار دەکات :

کورته باڵا

کوره ئەی هاوار کوشتتان ئەوه جەماعەتی خۆمانه

ئێمه هاتوین خزمەتتان بکەین، کوره ئەی هاوار

دەستتان هەڵگرن ئەوه برادەری خۆمانه لێی گەڕێن.

(قەڵەو لەژێر دەست و لێدانی پیاوەکان دەردێنێ کە هەموو دەم و چاوی خوێنه ،بەپێش خۆی دەدات بەرەو لای چادرکە دەڕۆن بەڵام قەڵەو کەڵەبابەکەی هەر بەدەستەوەیە و دەیبات ،بەلای زیرەکدا تێدەپەڕن و ئەویش فانۆسێکی لەدەستەو سەیریان دەکات.

پیرەژن:

کوره ئەی هاوار کەڵەبابەکەم بدەنەوه

لەو دونیایە تەنها فەرامۆشیم بەو دێت لەجێگای هەموو کەسێکمە.

کورته باڵا

پیرەژن ئەگەر یەك تاکە باڵندەش لەو ئاواییە بمینێ دەبێتە هۆی مردنی هەموتان خوا قەبوڵ ناکا ببیتە هۆی مردنی ئەو هەموو خەڵکە باشە.

پیرەژن دەگرییێت و خەڵکەکەش بلاۆەی لێ دەکەن و قسەکانی کورتە باڵا بەراست دەزانن.

یەکێك:

وەڵا بابە دکتۆر راست دەکات ئێمە بۆ بمرین!

یەکێکی تر:

کاکە بمان بورن ئەگەر دەمانزانی مەسەلەکە ئەوهایە بەخوای نەدەهاتین...بڕۆن کاکە بڕۆنەوە ماڵی خۆتان.... پیرەژنی ئاخر شەڕ.

## دیمەن/25

**شوێن/ دەرەوەی گوند/لای چادرەکە**

**کات/ شەو /دەرەوە**

هەردوو کرێکارەکە لەدەرەوەی چادر وەك پاسەوان وەستاون کورتە بالاٚ لەچادرەکە دێتە دەرەوە چەقۆیەکی لەپشت خۆی شاردۆتەوە دەچێتە نزیك پاسەوانەکان.

کورتە بالاٚ:

کاکە گیان ئێوە بڕۆنەوە ئەمەش ڕۆژانەی ئەمڕۆکەتان،

بەیانی زوو وەرنەوە کارەکەمان هێشتا تەواو نەبووە

هەردوو کرێکار:

(پارەکەوەردەگرن )

باشە بەزیاد بێت خواحافیز.

کورتە بالاٚ دەگەڕێتەوە لای ئاوەکە و کەڵەبابی پیرەژن دەخاتە بن قاچی خەریکی سەربڕینی دەبێت ،کرێکارەکان گوێیان لەدەنگی کەڵەبابەکە دەبێت، بەهێواشی دەگەڕێنەوە و لە سوچێك سەیری کورتە بالاٚ دەکەن کە خەریکی سەربڕینی کەڵەبابەکەیە.

کرێکاری1

(روو لەکرێکاری دەکات2)

کوره ئەوە خەریکی سەربڕینیەتی دەترسم ئێمەیان هەڵ خەڵەتاندبێ.

کرێکاری2

راست دەکەی بەڵام کەیفی خۆیانە

ئێمە لەسەر پارەی خۆمانین تەداخولی سیاسەت ناکەین.... بابڕۆین.

کرێکاری 1

کوره برام سیاسەتی چی و حاڵی چی..

بەخوای هەر لەماڵەکەی من 6 مریشکی نازداریان کرده قوربانی ئەوبەزمە.

کرێکاری 2

ئۆهۆ هههههههه... چەند جارم پێگوتی خۆت لەگێلی بدە...

ئەمرۆ نانی چەور لەخۆ گێ لکردن دایە. بابڕۆین دەی..

## دیمەن/26

**شوێن/ ناوگوند/نزیك چادرەکە**

**کات/ شەو /دەرەوە**

زیرەك فانۆسێکی چراکزی بەدەستەوەیە و لەچادرەکە نزیـك دەبێتـەوە.... لـەکونێکی چادرەکە سەیری ناوەوە دەکات کەدەبینێ ئەوان خەریکی گۆشت برژانـدن و خـواردنن لەلایەکی دیکەش سەرك و توکی کەڵەبابی پیرەژن کەوتوە.بەهێواشـی دەگەڕێتـەوە، ئەوانیش لەقاقای پێکەنین دەدەن و بەردەوامن لە کەڵەباب خواردن.

## دیمەن/27

**شوێن/ ناوگوند/نزیك ماڵی پیرەژن**

**کات/ شەو /دەرەوە**

**پیرەژن لەلایەك وەستاوە و چاوەڕوانی زیرەك دەكات، زیرەكیش بەڕاكردن دێتەلای :**

**زیرەك:**

**داپیرە كەڵەبابەكەتیان سەربڕی واگۆشتەكەی دەخۆن**

**پیرەژن:**

**كورە چۆن شتی وادەبێ بڕواناكەم، ئەوان دەیانگوت**

**كەڵەبابەكەم نەخۆشی گرتووە، وەیش چاورەشەكەم وەیش.**

**زیرەك:**

**وەرە بابچین و بەچاوی خۆت ببینە.**

**(هەردوكیان بەرەو لای چادرەكە دەڕۆن).**

## دیمەن/28

**شوێن/ نزیك گوند/لای چادرەكە**

**کات/ شەو /ناوەوە**

**قەڵەو و كورتە باڵا لاسایی پیرەژن دەكەنەوە و گۆشت دەبرژێنن و دەخۆن و كەیفیان خۆشە و پێدەكەنن، لەپشت ئەوانەوە چاوی پیرەژن دێتە ناوكونی چادرەكە و سەیریان دەكات، دەنگەدەنگی باڵندەكانی ناو ئۆتۆمبیلەكە لەگەڵ ئەم دیمەنە تێكەڵ بەیەكتری دەبن.**

## دیمەن/29

### شوێن/ نزیك گوند/لای چادرەكە

### كات/ شەو /دەرەوە

پیرەژن چاوی خۆی لەسەر كونەكە لادەدا و گریانی پێوە دیارە سەیرێكی دەم ئاوەكە دەكات توك و قاچ و سەركی كەڵەبابەكەی دەناسێتەوە.

پیرەژن:

(روو لە زیرەك دەكات)

زیرەك گیان برۆ بەزوترین كات خەڵكی گوندی

ئاگادار بكە باهەموویان بێنە ئێرە.

زیرەك:

باشە هەرئێستا.

(پیرەژن بەهێواشی دەرگای پشتەوەی ئۆتۆمبێلەكە دەكاتەوە و هەموو باڵندەكان دێنە دەرەوەو بەرەو گوند رادەكەن).

## دیمەن/30

### شوێن/ ناو گوند/ناو كۆڵانەكان

### كات/ شەو /دەرەوە

مریشكەكان بەرەو گوند دێنەوە و خەڵكەكەش بەدەستی بەفانۆس و دارەوە بەراكرن بەرەو لای چادرەكە دەچن، زیرەكیش ئەو ماڵ و ئەم ماڵ لە دەرگا دەدات و ئاگاداریان

**دەکاتەوە،لە دەرگای شاسوار دەدات و ئەویش دێتە دەرەوە جلی نووستنی کوردەواری لەبەرە و کە زیرەك دەبینێ دەری دەکات و هەندێت سەیری خەڵکەکە دەکات و دەچێتەوە ژورەوە.**

## دیمەن/31

**شوێن/ نزیك گوند/لای چادرەکە**

**کات/ شەو /دەرەوە**

**قەڵەو و کورتە بالاّ لەچادرەکە دێنە دەرەوە، دەبینن باڵندەکان بەپێشیان دا رەت دەبن و دەسورێنەوە لای ئۆتۆمبیلەکە دەبینن دەرگا کراوەتەوە...**

**لەسوچێکدا پیرەژن خۆی حەشارداوە و گۆپاڵەکەی بەدەستەوەیە و خۆی بۆیان ئامادەکردوە، ئەوانیش بەپێشیدا رەت دەبن، پیرەژنیش دەکەوێتە سەریان و بەگۆپاڵەکەی دایان دەکوتێ و زۆریان لێ دەدات،ئەوانیش هەر هات و هاوار تۆبە تۆبەیانە پیرەژن سواری جێگای باڵندەکانیان دەکات و دەرگایان لەسەر دادەخات. لەم کاتەدا خەڵکەکە دەگەنە ئەوێ و سەیری پاشماوەی کەڵەبابی پیرەژن و گۆشتە برژاوەکە دەکەن و دەچنە لای ئۆتۆمبیلەکە دەبینن پیرەژن پشتی بەدەرگای دواوەی ئۆتۆمبیلەکە داوە و سەیریان دەکات و پێدەکەنێ.**

پیرەژن:

ئەوانە نەخۆشن نەك باڵندەكانی ئێمە

پێویستە دكتۆر چارەسەریان بكات نەوەكا ئەو نەخۆشیە بلاۆ بێتەوە.

(خەڵكەكەش دەوری ئۆتۆمبیلەكەیان داوەو بەدارەكانی دەستیان لە قەراخ و چواردەوری قەفەسەكە دەدەن و ریتمێكی ترسناك دروست دەكەن و كورتە بالاٌ و قەڵەویش خۆیان لەباوەشی یەكتر دەشارنەوە).

## دیمەن/32

**شوێن/ نزیك گوند/لای چادرەكە**

**كات/رۆژ /دەرەوە**

هەموو خەڵكی گوندەكە دەوری ئۆتۆمبیلەكەیان داوە سەیری چادر و بەندییەكان دەكەن و پێدەكەنن.ریش سپییەكی پیر دێتە پێشەوە و لەبڵندایییەك دەوەستێ و قسەیان بۆدەكات.

ریش سپی:

دەی كوڕینە بزانم كێ دەزانێ ئۆتۆمبیل لێ بخوڕێ

بائەو نەخۆشانە لە دێیەكەمان دوور بخەنەوە و

تەسلیمی پۆلیسیان بكەن هەتا بۆگەنیان نەكردوین.

لاوێك:

من دەزانم لیێبخوڕم دەی بادووریان بخەینەوە.

(سواری ئۆتۆمبیلەکە دەبێت و زەلامێکی دیکەش لەگەڵی سەردەکەون و زیرەکیش کە لەلایەك سەیریان دەکات زۆر دڵی خۆشە بەراکرن ئەویش سەردەکەوێت، یەکسەر دەست دەکاتە مایکرفۆنەکە و بەفوو تیێ کردن تاقی دەکاتەوە و ئینجا مسەجەلەکە دادەگیرسێنیێ و مایکرفۆنەکە دەخاتە پێش سپیکەری مسەجەلەکە، گۆرانییەکی هەڵپەڕکێیە و هەمان گۆرانی دیمەنی یەکەمی هاتنی ئۆتۆمبیلەکەیە.خەڵکەکەش دەست دەکەن بەچەپڵە لیێدان و هەڵپەرکیێ و تائۆتۆمبیلەکە تەواو دوور دەکەوێتەوە، بەڵام پیرەژنە فاتی لە لایەك بە غەمباری دانیشتووە).

کۆتایی

سیناریۆی

# ئەنتــینا

نووسین و دەرهێنان:

**عەدنان عوسمان**

تێبینی: ئەم سیناریۆیە لە ساڵی 2010 وێنـەگیراوە و لــە لایـەن وەزارەتــی رۆشــنبیری و لاوان – بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما بەرهەم هاتووە.

## دیمەن/1

**شوێن/ناو گوند**

**کات/رۆژ/دەرەوە**

**گوندێکی یەك پارچە سپی دەبینرێت کە بەفر هەموو شوێنێك و هەموو رەنگێکی داگیر کردووە،جگە لە جلە رەشەکانی پیرە ژنێك رەنگی دیکە نابینرێت،لەدورەوە پیرەژنێك کۆلکە دارێکی لە سەر شانی داناوە و بەرەو ماڵەکەی رێدەکات.**

## دیمەن/2

**شوێن/ماڵی پیرەژن**

**کات/شەو/ناوەوە**

**پیرەژنێك کە دەم و چاوی چرچ و لۆچە لە ژورەکەی خۆیدا لەبەردەم چرایەکی کزی فانۆس دانیشتوە و لە چاوەڕوانیدایە خۆی کورژ کردۆتەوە و لەتەنیشت زۆپا دارەکەی بە بەتانیەك خۆی گەرم داپۆشیوە دوکەڵ و ئاگری نێو زۆپاکە دەم و چاوی رەش کردوە و تەنها کونی چاوی دەبریسکێتەوە جار ناجارێك روناکی ئاگرەکە دەم و چاو و دەستی پیرەژەن روناك دەکاتەوە لەهەمان کاتدا دەنگی قرچە قرچی سوتانی داری نێو زۆپاکە بە روونی دەبیسترێ لەو دەنگە زیاتر هیچ دەنگێکی دیکە بەر گوێ ناکەوێ،پیرەژن یاری بە دارەکان دەکات و ئاگرەکە خۆشتر دەکات کاتێ کە دەرگای زۆپاکە دەکاتەوە دەور و بەری کەمێك روناکتر دەبێتەوە، پیرەژن گوێ بیستی دەنگی باو بۆران دەبێت**

بەتانیەکەی زیاتر لە خۆی لول دەکات و دەچێتە لای پەنجەرەکەی و دەڕوانێتە دەرەوە لەو دیو پەنجەرەکە دیمەنی بەفر بارین دەبینێ،ئینجا دەگەڕێتەوە لای زۆپاکەی و جگەرەیەك بە ئاگری زۆپاکە دادەگیرسێنێ و دوو مژی گەورەی لێ دەدات و سەیری سەعاتی دیوارەکەی دەکات،چەند مژێکی دیکە لەجگەرەکەی دەدات و سەیری جگەرەکەی دەستی دەکات دەبینێ وردە وردە کەمتر دەبێتەوە.

پەنجەرەی ژورەکەی کەمێك دەبێتەوە و هەوای لێ دێتە ژورەوە بەلاّم ئەو بێ ئاگایە ئەویش دەرگای زۆپاکەی دەکاتەوە و ئاگرەکەی خۆشتر دەکات لە وێوە سەرنجی بۆلای وێنەیەك رادەکێشێ کەلەقەد دیوارکە هەوای پەنجەرەکە لە جێگای خۆی شلی کردۆتەوە بە روناکی دەرگای زۆپاکەش دەردەکەوێت کە وێنەی کوڕێکی گەنجە بە جل و بەرگی کوردییە و چەکێکی لە شانە،لە چوار دەوریدا جەمادانییەك دەوری داوە لەو کاتەدا پیرەژن ئاخێك هەڵدەکێشێ و فرمێسك لە چاوەکانی دێنە خوارەوە و دوکەڵی زۆپاکە زیاتر بۆلای چاوی دەچێت، لەم کاتەدا ژورەکە روناك دەبێتەوە(کارەبا دادەگیرسێ) و ئەویش بەپەلەپەل دەرگای زۆپاکە دادەخات،لەو کاتەدا دەنگ و روناکی هەورە تریشقە دێت ئەویش بەپەلە دەچێتە لای تەلەڤزیۆنە رەش و سپیەکەی کەلەسەر تەنەکەیەکی رۆن دانراوە دای دەگیرسێنێ کەناڵەکان دەگۆڕێ و لەسەر کەناڵێك رای دەگرێ کە فیلم کارتۆنی تۆم وجیری پەخش دەکات، زەردەخەنەیەك دەکات و دەچێتە بەرامبەری دادەنیشێ و بەئاگری زۆپاکەی جگەریەکی دیکە دادەگیرسێنێ. لەو کاتەدا تەلەڤزیۆنەکە مغەوەش دەبیت و بەرنامەکە دەپچڕێ پیرەژن بە پەلە دەچێتە لای تەلەڤزیۆنەکە، چەند شەقێکی لێ دەدات و کەناڵەکان دەگۆڕێ بەلاّم بێ سودە لەو

کاتەدا دەنگی باو هەورە تریشقە زیاد دەکات،بەپەلە بەتانیەکەی لە خۆی لول دەکات و دەست دەکاتە فانۆسە داگیر ساوەکەی و دەچێتە دەرەوە.

## دیمەن/3

**شوێن/سەربان**

**کات/شەو/دەرەوە**

پیرەژن بەسەر قالدرمە دارەکەی سەربان سەردەکەوێ و توند خۆی پێوە دەگرێت لەم کاتەدا بایەکی بە هێز هێرشی بۆ دێنێ و بەتانیەکەی سەر شانی دەفرێنێ بەفریش بەردەوامە لەبارین، سەیری ئەنتێنەکەی دەکات و سەیری ئەنتێنی دراوسێکان دەکات دلنیا دەبێت کە سوڕاوە بۆیە ئەنتێنەکەی وەك دراوسێکانی لێ دەکات و کێبلەکەی بە ئاسمانەوە یاری دەکات بۆیە دەست دەخاتە گیر فانی و دەستە سرێکی رەنگاورەنگ دەردەهێنێ و کێبلەکەی پێ دەبەستێ و هەموو لەشی لە سەرمان دەلەرزێ و فانۆسەکەی دەستیشی تەواو بەبەفر تەڕ بووە،بەقالدرمە دارەکەوە دێتەوە خوارەوە پایەیەکی قالدرمەکە شاکاوە کاتێ پێی دەخاتە سەری، پەیژەکە جیڕەی لێوە دێ و ئەویش خۆی توند خۆی دەگرێ و سەیرێکی تری ئەنتێنەکەی دەکات و دلی خۆش دەبێت، کە توندی بەستاوە، دەم و چاوی هەمووی بەفر داپیۆشیوە و هەلم لە دەمی دێتە دەرەوە روناکی عەمودی کارەبای ئەو شوێنە زیاتر ئەو هەلمە دەردەخات. بە دلخۆشی دەچێتە خوارەوە.

## دیمەن/4

**شوێن/ماڵی پیرەژن**

**کات/شەو/ناوەوە**

پیرەژن دێتە ژوورەوە فانۆسەکەی دەستی لای دەرگاکە جێ دەهێڵێ و دەرگا دارەکەی دادەخاتەوە و دەچێتە لای تەلەڤزیۆنەکە و کەناڵەکە بادەدات دەیخاتەوە سەر هەمان کەناڵ کە لەو زیاتر هیچ کەناڵێك وەرناگرێ بە بینینی تۆم و جیری دڵی خۆش دەبێت و دەچێتەوە لای زۆپاکە دادەنیشێ و خۆی گەرم دەکاتەوە،سێ دانە (بەڕو)دەخاتە ناو ئاگری زۆپاکە و لەو کاتەدا پەنجەرەکە کەمێکی تر دەبێتەوە هەمان وێنەی یەکەم دەست بە جیڕە جیڕ دەکاتەوە.

جارێکی تر تەلەڤزیۆنەکە تێك دەچێت و مغەوەش دەبێت پیرەژن ئاهێکی قوڵ هەڵدەکێشێ و دەست دەکاتە جەمەدانی سەر وێنەکە و لە سەر و ملی خۆی دەئاڵێنێ و فانۆسەکەی هەڵدەگرێ و دەچێتە دەرەوە.

## دیمەن/5

**شوێن/سەربان**

**کات/شەو/دەرەوە**

پیرەژن ئەمجارەیان بە وزەی زیاتر بەسەر قالدرمەکان سەردەکەوێ و جیڕەی پایە شکاوەکە زیاتر دەیترسێنێ و سەیری ئەنتێنەکەی دەکات کێبڵەکەی پساوە بۆیە بەپەلە کێبڵەکەی چاك دەکاتەوە و فانۆسەکەی لە نزیك خۆی دادەنێت و فانۆسەکەش بەفرێکی زۆری بەردەکەوێ و دەکوژێتە و ئەنتێنەکە چاك دەکاتەوە و فانۆسە کوژاوەکەی هەڵدەگری و بەپەلە دەچێتە خوارەوە دیسان جیڕەی پایە شکاوەکە زیاتر دەیترسێنێ و لەو کاتەدا رەشەبا زیاتر هەڵ دەکات و دەم چاوە بەفراویەکەی بەر رەشە با دەکەوێ و کەمێك لە بەفرەکە لەسەری لادەچێ سەیرێکی دیکەی ئەنتێنەکەی دەکاتەوە و دەچێتە خوارەوە.

## دیمەن/6

### شوێن/ماڵی پیرەژن

### کات/شەو/ناوەوە

پیرەژن بە شەکەت و ماندوو بوون دێتە ژورەوە و فانۆسەکەی دەستی دادەنێ و دێتەوەلای تەلەفزیۆنەکە و شەپێکی لێ دەدات و هەمان فیلم کارتۆنی تۆم و جیری پەخش دەکاتەوە.

لەم کاتەدا بایەکی توند هەڵ دەکات و پەنجەرەی ژورەکە دەکاتەوە و پەردەکان بەرز دەبنەوە و تەلەڤزیۆنەکە وێنەی نامێنێ و مغەوەش دەبێت، پیرەژنەکە بەهەڵەداوان دەچێتە لای تەلەڤزیۆنەکە و دوو سێ شەپی لێ دەدات بەڵام هەر مغەوەشە و بێ سودە، لەلایەکی تریش رەشەبای پەنجەرەکە سەرو قژی تێك دەئاڵێنێ و ناچار دەبێت کە

پەنجەرەکە بگرێت،دەچێتە لای فانۆسەکەی و دەیسرێتەوە و دای دەگیرسێنێ و پێستی ئاژەڵێك کەلەقەد دیوارەکەیە رادەکێشێ و دەیخاتە سەر شانی و دەچێتە دەرەوە.

## دیمەن/7

### شوێن/حەوشە و سەربان

### کات/شەو/دەرەوە

بەفر و رەشەبا زۆر بەتوندی هەڵی کردووە و پیرەژن بەقاڵدرمە دارەکانەوە دەچێتەوە سەربان و سەیری ئەنتێنەکەی دەکات کە دەبینێ ئەنتێنەکەی نەماوە،سەری سوڕ دەمێنێ و سەیری سەربانی ماڵە دراوسێکانی دەکات ئەوانیش زۆربەیان ئەنتێنیان نەماوە و دانەیەکیان خەریکی کەوتنە، دانەیەکی تریش لەوکاتەدا دەشکێ و بەردەبێتەوە دەنگی شکان و کەوتنە خوارەوەی ئەنتێنەکان دەبیسترێ. پیرەژن بەپەلە دەچێتە خوارەوە و پلیکانە شکاوەکە بەتەواوەتی لەبن پێی پیرەژن دەشکێ و پیرەژن خۆی بە قاڵدرمەکە دەگرێتەوە و هەڵدەستێتەوە و دەچێتە خوارەوە و دەرگای ژورەکەی دەکاتەوە جەمادانیەکەی لەسەر دەرگای ژورەکە رادەکێشێ و دەم و چاوی خۆی پێ دەپێچێ و سەیرێکی تەلەفزیۆنەکە دەکات هەر مغەوەشە و لەسەر بەرنامە نەماوە بەپەلە دەچێتە دەرەوە لەو کاتەدا رەشە بایەکە توندتر هەڵدەکات و پەنجەرەکان جارێکی تر دەکەونە سەر پشت و پەردەکان بەرز دەبنەوە و دەرگای زۆپاکەش دەبێتەوە و دەنگی قرچە قرچی سوتانی دارەکەش تێکەڵ بەدەنگی باو بەفر دەبێت و دوکەڵ بەرز دەبێتەوە.

## دیمەن/8

**شوێن/کۆڵان**

**کات/شەو/دەرەوە**

پیرەژن لە دەرگای حەوشە دەچێتە دەرەوە و وەك شێت سەیری ئەملا و ئەولای کۆڵان دەکات لە لاڕێگایەك کۆمەڵێك ئەنتیێنی شکاو دەبینێ وەك شێت لە ناویاندا دەگەڕێت تا لە کۆتایی ئەوەی خۆی دەدۆزێتەوە و بە پەلە پەل بەرەو ماڵەکەی دەگەڕێتەوە.

## دیمەن/9

**شوێن/سەربان**

**کات/شەو/دەرەوە**

پیرەژن فانۆس و ئەنتێنەکەی لەدەستەو زۆر بە زەحمەت سەردەکەوێت و ئەنتێنەکە چاك دەکاتەوە و ئاراستەکەی ڕێك دەخات و بەدڵ خۆشی دەچێتە خوارەوە.

## دیمەن/10


**شوێن/ماڵی پیرەژن**

**کات/شەو/ناوەوە**

**پیرەژن دێتە ژورەوە و یەکسەر پەنجەرەکان دادەخات و دەچێتە لای تەلەڤزیۆنەکەی و کەناڵەکان دەسورێنێ و هەمان فیلم کارتۆن بەردەوامی هەیە ،بەدڵخۆشی سەیری دەکات و چاویلکەکەی چاوی پاك دەکاتەوە بۆ ئەوەی جوانتر لە تەلەڤزیۆنەکە بڕوانێ، لەو کاتەدا کارەبا دەبڕێت و پیرەژن سەیرێکی گڵۆپی ژورەکەی دەکات کە خامۆش بووە ، هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێ و فانۆسەکەی رۆشن دەکاتەوە و بە بێزاری چایەك تێدەکات و وردە وردە دەیخواتەوە.**

**کۆتایی**

## ئەلبومی فیلمی (ئەنتتێنا)




















سیناریۆی

# زیندان

نووسین و دەرهێنان:

## عەدنان عوسمان

تێبینی: ئەم سیناریۆیە لە ساڵی 2008 وێنەگیراوە و لە لایەن زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی هونەرەجوانەکان بەشی سینەما و عەدنان عوسمان بەرهەم هاتووە.

## دیمەن/ 1

### شوێن/ماڵی هاوڕێ/هەولێر

### کات/رۆژ/ناوەوە

ژووری نووستنە سیسەمێکی نووستن رازاوەتەوە و لەسەرەوەی سیسەمەکە وێنەی بووك و زاوا بەگەورەیی هەڵواسراوە و لەم لاو ئەولای سیسەمەکە گوڵ و گوڵدان ئەوێی جوانتر رازاندۆتەوە و چەند کتێب و دەفتەر و عەینەکێك لەسەر مێزێکی بچوك دانراوە و سەعاتێکی سەرمێزیش لەگەڵ پەرداخێك ئاو لەلایەکەی تر دانراوە.

تەلەڤزیۆنێکی بچوکیش لەژورەکەدا هەیە و داگیرساوە و کۆنسێرتی موزیکی یانی نیشان دەدات لەو شوێنە کە میلۆدیەکە سلۆیە،بەم چەشنە هەست بە کەش و هەوایەکی رۆمانسی دەکرێت،

پەنچەریەکی ئەم ژورە کەدەڕوانێتە دەرەوە هەوایەکی کز پەردەکانی دەجولێن دەنگی گریان و هاوار وردە وردە نزیکتر دەبێتە پیاوێکی بەتەمەن، قژی کچێکی گرتوە و بەپێشەخۆی داوە و کچەکە دەگریێت و پیاوەکەش پاڵی پێوە دەنێ لەو بەر پەنجەرەکە رەت دەبن.

دێنە ژورەوە،لە ژورەوە زیاتر دەنگیان بەرز دەبێتەوە پیاوەکە تەنها دەستی دەبینرێ زۆر لە کچەکە دەدات و ژورەکەی هەمووی لێ تێك دەدات و وێنە و گوڵ و مێزەکە هەمووی دەشکێنێ لەقسەکانی وا دیار دەکەوێ کە باوکی ئەو کچەیە.

باوك

من کچی وام نییە.... تۆ حەیاو ناموسی ئێمەت برد.سەرمانت شۆڕکرد

نەسرین:

بەخوا باوکە گیان ئەو کوڕەم خۆش دەوێ....عەیبە...ئەی هاوار عەیبە؟؟؟؟

باوك:

(لەم کاتەدا دەمانچەکەی لەبەر پشتی دەردەهێنێ و ئاراستەی دەکات).

نەسرین:

بم کوژە دەی.کوشتنەکەم پێ باشترە نەوەك بەزۆر بم دەیتە کابرایەك کەخۆشم ناوێ.

(لەکاتی ئەو شەڕ و دەمە قاڵیەدا میلۆدی کۆنسێرتەکەی یانی کەلە تەلەڤزیۆنەکەوە پەخش دەکرێ دەگۆڕێ و ریتمەکەی خێرا دەبێت و تەلەڤزیۆنەکە ی دەکەوێتە سەر زەوی)

باوك:

هەربەراستی حەقی کوشتنت هەیە هەی قەحپە.

نەسرین(دەم و چاوی تەواو دەشێوێ و چەند شوێنێکی دەم و چاویشی بریندار بووە وا نیشان دەدات کە باوکی لێی نزیکتر دەبێتەوە و هەردوو دەستی دەکاتە پەنا لە دەم و چاوی و لە نێوان پەنجەکانی دەمانچەکە دەبینێ کە نزیکتر دەبێتەوە):

من نایەمەوە مردنم پێ باشترە دەی بم کوژە دەی دەی

(چاوەکانی دادەخا و دەنگی گولەیەك دەبیسترێ)

## دیمەن/2

**شوێن/زیندان**

**کات/رۆژ/ناوەوە**

**هاوڕێ کە کوڕێکی گەنجە تەمەنی لەنێوان 30 بۆ 35 ساڵان دەبێت تراکسوتێکی لەبەرە و کەمێك ریشی هاتووە و لە پشت شیشی زیندان دانیشتوە و لە گەڵ پارێزەرەکەی قسەدەکات.**

**پارێزەر:**

**(دەفتەرو قەڵەمێکی لەدەستە و جار جارە گفتو گۆیەکان دەنوسێتەوە)**

**دەی هاوڕێ قسەم بۆ بکە هیچ مەترسە**

**من پارێزەرم هاتوم کێشەکەت بۆ چارەسەر بکەم**

**هاوڕێ:**

**بەدرێژایی ژیانم نەم زانیوە ترس چیە تەنها ئەو رۆژە نەبێت.**

**پارێزەر:**

**تۆ واز لەو رۆژە بێنە لەسەرەتاوە بۆم بگێڕەوە ئەو مەسەلەیە چۆن رێك کەوت.**

**هاوڕێ**

**(لەشوێنی خۆی هەڵدەستێتەوە و سەیری بەرامبەری دەکات )(فلاش باگ)**

## دیمەن/3

**شوێن/ماڵی هاوڕێ/هەولێر**

**کات/شەو/ناوەوە**

ژووری هاوڕێ کۆمپوتەرێك و چەند کتێبێك و کورسیەکی لێ یە،لەشاشەی کۆمپیوتەرەکە هێلی ئینترنێت کراوەتەوە و وێنەی کچێکی جوان دیار دەکەوێ کە نەسرینە وقسە دەکات بەڵام دەنگەکەی لە هێدفۆنەوە دەبیسترێ.

نەسرین:

کورە وەڵا منیش تۆم خۆش دەوێ هەموو شتێك بە قوربانی ساتێکی باوەشی تۆدەکەم بەس چی بکەم هیچ دەسەڵاتێکم نییە.

هاوڕێ:

(هێدفۆنی داناوە و مایکەکەش لەلای دەمیەتی دێتە نزیك شاشەکە و کامیرای ئینترنێتەکە ماچ دەکات)

ڕۆحەکەم من بڕیارم دا بەیانی بەرێ بکەوم

بۆ بەغدا سبەی ئەوکاتانە لێرە ین ژیانێکی ئارام و دەبەینە سەر.

نەسرین:

نەکەی گیانەکەم ڕێگا زۆر ترسناکە بەخوا تۆ

بەرێ بکەوی من خۆم دەکوژم چونکە دەزانم هەرگیز یەکتر نابینینەوە

هاوڕێ:

ئارامم نەما نەسرین گیان

ئەوە 2 ساڵە بەو دەرد و کەسەرەوە رۆژ دەکەمەوە

نەسرین:

هاوڕێ گیان لێرە دەرچوون بۆ ئێمەی ژن هەر زۆر قەدەغەیە،

بەڵام من ئەگەر شێوە و روخساری خۆم بگۆڕم لەوانەیە

بتوانم خۆم بگەیەنمە لای تۆ بەڵام بەمەرجێك.

**دیمەن/4**

**شوێن/زیندان**

**کات/رۆژ/ناوەوە**

هاوڕێ لەپشت شیشەی زیندانەوە بە کزی دانیشتووە

پارێزەر:

(دەم و چاوی دەر ناکەوێ)

ئێ مەرجەکەی چی بوو؟

هاوڕێ:

گوتی دەبێ مارەم بکەی ئینجا بەرێ دەکەوم

پارێزەر:

ئەی دایك و باوکی رازی بوون؟

هاورێ:

نا زۆر رقی لە باوکی دەبۆوە چونکە دەیویست

بەزۆر بیداتە عارەبێکی ناسیاویان،بەلاّم دایکی لە هەموو شتێك ئاگادار بوو.

پارێزەر:

باشە،تۆ لێرەو ئەو لە بەغدا چۆن مارەت بڕی

هاورێ:

(خەندەیەك دەکات)

هەر ئەو شەوە مارەم کرد

پارێزەر:

(سەری سەڕماوە)

چۆن؟؟؟؟؟؟

هاورێ

(دیسان هەڵدەستێتەوە و سەیری شتێکی دوور دەکات) فلاش باگ.

## دیمەن/5

**شوێن/ماڵی هاوڕێ/هەولێر**

**کات/شەو/ناوەوە**

هاورێ بەجل و بەرگی زاوایەتی دانیشتوە و ریشی تاشیوە و دەنگی مەلا دێت بـەلاّم لێرە وێنەی دیار نییە

مەلا:

(داوا شاهید دەکات)

بەناوی خوای گەورە کوڕم هاوڕێ ئەتۆ رازی لە نەسرینت مارەبکەم.

هاورێ:

بەلّێ مامۆستا.

(لەتەنیشت هاورێ کورسیەك دەردەکەوێ کە مۆنیتەرێکی کۆمپیوتەری لەسەر دانراوە و کامیرایەکی ئینترنێتی لێ بەستراوە و نەسرین لەشاشەکە سەیری ئەوان دەکات. مەلا):

کچم نەسرین ئەتو رازی لە هاورێت مارە بکەم.

نەسرین:

(بەزەردە خەنەیەکەوە)

بەلّێ مامۆستا رازیم.

هاورێ:

(زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات)

مەلا:

دەی کەواتە پیرۆزی یەکتری بن وهیوادارم ژیانێکی خۆش ببەنە سەر.

## دیمەن/6

**شوێن/زیندان**

**کات/رۆژ/ناوەوە**

(پارێزەر و هاوڕێ بەیەکەوە دانیشتوو ن بەلاّم دیسان سیمای پارێزەر دەر ناکەوێ)

پارێزەر:

(پێدەکەنێ)

ئێ دوایی چی روویدا

هاوڕێ:

نەسرین بڕیاری دا رۆژی دواتر بەرێ بکەوێ و دایکیشی لە هەموو شتێك ئاگادار کردەوە دایکی کە زانی مارەکردنەکە شەرعیە و رێگای پێدا بێتە لای من و ببێتە هاوسەری من.

(هەڵدەستێتەوە سەرپێ و سەیری شتێکی دوور دەکات)فلاش باگ

## دیمەن/7

**شوێن/ماڵی هاوڕێ/هەولێر**

**کات/رۆژ/ناوەوە**

هاورێ لە ژورەکەی،خۆی ئامادەکردەوە و جل و بەرگێکی جوانی پۆشیوە و ریشی تاشیوەو خەریکی بۆن لە خۆدانە و دەچێتە لای مسەجەلەکەی دای دەگیر سێنێ و دەچێتە لای سپیکەرەکانی دڵنیا دەبیتەوە کە دەنگیان دێت و دەیکوژێنێتەوە و بەرامبەر دەرگاکەی کورسیەك دادەنێ و سەیرێکی سەر دەرگاکە دەکات لە سەرەوەی دەرگاکە کیسەیەکی لێە و بە پەتێك بەستراوەتەوەو پەتەکەش لە لای سویچی کارەبای ژورەکە بەستراوەتەوە.لەناکاو لەدەرگا دەدرێت هاورێ خۆی ئامادە دەکات و هەندێك بۆنی دیکە لە خۆی دەدات لە کونی دەرگاکە سەیری دەرەوە دەکات دەبینێ منداڵێکە خاو دەبێتەوە و منداڵەکە هەرلە دەرگا دەدات.

هاورێ:

کەسی لێ نییە باوکم برۆ لێرە

منداڵ:

کاك هاورێ باوکم گوتی بزانە هیچی پێویست نییە؟

هاورێ:

نا باوکە گیان نا لەمەو دوا پێویستم بەهیچ نابێ سلاو لە باوکت بکە؟

(منداڵەکە دەڕوات هاورێش لە شوێنی خۆی دادەنیشێتەوە ئـەمجارەیان پیرەژنێـك لــە دەرگا دەدات هاوریٚ دیسان لە کونی دەرگا سەیری دەرەوە دەکات دەبینیٚ ژنێکــی بــە عەبایە )

هاوریٚ:

بەخوا هەوە خۆیەتی ئۆخەش خۆبەسەلامەتی گەیشت.

(دەست دەکاتە کۆنترۆڵی مسەجەلەکەی و دەستەکەی تریشی بۆلای پەتەکە دەبات و پێش دەرگا کردنەوە مسەجەلەکە ئیش پیٚ دەکات کە گۆرانی بوکانە بەکانە بوکێیە و دەرگا دەکاتەوە و ژنەکە کەمێك دێتە پێشەوەوە هاوریٚ پەتەکە رادەکێشیٚ لەناو کیسەکە زۆرێك لە چوکلات و کاغەزی رەنگاو رەنگ دەکەوێتە سەر سەری ژنەکە، هــاوری هەردوو دەستی دەگریٚ و سەما ی پێدەکات پیرە ژنەکەش زلەیەکی بەهێز لە بن گوێی هاوریٚ دەدات.

پیرەژن:

چیە ئەوە هەی بیٚ ئەدەب هەی بیٚ شعور ژنت نەبینیوە سواڵکەرت نەبینیوە.

(تفێکی لیٚ دەکات و دەڕوا ) هاوڕیٚ تفەکەی دەم و چاوی دەســڕێتەوە و مســەجەلەکە رادەگریٚ و گسکێك دەهێنیٚ و وردە کاغەز و چوکلاتەکان پاك دەکاتەوە لــەو کاتــەدا کەسێك بە جل و بەرگی پیاوانــەی عەرەبیــەوە دێتــە لای رادەوەســتیٚ و هــاوڕیٚ لــە پێیەکانیەوە لەکابراکە دەڕوانیٚ دەبینیٚ پیاوێکی ریش سپی بەتەمەنە هەڵدەستێتەوە دێتەوە ژوریٚ و دەرگا دادەخات و پشت بە دەرگاکەوە دەنیٚ.

هاوڕیٚ:

تاقەتی شەڕی تۆشمان نییە.

(لەوکاتەدا کەسەکەی دەرەوە لەدەرگا دەدات هاوڕێ دەرگا دەکاتەوە):

غەڵتە مامە گیان،ماڵی عەرەبەکە لەسەرەوە ترە.

(کەسەکە ریش و قژە بارۆکەکەی لادەدات و ژنێکی جوان دەردەکەوێ)

نەسسسسسسسسسسرییییییییییییین

نەسرین:

( زەردەخەنەیەك دەکات)

## دیمەن/8

**شوێن/زیندان**

**کات/رۆژ/ناوەوە**

هاوڕێ:

دوای 2 هەفتەی پڕ لە خۆشی و ژیانێکی ئاسودە باوکی پێی زانی و رۆژێکیان من لەسەر کار بووم باوکی هاتبووە ماڵمان دیار بوو زۆر ئەزیەتی دابوو ئەو کاتەی من بەسەر ئەو روداوە راگەیشتم باوکی خەریك بوو بە دەمانچەکەی دەستی بیکوژێت.

(سەیری شوێنێکی دوور دەکات،فلاش باگ)

## دیمەن/9

### شوێن/ماڵی هاورێ/هەولێر

### کات/رۆژ/ناوەوە

تەواو کەری دیمەنی یەك.

هاورێ لە دەرگا دێتە ژورەوە دەبینێ کە کەسێك خەریکی کوشتنی نەسرینە بەبێ ئەوەی حیساب بۆ هیچ شتێك بکات دەمانچەی بەر پشتی دەر دەهێنێ و گولەیەك لە پیاوەکە دەدات پیاوەکە بەر دەبێتەوە و دە چێتە لای نەسرین لە باوەشی دەگرێت و هەردوکیان دەگرین لەوکاتەدا باوکی نەسرین هێشتا زیندوە گولەیەك لە نەسرین دەدات، هاورێ ش هێشتا دەمانچەکەی خۆی لە دەستە گولەیەکی تر لە باوکی نەسرین دەدات و دەیکوژێ لەو کاتەدا دەنگی سەیارەی پۆلیس دەبیسترێ و هاورێ ش نەسرینی لە باوەش دەگرێ حاڵەتەکەی نزیکە لە مردن بەلاّم لە کۆتایی نەسرین پەنجەکانی دەستی دەجولێن.

کۆتایی

# ئەلبومی فیلمی (زیندان)





سیناریۆی

# فۆكس

چیرۆك و دەرهێنان:

**ریَكان ئەحمەد**

سیناریۆ:

**عەدنان عوسمان**

تێبینی: ئەم سیناریۆیە لە ساڵی 2011 وێنەگیراوە و لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان – بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما بەرهەم هاتووە.

## دیمەن/ 1

**شوێن/ کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی جێنشن**

**کات/ ڕۆژ/ دەرەوە**

**لە نێو قەڵەباڵغی شوقە و درەختەکانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن لۆریەك دەبینرێت کە کەل و پەلی ماڵێکی بارکردووە و بۆ ناو قولایی شوقەکان دێت، وا دیار دەکەوێت کە ماڵێکی نویٚ دێنە ئەو شوێنە.**

## دیمەن/ 2

**شوێن/ کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی جێنشین**

**کات/ڕۆژ/ دەرەوە**

**منداڵێك یاری بە تۆپێك دەکات تۆپەکەی لەسەر پەیژەی ماڵێك دەکەوێتە خوارەوە، منداڵەکە دەست دەکات بە گریان (نیان)خوشکی گەورەی ئەومنداڵە ڕادەکات بۆ لای منداڵەکە، منداڵەکە بەدەست ئاماژەی بۆ دەکات کەوا بچێت تۆپەکەی بۆ بێنیتەوە (نیان)یش ڕادەکات بۆ ئەوەی بچێت تۆپەکەی بۆ بێنیتەوە، (نیان ) دەست بۆ تۆپەکە دەبات، هەڵۆ کە کوڕێکی فۆتۆگرافە ئاماژەی بۆ منداڵەکە دەکات کەوا پیٚ بکەنییێت و فۆتۆی بگرێت لەکاتی گریانی منداڵەکە چەند فۆتۆیەکی منداڵەکە دەگیرێت منداڵەکە ئاوەردەداتەوە بۆ لای فۆتۆ گرافەرەکە، منداڵەکە پێدەکەنێت دوای گرتنی فۆتۆکان هەڵۆ دەچێتە لای یاری لەگەڵ دەکات، لەوکاتە نیان بەتۆپەکەوە دێتەوە....هەڵۆ بەردەوامە لەیاری کردن لەگەڵ منداڵەکە نیان لەنزیك**

ئەوان دەوەستیٚ و  سەیری هەردووکیان دەکات و بەخێرای دێت بەتوورەیەوە بانگی منداڵەکە دەکات.

## دیمەن/3

**شوێن/ماڵی نیان**

**کات/رۆژ / ناوەوە**

باوکی نیان  لە سەر عەربانەیەکی هاندی کاپ دانیشتووە دیارە بە قەناسەیەکەوە دەڕوانێتە دەرەوە و دەیەوێت نیشانە لە شتێك بگرێت. لە باگراوندی وێنەیەکی سەربازی خۆی هەیە، نیشانەی قەناسەکە لەسەر نیان، پاشان لە سەر تۆپەکە دەوەستێنێت.

## دیمەن/4

**شوێن/نازستی**

**کات/رۆژ.. دەرەوە... تەواکەری دیمەنی 2**

نیان:

لارا

(هەڵۆ تووشی سەرسووڕمان دەبێت دەشلەژێت)

هەڵۆ:

ببووره ئەتوانیت لەکاتی یاری کردن وێنەیەکمان بگریت

نیان:

(بەسەر سوڕمانەوه ئاماژەی بەڵێی بۆ ئەکات).

بەڵێ

(هەڵۆ کامیراکه دەداته دەست نیان، نیانیش تۆپەکه دەداته دەست هەڵۆ، هەڵۆ و لارا دەست بەیاری دەکەن بۆ ئەوەی نیان وێنەیان بگرێت، لەلێنزی کامیراکەوه خەریکی فۆکسه، تەرکیز لەسەر هەڵۆ دەکات، کامیراکه دەهێنێته خوارەوه بەرووخسارێکی پڕ گومان سەیری هەڵۆ دەکات، دووباره له لێنزی کامیراکه سەیری هەڵۆ دەکات وێنەکه لێڵ دەبێت).

## دیمەن/5

**شوێن / کۆلانێك**

**کات/ڕۆژ/ دەرەوه**

فلاش باگ

کوڕێك لەناو سەیارەیەك دەبینرێت بەدەست (بای بای ) دەکات سەیارەکه بەخێرای دەڕوات، دەنگی تەقەیەك دەبیسترێت، نیان بە تاسەوه سەیری دەکات و دەنگی

ئیستۆپی سەیارەکە دێت و تێکەڵ بە دەنگی پێکدادانی دوو سەیارە دەبێت و ری ئەکشنی روداوەکە لە دەم و چاوی نیان دەبینرێت.

## دیمەن/6

### شوێن / کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی جێنشن

### کات/ ڕۆژ/ دەرەوە

دەنگی پێکدادانی دووسەیارە هەڵۆ و نیان و لارا بە ئاگا دەهێنێتەوە، هەڵۆ لارا لەباوەش دەگرێت، چەند کەسێکی زۆر لە دوو سەیارە کۆبونەتەوە وا دیارە کە روداوێك روی داوە، نیان بەترس و سەرسوڕمانەوە کامیراکە بۆ هەڵۆ ڕادەگرێت هەڵۆش لارا لەباوەشی دادەگرێت و کامیراکە وەردەگرێتەوە، نیان و لارا بەخێرای بەرەو لای روداوەکە دەڕۆن بەلام نیان جارێك ئاوڕ لە هەڵۆ دەداتەوە.

## دیمەن/7

### شوێن / ماڵی هەڵۆ

### کات/ شەو / ژوورەوە

هەڵۆ لەژوورەکەی دا بەمەقەس خەریکی دروست کردنی زەغرەفەیەکە لەسەر کاغەزێك، دوای تەواو کردنی زەغرەفەکە، مۆمێك دادەگیرسێنێت،گلۆپی ژوورەکەی دەکوژێنێتەوە،زەغرەفەکە لەبەردەم مۆمەکە دا دەنێت لەسەر دیوارەکە شتێکی سەیر و

جوان دروست دەبێت، هەڵۆ بەکامیراکەی خەریکی دۆزینەوەی گۆشەیەکی زۆر جوانە بۆ وێنەگرتنی زەغرەفەکە لەکۆتا جار خۆی ئامادە دەکات بۆ وێنەگرتنی زەغرەفەکە، لەلێنزی کامیراوە لیزەریك لەسەر شیوەی دڵ لەسەر زەغرەفەکە دەبینرێت،کامیراکە لا دەبات و سەیری زەغرەفەکە دەکات، هیچ شتیکی لەسەر نامێنیٚ سەری سورٍ دەمێنیٚ،بۆ جاری دووەم دەیەوێت وێنەی بگرێت بەلاٚم هەمان شت دووبارە دەبێتەوە و هەمان روداو دەبینیٚ، بۆ جاری سیٚ یەم لیزەرەکە نامێنێت و فۆتۆکە دەگرێت،هەڵۆ هەڵدەستێتەوە لەگەڵ هەستانەوەی تیشکی لیزەریك بەدەم و چاوی دەکەوێت.

لە دیدگای سەیری شووقەی بەرامبەر دەبینرێت،لیزەرەکە چەند جارێك بەر چاوی دەکەوێت،

هەڵۆ بەخێرای فۆتۆی تیشکەکە دەگرێت وێنەیەکی سەیر دەردەچێت، دواتر بەخێرای دەچێت لایتێك دێنێت ڕووناکی لایتەکە لەشووقەکە دەدات، تارماییەك لەبەردەم پەنجەرەکە ی شوقەی بەرامبەری دەبیندرێت،تارماییەکە پەردەکە دادەخات.

## دیمەن/ 8

**شوێن / تاقیگەی وێنە**

**کات/ ڕۆژ/ ژورەوە**

هەڵۆ خەریکی چاپکردنی وێنەکانە و لەگەڵ کارمەندەکە گفتو گۆ دەکات.

## دیمەن/9

**شوێن / کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی جێنشن**

**کات/ ڕۆژ/دەرەوە**

**هــەڵۆ بەکۆمــەڵێك کەرســـتەی پێشــانگاوە لــە شــوقەکەی دێتــە خــوارەوە دوای چەندهەنگاوێك پلایسێکی لێ بەردەبێتەوە دەیەوێت هەڵیگرێتەوە بەڵام نــاتوانێ دوای چەند هەوڵدانێك پارچە دارێکی لێ دەکەوێت، لەو کاتەدا نیان پارچــە دارەکــەی بــۆ هەڵدەگرێتەوە و هەردووکیان خەندەیەك بۆ یەکتر دەکەن دەڕۆن.**

## دیمەن/10

**شوێن/ماڵی نیان**

**کات/رۆژ / ناوەوە**

**باوکی نیان لە نزیك پەنجەرەوە بە قەناسەکەی خۆی دەڕوانێتە دەرەوە نیشانە لە نیــان دەگرێت و دەیەوێت تەقە بکات بەڵام دایکی نیان پەشیمانی دەکاتەوە و تفەنگە کەی لێوەردەگرێت.**

## دیمەن/11

**شوێن / باخچە**

**کات/ ڕۆژ/ دەرەوە**

**هەڵۆ و نیان بەیکەوە خەریکی ڕێکخستنی پێشانگای وێنە فۆتۆگرافیـەکانن ، دوای ڕێکخستنی فۆتۆکان نیان سەرسام ئەبێت بە فۆتۆیەك،**

**نیان:**

**ئەم وێنەیە زۆر جوانە......... ناوی چیە ؟**

**هەڵۆ:**

**بەسەرسوورِمانەوە**

**لەپەنجەرەوە!**

**نیان:**

**راو.... جوانتر نییە؟**

**هەڵۆ:**

**ڕاو.....بۆ راو ؟**

**نیان:**

**ئەی نەت بیستووە بەختیار عەلی دەڵێت**

**ڕاوی ماسیەك مەكە كە لەمێژە خودا ڕاویكردوە**

**كۆترێكی سپی مەكوژە، لەمێژە لەخەزاندا مردووە.**

## دیمەن/12

**شوێن / باخچە**

**کات/ شەو/ دەرەوە**

چەپڵە ڕێزانی خەڵکەکە بۆ چوونە ژوورەوەی پێشانگاکە، نیـان لـەدوای هەموویانـەوە دێت، دەستی دەخاتە ناو جانتاکەی شتێك دەرئەهێنێت، خەڵکەکە بەردەوامن لەسەیر کردنی فۆتۆکان، لەکۆتایدا دەست خۆشی و پیرۆز بـایی لـە هـەڵۆ دەکـەن و چـەند کەسێك لەسەر دەفتەری تێبینی و یادگاری پێشانگاکە را و بۆچونی خۆیان دەنووسن، لەم کاتەدا کەسێك لەکاتی دەست خۆشی کردن دیمەنی چەند لایتێکی لیزەر لەسـەر وێنەکان دەبینێت بەشێوەیەك وەك سیحر دەردەکەوێت.

میوان :

سەیری ئەو داهێنانە بکەن ئەلاه چ جوانە.

خەڵکەکە ئاوڕ دەدەنەوە، دەبینن لەسەر فۆتۆکان لیزەری ڕەنگاو ڕەنگ دانراوە لەسـەر هەر فۆتۆیەك بەشێوازێك دانراوە، لەو کاتەدا خەڵکەکە بۆ دووەم جار دەسـت خۆشـی لەهەڵۆ دەکـەن و هـەڵۆش تووشـی سەرسـووڕمان دەبێت.لـەم کاتـەدا لارا لـە نـاو خەڵکەکە هاوار دەکات و چەپڵە لێدەدات

لارا:

دەست خۆش دادە نیان

هەڵو:

(دێتە لای نیان بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکات)

دەست خۆش پێشانگەکەت رازاندەوە.

(چەپڵەی بۆ لێدەدات خەڵکەکەش لە گەڵ هەڵۆ دەست دەکەن بە چەپڵەلێدان).

## دیمەن/13

**شوێن/بەردەرگای ماڵی نیان**

**کات/شەو/ناوەوە**

نیان بەر لەوەی بچێتە ژورەوە جەفیەکەی دەپۆشێ و دەرگا دەکاتەوە و دەچێتە ژورەوە.

## دیمەن/14

**شوێن/ماڵی نیان**

**کات/شەو/ناوەوە**

باوکی نیان بە گۆپاڵەکەی لە پشت دەرگا دانیشتووە کاتێ نیان دێتە ژورەوە پێی لە گۆپاڵکە گیر دەبێت و دەکەوێتە سەر زەوی.... باوکی بە گۆپاڵکەی دەستی لە نیان دەدات.

## دیمەن/15

**شوێن / ماڵی هەڵۆ**

**کات/ شەو/ناوەوە**

**هەڵۆ خەریکی ناردنی فۆتۆکانە بۆ فیستیڤاڵ لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە، پاشان دەچێت بۆ لای دەفتەری تێبینی، دەیان خوێنێتەوە چەند لاپەڕەیەك هەڵدەداتەوە، لە لاپەڕەیەك بە گەورەیی نووسراوە:**

**(نازانم بۆ خۆشم دەوێی)**

**لەو کاتەدا تیشکی لیزەرێك لە ژووری هەڵۆ دەبینرێت، هەڵۆ سەیری دەکات و بەپەلە هەموو ئەو لیزەرانە دێنێت کە لەپێشانگاکە نیان هەڵیواسی بوو، هەڵۆ هەموو لیزەرەکان دادەگیرسێنێت بەشێتانە ئاراستەی نیانی دەکات.**

## دیمەن/16

**شوێن: چەند شوێنێکی جیا جیا**

**چەند فۆتۆی هەڵۆ و نیان لە چەند شوێنێکی جیاواز یەك بەدوای یەك دەبینرێت کە گوزراشت لەوەدەکەن پەیوەندی خۆشەویستیان هەیە و یەکتریان خۆش دەوێت.**

## دیمەن/17

**شوێن /ماڵی هەڵۆ**

**کات/ ڕۆژ/ ناوەوە**

**لەئامێری پرێنتەر لاپەڕەیەك دێتە دەرەوە کە وا وێنەی هەڵۆ و ئەو فۆتۆیەی لێدراوە کە لەفیستیڤاڵ وەرگیراوە، هەڵۆ زۆر دڵخۆش دەبێت.**

## دیمەن/18

**شوێن / کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی جێنشن**

**کات/ ڕۆژ/ دەرەوە**

**نیان:**

**(زۆر غەمبارە فرمێسکێکی لەچاوی دێتە خوارەوە)**

**دڵخۆشم بوومە ئیلهامی فۆتۆیەکی جوانی تۆ.**

**هەڵۆ بە پێ کەنینەوە تیشکی لیزەر لەسەر دەم چاوی نیان دەدات، نیانیش تیشکی لیزەر لەدەم و چاوی هەڵۆ دەدات، هەڵۆ سواری سەیارە دەبێت و بای بای لە نیان دەکات....سەیارەکە بەخێرایی دەڕوات، نیان دێتە ناوەراستی شەقامەکە بای بای لە هەڵۆ دەکات.**

## دیمەن/19


**شوێن/ماڵی نیان**

**کات/ڕۆژ/ ناوەوە**

**باوکی نیان خەریکی نیشانەگرتنە لە تایەی ئەو سەیارەی کە هەڵۆ تێدایە، خۆی ئامادە دەکات بۆ تەقەکردن.... تەقەیەك دەکات. دەنگێکی گەورەی پێکدادانی ئیستۆپی سەیارە دەبیسترێت.**

**کۆتایی**

## ئەلبومی فیلمی (فۆکس)



















سیناریۆی

# ئەو دیوی تاوان

چیرۆک:

**مەهاباد قەرەداغی**

دەرهێنان:

**سامی کاکە**

سیناریۆ:

**عەدنان عوسمان**

تێبینی: ئەم سیناریۆیە لە ساڵی 2011 وێنەگیراوە و لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان – بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر بەرهەم هاتووە.

## دیمەن/1

### شوێن/بەردەرگای کۆلێژ

### کات/رۆژ / دەرەوە

کاتی تەواو بوونی دەوامی کۆلێژە و قوتابییەکان پۆل پۆل دێنە دەرەوە، لە نزیك ئەوێ چەند پاسێك وەستاون و چەند قوتابییەك سەردەکەون،لە لایەکی تر چەند قوتابییەك سەیارەی تایبەتی خۆیان هەیە سەردەکەون و دەڕۆن.

نێرگز و شەپۆڵ بە پێکەنین لە دەرگای کۆلێژ دێنە دەرەوە،نێرگز کچێکی زۆر جوان و سەرنج راکێشە،تا دەگەنە ناو خاڵی چاوەروانی پاسەکان لە رێگا چەندین هاوڕێی کچ و کوڕ دەبینن و سلاویان لێدەکەن و کتێب دەگۆڕنەوە کچێك لە ناو پاس سێوێك بۆ نێرگز دەهاوێ و نێرگزیش ناتوانێ سێوەکە بگرێتەوە، سێوەکە دەڕواتە ژێر تایەی پاسەکە و دەفلیقێتەوە،هەردوولا ری ئەکشنی ناخۆشی بۆ ئەو حاڵەتە دەردەبڕن. نێرگز و شەپۆڵ لە خاڵی چاوەروانی پاسەکاندا چاوەروانی هاتنی سەیارەکانی خۆیان دەکەن. نێرگز سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکات و هەندێك دڵەراوکێی پێوە دیار دەبێت.

شەپۆڵ:

کچێ گوێ مەدێ ئێستا ئاسۆ برام دێت، لە سەر رێگای خۆمان دەتگەیەنین

نێرگز:

نا كێشە نییە چاوەڕوانی دەکەم.

(لەم کاتەدا سەیارەیەك لە نزیکیان دەوستێ و هۆڕنیان بۆ لێدەدات، شەپۆل دەستێکی لێ بەرز دەکاتەوە)

شەپۆل:

ئەوە هاتم ئاسۆ گیان

ئاسۆ:

(سەیرێکی سێکسی نێرگز دەکات بەڵام نێرگز پشتی تێدەکات)

شەپۆل:

(روی لە نێرگز دەکات)

کچێ دەورە بابتگەیەنین

نێرگز:

رێگاتان زۆر دوور دەکەوێتەوە قەیناکا چاوەڕوانی کاك کاوە دەکەم

شەپۆل:

(خواحافیزی دەکات و سەردەکەوێ و دەروات).

## دیمەن/2

**شوێن/ناو سەیارە**

**کات/رۆژ / ناوەوە**

ئاسۆ:

لەرێگا جارێکی تر لە ئاوێنە سەیری نێرگز دەکات

## دیمەن/3

**شوێن/بەردەرگای کۆلێژ**

**کات/رۆژ / دەرەوە**

نێرگز سەیری دەور و بەری خۆی دەکات وردە وردە ئەویٚ چۆل دەبێت و قوتابییەکان دەڕۆن لەم کاتەدا نێرگز تەلەفۆنێکی بۆ دێت بە پەلە مۆبایلەکەی لە جانتاکەی دەردەکات وەلام دەداتەوە:

بەڵێ کاک کاوە زۆر دوا کەوتی دەزانی.

کاوە:

(تەنها دەنگە لە رێی مۆبایلەوە)

نێرگز خان ببورە سەیارەکەم شکاوە،

با زیاتر دوانەکەوی ئەمڕۆ ناتوانم بێمە شوێنت.

نێرگز:

بەتوڕەیی

باشە کاکە باش

تەلەفۆنەکەی دادەخاتەوە.

( لەم کاتەدا تەکسیەك چاودێری نێرگز دەکات لێی نزیك دەبێتەوە نێرگزیش دەستێکی لێ بەرز دەکاتەوە و لە پەنجەرەی پێشەوە قسەیەك لە گەڵ شوفێرەکە دەکات و سەر دەکەوێت لە کورسی دواوە دادەنیشێ).

## دیمەن/4

**شوێن/ناو تەکسی**

**کات/رۆژ / ناوەوە**

نێرگز هیچ گرنگی بە شوفێرکە نادات و سەیری دەرەوە دەکات، شوفێرەکە بە چاو مۆنی سەیری نێرگز دەکات و ئاوێنەکەی بۆ لای قاچ و سینگی نێرگز ئاراستە دەکات و لەزەتی لێ وەردەگرێ، لەم کاتەدا سەیارەیەکی تر لە کۆلانێك دەردەچێت و شوفێری تەکسیەکە ئیستۆپێك دەگرێ و نێرگز سەیرێکی دەکات.

دەگەنە ترافیك لایت کە گۆڵپی سور داگیرساوە،شوفێرەکە بە مۆبایلەکەی بە خێرایی نامەیەك دەنووسێ، هەر هەمان کات دوای چەند چرکەیەك وەلامەکەی بۆ دێتەوە،دەیخوێنێتەوە،لە ئاوێنە سەیرێکی دیکەی نێرگز دەکاتەوە.

## دیمەن/5

**شوێن/بەردەم ماڵێك**

**کات/رۆژ / دەرەوە**

کوڕێکی گەنج لەبەر دەرگا وەستاوە و دیارە لە چاوەڕوانی شتێکە بە مۆبایلەکەی نامەیەکی بۆ دێت، ئەویش بە خێرایی دەرگای گەراج دەکاتەوە، لەم کاتەدا ئەو تەکسیەی کە نێرگزی تێدایە بە خێرایی دەسوڕێتەوە و دەچێتە گەراجەکە،لەوێ سەیارەی ئاسۆ دەبینرێت و کوڕە گەنجەکە بە خێرایی دەرگا دادەخات. ژنێك لە سەربانی خانوەکەی تەنیشتیان روداوەکە دەبینێ و بە پەلە دەچێتە خوارەوە.

## دیمەن/6

**شوێن/ماڵی نێرگز**

**کات/شەو /ناوەوە**

باوکی نێرگز ناوی رەحمانە و برای نێرگز ناوی رێبوارە دانیشتوون و چاوەڕوانی هەواڵی نێرگز دەکەن، دایکی نێرگز چایان بۆ دێنێ.

دایکی نێرگز:

ئەرێ بۆ وا خۆتان تێکداوە نێرگز چاوەڕوانی شتی خراپی لێناکرێت

(رەحمان بە مۆبایلەکەی تەلەفۆن بۆ نێرگز دەکات لە رێگای دەنگی مۆبیلەکەوە دەزانرێت کە مۆبایلی نێرگز داخراوە).

رێبوار

(کەسێکی تورە و توند دیارە)

نا نا نا لە مێژە هەستم کردووە ئەم لاو ئەو لای هەیە، شەرت بێ دەبێ شتێکی بەسەربێنم بە کەڵکی دەرەوە نەیەت.

رەحمان:

حەتمەن دەبێت شتێکی بەسەر هاتبێت

دایکی نێرگز

رو لە باوکی نێرگز دەکات:

دەڵێم با خەبەری پۆلیس بدەین.

رێبوار:

دایکە دەتەوێ حەیامان ببەی خەڵك و پۆلیس تێمان بگات، یەعنی چ بە پۆلیس بڵێین، ها بڵێن کچە بەنازەکەی دایە بەم شەوە نەگەڕاوەتەوە، دایکە باوکە با خەڵك تێمان نەگات حەیامان دەچێ.

## دیمەن/7

**شوێن/بنکەی پۆلیس**

**کات/شەو /ناوەوە**

ئەفسەرێك تەلەفۆنی لەدەستە لەگەڵ باوکی نێرگز دیالۆگ دەکات

ئەفسەر:

برام تۆ رەحمان وەسمانی؟

دەنگی باوکی نێرگز:

بەڵێ.

ئەفسەر:

من لە بنکەی پۆلیسەوە قسە دەکەم، نێرگز کچی تۆیە

ڕەحمان:

بەڵێ... بەڵێ...چی بووە قوربان

ئەفسەر:

کچەکەت لەحاڵێکی خراپ دایە و ئێستا لە نە خۆشخانیە

ڕەحمان:

کام نەخۆشخانە؟

ئەفسەر:

جارێ پێویستە بێیتە لامان و ئینجا بەیەکەوە دەچینە نەخۆشخانە

ڕەحمان:

کچەکەم مردووە؟

ئەفسەر:

نا.. نا.. دڵنیابە زیندووە. بەڵام پێویستە هەر ئێستا بگەیتە ئێرە

## دیمەن/8

**شوێن/ماڵی نێرگز**

**کات/شەو / ناوەوە**

ڕەحمان و ڕێبوار بە پەلە پەل خۆیان ئامادە دەکەن و ڕێبوار بەراکردن دەچێتە مەتبەخ چەقۆیەکی گەورە لەبەر پشتی دەنێ و دەیەوێ بچێتە دەرەوە دەگەڕێتەوە بەراکردن

چەقۆکە دادەنیٚ و لە ژورەکەی خۆی لە ناو شوێنێکی شاراوە دەمانچەیەکی بچوك دەردێنیٚ و لەگیرفانی خۆی دەنیێت و لە گەڵ باوکی دەچنە دەرەوە دایکی نیێرگز بەجیٚ دەمیێنیٚ و دەست بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە.

دایکی نیێرگز سەیرێکی ژوری ریێبوار دەکات دەبینیٚ کە چەند گوللەیەك لەویٚ کەوتوە بەپەلە دەچیێتە لای پەنجەرە و دەیەویێت هاوار بکات بەلاٚم ئەوان بەراکردن دور دەکەونەوە.

## دیمەن/9

### شوێن/نەخۆشخانە

### کات/شەو /ناوەوە

نیێرگز بە بیێهۆشی و برینداری کەوتووە و چەند دکتۆر و پەرستیارێك خەریکی تیمارکردنی برینەکانن،نیێرگز کەمیێك چاوی دەکاتەوە و ئەوان بە لیێڵی دەبینیٚ.

## دیمەن/10

### شوێن/بنکەی پۆلیس

### کات/شەو / ناوەوە

ئەفسەر لەگەڵ رەحمان و ریێبوار دانیشتوە و قسەیان بۆ دەکات

ئەفسەر:

سیّ پیاو رفاندویانە  و بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە

ئەزیەتیان داوە و هەموو کارێکی خراپیان لە گەڵ کردووە.

رەحمان:

ئەی قوڕی دونیا بە سەرمان حەیامان چوو

رێبوار:

چاوی سور کردۆتەوە و زۆر تورە دیارە

ئەو کەسانە کێن؟

ئەفسەر:

برای ئازیزم پەلەمەکەن هەرسێکیان گیراون

و دانیان بەو تاوانە نامرۆڤانە دا ناوە و سزای یاسایی خۆیان وەردەگرن.

رەحمان:

شەرەفمان چوو...ئەی هاوار...ئەی هاور

ئەفسەر:

نێرگز هیچ تاوانێکی نەبووە زۆریشی هەوڵ داوە بەرگری لە خۆی بکات، بەڵام بەداخەوە ئەو کەسانە زۆر بەهێزتربوون و ئەوەی کە رویدا بە یاسا چارەسەر دەکرێت، نەك ئەو تورە و توندییەی ئێوە.

رێبوار:

بەتوڕیی

یاسا دەتوانی شەرەفی تکاومان بۆ بگەڕێنێتەوە؟

ئەفسەر:

فەرموون بابەیەکەوە بچینە نەخۆشخانە،بەلاّم قەبولّ ناکەم هیچ کارێکی ناشیاو بکەن ئەگینا تاوانبار دەبن

هەرسێکیان دەچنە دەرەوە.

## دیمەن/11

**شوێن/نەخۆشخانە**

**کات/شەو /ناوەوە**

نێرگز لەسەر چوارپایەك، لەسەر پشت پالّ کەوتووە و زۆر بێهێز دیارە و چەند شوێنێك لە دەم و چاویەوە دیارە کە برینداز بووە و پێچراوەتەوە،چاوی دەکاتەوە بە لێڵی بنمیچ و دار و دیواری نەخۆشخانەکە دەبینێ،چاوی دادەخات و ئەمجارە کە چاوی دەکاتەوە باوك و برا و ئەفسەرەکە دەبینێ و فرمێسك لە چاوەکانی دێتە خوارێ و هەست بە شەرمەزاری دەکات.باوکیشی وەزعی تێك دەچێ و ئەو دیمەنە زۆر کاری لێدەکات و براکەشی زۆر بە تووڕەیی سەیری دەکات، لەم کاتەدا باوکی لە هۆش خۆی دەچێت و دەبێتە دەنگە دەنگ و چەند دکتۆر و پەرستیارێك دێنە لای و خەریکی دەبن.

دکتۆر

دلّی زۆر خێرا لێدەدات بیگەننە بەشی هێلّکاری دلّ

چەند کەسێك و ڕێبوار لەسەر عەرەبانەیەك بە پەلە پەل باوکی نێرگز دەبەن و لە قەلّە بالّغیە ڕێبوار هەر ئاوڕ لە نێرگز دە داتەوە و فرسەت وەردەگرێت دەگەڕێتەوە لای

**نێرگز و نێرگزیش بە چاوی فرمێسکەوە سەیری براکەی دەکات... براکەشی دەمانچە بچوکەکەی لە گیرفانی دەر دەهێنێ و چەند گولەیەکی لێدەدات و دەیەوێت رابکات پۆلیس دەیگرن و دەیبەن.**

## دیمەن/12

**شوێن/گۆڕستانی شار**

**کات:رۆژ/دەرەوە**

**دایکی نێرگز لە دورەوە دەبینرێت و وردە وردە لە کۆمەڵێك گۆڕ نزیك دەبێتەوە،چەپکە گوڵێکی لە دەستە و بە خەمباری و بێ تاقەتی سەیری گۆڕەکان دەکات، بە دەوری چەند گۆڕێکدا دەسورێتەوە،بە وردی نوسراوی سەر کێلەکان دەخوێنێتەوە،گۆڕەکان هەریەکە و بە جۆرێك لێی نووسراوە گەنج و پیر و منداڵیشی تێدایە و چەند دانەیەکیشان نووسراوە بەکارەساتێکی دڵتەزێن مردووە،دایکی نێرگز زیاتر خەمباری خۆی نیشان دەدات،لە رۆیشتن و گەڕان بەردەوام دەبێت تا دەگاتە نزیك گۆڕێك کە بێ کێلە و هەڵنەگیراوە و هیچ ناوێکیشی لەسەر نییە.**

**کۆمەڵێك بخور لە جانتاکەی دەردەهێنێ و لە چوار دەوری گۆڕەکە دایدەگیرسێنێ لای ئەو گۆڕە دەوەستێ و لە بەرامبەریدا هیچ جولەیەك ناکات، دوای ماوەیەکی کورت لەلای گۆڕەکە دادەنیشێ و گوڵەکەی دەستی دەخاتە سەر گۆڕەکە و لە ناخەوە دەگریت، بەڵام دەری نا بڕێت،هەناسە بڕکێ دەبێت و سینگی بەرز و نزم دەبێت، لە ناکاو لە پرمەی گریان دەدات و فرمێسك لە چاوەکانی بە گوڕ دێنە خوارێ.، دوکەڵی بخورەکان وێنەی دایکی نێرگز دەشێوێنێ.**

## دیمەن/ 13

**شوێن/دادگا**

**کات:ڕۆژ/ناوەوە**

**چەکوچی دادوەر لەمێزەکە ی بەردەمی دەدرێت**

**دادورە:**

**داد گا**

**(لەناو هۆڵی داد گا چەند کەسێك دانیشتوون، لە ناویاندا دایکی نێرگز دەبینرێت، ڕێبواریش لە ناو قەفەسی تاوانباریدا مات و مەلول وەستاوە و پاریزەرێکی ئافرەت وەستاوە و لە گەڵ دادوەر قسە دەکات).**

**پارێزەر:**

**جەنابی دادوەر ڕێبوار رەحمان وەسمان ئەو تاوانبارەیە کە لە ناو قەفەسی تاوانباریدا بە ماددەی (......)تاوانبارە و چاوەروانی حوکمی داد پەروەرانی ئیوەری بەڕێزە. لە راستیدا تاونلێکراو نێرگز رەحمان وەسمان هیچ گوناهێکی نەبووە و زۆریشی هەوڵی داوە پارێزگاری لە خۆی بکات بەڵام تاوانبارکان بە بێ ویژدانانە تەعەدایان لێکردووە،ئەوە بوو هەفتەیەك لەمەو پێش بە سزای عادیلانەی خۆیان گەیشتن.**

(ڕێبوار چاوەکانی سور هەڵگەڕاون و وردە وردە فرمێسك لە چاوانی دێنــە خــوارەوە و پەشیمانی زۆری پێوە دیارە).

پارێزەر بەردەوامە:

بەڵێ جەنابی دادوەر،پێش ئەوەی بەڕێزتان حوکمی ئەو مەسەلەیە بکەن پێشنیاز دەکەم کە کەسێك لە دەرەوەی، ئەم هۆڵەیە و پەیوەندی راستەو خۆی بەو قەزیەوە هەیە بێتە ناو هۆڵی دادگا، و روبەڕوی تاوانبار ڕێبوار رەحمان وەسمان ببێتەوە،ئەو کارەش زیاتر بۆ ئەوەیە کە هەڵوێستە مرۆڤایەتییەکان بەڕون و ئاشکرا ببینرێن.

دادوەر:

باشە با ئەو کەسە بفەرموێ

پارێزەر:

(سەیری ڕێبوار دەکات.

ڕێبوار سەیری پارێزەر دەکات و پاشان ســەیری دەرگــای هۆڵەکــە دەکــات، هــەموو دانیشتوانی ناو هۆڵەکە سەیری دەرگا و هاتنە ژورەوەی ئەو کەسە دەکەن، نێرگز لــە سەر عارەبانەیەکی کەم وئەندامی کە دایکی پاڵی دەدات. دێتە ژورەوە ڕێبورا سەرنجی دەدات و نایناسێتەوە دایکی سەیری دەکات و فرمێسك لە چاوەکانی گیر نابێت نێرگز لە ڕێبوار نزیك دەکەوێتەوە و فرمێسك بەردەوام لە چاوەکانی دێنە خوارێ ڕێبورا تەواو نێرگز دەناسێتەو و وەك فلاش باگ وێنە کانی تەقەکردنەکەی بیر دێتەوە نێرگز زیاتر لێی نزیك دەبێتەوە تا دەگاتە لای ڕێبوار)

**پارێزەر:**

**جەنابی دادوەر ئەمە نێرگز رەحمان وەسمانە خوشکی تاوانبار رێبوار رەحمان وەسمان و بەدەستی ئەو بە نیازی کوشتن تەقەی لێدەکرێت.**

**لەم کاتەدا نێرگز لەلای رێبوارە.**

**رێبوار:**

**بەگریانەوە دەستی نێرگز ماچ دەکات و داوای لێبوردنی لێدەکات ئامادەبوانی ناو هۆڵەکەش هەندێکیان دەست بە گریان دەکەن و دایکی نێرگز دەست لە ملی هەردووکیان دەکات.**

**دادوەر:**

**(لەگەڵ دوو کەسەکەی تەنیشتی قەسە دەکات)**

**لەبەر بەرژەوەندی گشتی، دادگا بڕیاری دا ئەم دانیشتن و دادگایی کردنە بۆ یەك مانگ دوابخات.**

**کۆتایی**

## ئەلبومی فیلمی (ئەودیوی تاوان)






POLICE















سیناریۆی:

# کەر هەر کەرە

نووسین و دەرهێنان:

**عەدنان عوسمان**

تێبینی: ئەم سیناریۆیە لە ساڵی 2007 وێنەگیراوە و لە لایەن عەدنان عوسمان بەرهەم هاتووە.

## دیمەن/ 1

### شوێن/ڕێگای گوند بەرەو شار

### کات/ڕۆژ/دەرەوە

لەرێگایەکی خۆلاوی کە پڕیەتی لە تاسە و بەرزی و نزمی،ئۆتۆمبیلێکی جیپ کە مۆدێلەکەی زۆر کۆنە دەردەکەوێ، لەدورەوە لەپشتەوەی جیپەکە سەری کەرێك دەردەکەوێ کەلە جیپەکە بەستراوەتەوە، پیکابەکە جار جارە بەرەو کوژانەوە دەچێت، پاشان ئاسایی دەبێتەوە، کەسێکی تەمەن مام ناوەندی شەروالێك و چاکەت و شەپقەیەکی پۆشیوە و عەینەکێکی چاوکزیشی لە چاوە و بنێشت دەجوێ و سەیارەکە بە هێواشی لێ دەخوڕێ و لەگەڵ هەرتاسەیەك بەگوێرەی جولانەوەی سەیارەکە ئەویش سەری دەجولێنێ و جار جارەش دەرگا دەکاتەوە و سەیری تایەکانی پێشەوە و پشتەوە دەکات، لەتەنیشتیشی کابرایەکی کاملی گوندی بە جل و بەرگی کوردی دانیشتوە و جار جارە سەیری شوفێرەکە دەکات و زەردەخەنەی بۆ دەکات و مژ لە جگەرەکەی دەدات کە بەدار جگەرە درێژەکەوەیە. ناو جیپەکە بەتەواوەتی رزاوەتەوە و هەموو کێبلەکانی بە ئاشکرا دەبینرێن، پلەیەرێکی کۆنی پێوەیە و کەلەسەر دەشبولە شکاوەکە دانراوە و سوکانەکەی بەپەڕۆ بەستراوەتەوە دەرگاکانیش بە پەتێکی بەهێز بەستراونەتەوە، پەتێك لەکلکی کەرەکە بەستراوە و هاتۆتەوە سەر دەرگای شوفێر، دەنگی شەقە شەقی جیپەکە بە ئاشکرا دەبیسترێ، خاوەن کەر بێزاری پێوە دیارە، سەیری شوفێرەکە دەکات و شوفێرەکەش هەرلە هەوای خۆیەتی و بەخەیاڵی دانایێ.

خاوەن کەر:

ئەرێ برام هێواش بە هێواش هەموو هەناومان هاتە خوارێ.

شوفێر:

دەی دەی هەر گوێش مەدەێ ئەگەر بەو جێبە بێ یان بە سەیارەیەکی ئاخیر مۆدیل گرنگ ئەوەیە دەگەیتە شار.

خاوەن کەر:

راست دەکەی بەس ئەتو بەو حاڵە دەتوانی بچینە ناوشار.

شوفێر:

چ عەیبمانە برام بە خودای سەیارەکەم بەسەد مارسدیس و بی ئێم ناگۆڕمەوە دەزانی چەند ساڵە خزمەتمان دەکات، دەزانی چەند وەفادارە.

(سوکانەکە ماچ دەکات)

زۆر مەمنوون، بەخوای ئەو قسانە هیچ تەئسیرم لێ ناکات

(بۆ سەیارەکە)

هەتا مردن دەتپارێزم.

خاوەن کەر:

(پێدەکەنێ)

لۆ چما سەیارەی وەفاداریش هەیە خۆ ئەو ئاسنە شعوری نییە

شوفێر:

نا.. دیارە کەرەکەی توو شعوری هەیە.

خاوەن کەر:

دە ئاخار لۆیە ئەمنیش دەمەوێ کەرەکەم بفرۆشم لەگەڵ ئەو بڕە پارەی کەهەمە یان ژنەکی دیکەی پێ دێنم یان سەیارەکی زۆر لە هی تو باشتری پێ دەکڕم، سمە سەیارەی باش ئەوڕۆکە خەزینەیە ژنی جوانیش پیاو گەنج دەکاتەوە.

شوفێر:

ئێ..؟

خاوەن کەر:

ئێی.. ئێی لۆ نایێی ناوی خوای لێبیێنین ئەمن کەرەکەم دەفرۆشم ئـەتوش جێبەکـەت بفرۆشە سەرو ژنەکەی شاری لۆخۆمان بێنین، کورە دەحەسێینەوە گەنج دەبینەوە.

شوفێر:

یەعنی خۆم بێ سەیارەکەم ؟؟!!ئەو نازدارەی لە دەستە خۆم بکەمەوە؟؟!!.... ئەتو ژنت مردیە حەقی خۆتە ژنی بینی بەس ئەمن نە ئەو پیاوەم و نە سەیارەکەشم دەفرۆشم.

خاوەن کەر:

ئەتو هەر بەگێلی دەمینیێەوە.

شوفێر:

کاکە ئەمن چ عەیبم نیە وەسیەتم کردیە کەمردم لەناو ئەو سەیارەیە بم نێژن.

خاوەن کەر:

واز لەو قسانە بینە ئەو رادیۆ یەمان لۆ پێکە

بابزانین دەنگو باسی ئەو شەڕە بە کوێ گەیشت.

شوفير:

بەسەر چاوان ئێستاکە دەنگی ئەمەریکا و لەندەنت لۆ دەکەمەوە

(یەکسەر ئیستۆپێکی توند دەگرێ و سەیارەکە دەکوژێتەوە).

خاوەن کەر:

ئەوە لەبەر چ رات گرت

شوفێر:

رادیۆت ناوێ؟ یەك دەقە راوەستە

( دەچێتە خوارەوە و پارچە ئاسنێك لە فلّچەی سەیارەکە لێ دەکاتەوە و لە شوێنی ئاریەل دایدەنێت و دێتەوە ناو سەیارەکەی، دەست دەباتە ناو کێبلّەکان و سارد و گەرمێك پێك دەکەوێ ئاگرێکی کەم دەر دەکەوێ.)

خاوەن کەر:

یا الله چ بوو سمە.

شوفێر:

کوردۆ دوعای خێرم لۆ بکە وابزانم دیتمەوە.

خاوەن کەر:

چت دیتەوە؟

شوفێر:

ئێستاکە مایکل جاکسۆن لەو کونە دەهێنمە دەرەوە

خاوەن کەر:

ئەوە بەراستە..لۆ سیحر بازی؟

**شوفێر**

**سەبرم لێ بگرە**

**(دەچێتە خوارەوە ئاریەلەکە بادەدات)**

**ها ئێستا چۆنە؟**

**خاوەن کەر:**

**نی یە.**

**شوفێر:**

**(کەمێکی تر ئاریەلەکە بادەدات)**

**ئەدی ئێستا باشتر نەبوو.**

**خاوەن کەر:**

**دەی....... دەی...... کەمەکی تر.**

**شوفێر:**

**(ئاریەلەکە دەسورێنێ)**

**ها کوە هات.**

**خاوەن کەر:**

**ئا.... ئا....هات..... هات، لێی گەڕێ.**

**(دێتەوە ناو سەیارەکەی).**

**خاوەن کەر:**

**(گوێی لە گۆرانییەکی ئینگلیزی دەبێت)**

**ئەی خۆ ئەوە کوردی نی یە ، کورە برام بیکە کوردی چ لەوەی تێناگەم.**

شوفێر:

ئەها... کوردیت دەوێ؟

خاوەن کەر:

ئەدی خۆ لەو زمانە هیچ تێناگەین مەگەر ئەتو تێی دەگەی؟

شوفێر:

ناوەللا منیش تێی ناگەم بەس رایۆ کوردییەکان کەمێك بە زەحەت دەکێشێ، لەگەڵ هاتنی ئەمەریکا کەناڵەکانی خۆشمان گۆرانی و هەواڵی ئینگلیزی پەخش دەکەن،بەس راوەستە بزانم محاوەلەکی دیکەت لۆ ناکەم چونکە هەموویان برادەری خۆمن.

(دیسان دەچێتەوە خوارەوە و ئەنتێنەکە دەسوڕێنێ)

ها ئێستاکە کوە؟

خاوەن کەر:

نییە..!

شوفێر:

(کەمێکی تر دەیسوڕێنی)

ها چ بوو دە قسەکی بکە دڵم تەقی

خاوەن کەر:

ئێ باشە باش.. ئۆ ناوەللا دیسان ئەخباری ئینگلیزیە

شوفێر:

وابزانم لەناو ئەو چیایە کوردی وەرناگرێ ئەوجا ئەگەر ئەو ئینگلیزانە بە خێرا خۆیان گۆرانیەك یان ئەخبارەکی کوردیمان لۆ پەخش بکەن.

خاوەن کەر:

دەی باشە بادرەنگمان بەسەر دانێ با بڕۆین.

شوفێر:

بەسەر چاوان ها ئەهە،دەهەستە پاڵێك بە سەیارەکەوە نێ.

خاوەن کەر:

ئەگەر بەسواری کەرەکەی خۆم هاتبامە شاری زۆر لەو بەزمەی شەریف تر بوو!

(گرێی گوریسی دەرگاکە دەکاتەوە و دەچێتە خوارەوە)

شوفێر:

پاڵدە بابڕۆین درەنگە.

خاوەن کەر:

(بە زەحمەت پاڵ بە سەیارەکەوە دەنێ)

شوفێر:

(لەناو سەیارەکە دانیشتوە و سوکانی گرتوە و گێر دە گۆڕێ و پێ لە کلاج دەنێ)

ئافەرین بەخوای بەتوانای دەی... دەی... دەی خێراتر.

(پێ لەکلاج هەڵدەگرێ و سەیارەکە دەکەوێتە ئیش کردن و ئیستۆپ دەکات بەڵام نایگرێ ، هاوار دەکات)

کورە غاردە... ئیستۆپم نەما خۆت بگەینێ ناتوانم رایگرم.

خاوەن کەر:

(بە بێزاریەوە لە دوای سەیارەکە غار دەدات سەیارەکە لە شوێنێی نشێو دەچێتە خوارەوە خێرا تر دەبێت)

کوره هێواش هێواش وا هاتم.

(هەر رادەکات تا دەیگاتێ و خۆی دەخاتەوە ناو سەیارەکە بەلاّم ئەو کاتە تەواو هیلاك بووە)

ئۆف...ئاه... چت لێکردم خەریك بوو دلّم راوەستێ.

شوفێر:

ئەدی پێش ئێستاکە دەتگوت گەنجم و ژنی شاری دەینم

خاوەن کەر:

کوره سمە کاتی ئەوە نی یە کوا پەتەکە ئەو دەرکەیە بە چ ببەستم.

شوفێر:

موهیم نی یە!بە دەست بیگرە.

خاوەن کەر:

باشە با ئەوەشیان وابێ.

(قۆلّی دەخاتە سەر دەرگا و لەو کاتەدا شوانێك چەند سەر مەڕێك لە رێگاکە دەپەڕێنێتەوە)

شوفێر:

(سەری لە دەرگاکە دەردەهێنێ و هاوا دەکات)

کوره ئیستۆپم نی یە هۆڕینم نی یە خۆت و مەڕەکان لادەن، کوره هات خۆت لادە.

(ئینجا شوفێر حەبلی کلکی کەرەکە رادەکێشێ و کەرەکە دەزەڕێ و شوانە گوێی لە دەنگی زەڕینی کەرەکە دەبێت و دەبینێ شوفێرە ئیشارەتی بۆ دەکات زوو مەڕەکانی

لاده‌دات، شوفێر که لێی ڕه‌ت ده‌بێ دیسان کلکی که‌ره‌که راده‌کێشێ و که‌ره‌که دیسان ده‌زه‌ڕێ و لێی تێده‌په‌ڕێ و شوانه‌که سه‌لامیان لێ ده‌کات.

خاوه‌ن که‌ر:

(توند خۆی گرتوه و له‌به‌ر خۆیه‌یه‌وه قسه ده‌کات)

ئه‌ی خودایه چیم کردبوو له‌به‌ر چ توشی ئه‌و کابرایه‌ت کردم. بریا سه‌د بریا قه‌ت بیرم له فرۆشتنی ئه‌و که‌ره‌ی نه‌کردبایه‌وه. ئه‌ری ئه‌مه ئه‌وه قه‌ت بیرت له‌وه نه‌کردۆته‌وه ئه‌و سه‌یاره‌یه بگۆڕی یان هیچ نه‌بێ چاکی که‌یته‌وه؟ ،ئاخر وه‌ڵلا مه‌عقول نی یه خۆت و خه‌ڵکی دیکه‌ش به هیلاك ببه‌ی.

شوفێر:

برام ئه‌تو یه‌که‌م که‌س نی ئه‌و قسه‌یه‌م پێ ده‌ڵێی، ئه‌من ئه‌وه بیست ساڵه ئه‌و سه‌یاره‌یه‌م هه‌یه به‌قه‌د هه‌ردوو چاوی خۆم خۆشم ده‌وێ، بامه‌سه‌له‌ی ئه‌و جێبه‌ت لۆ بگێڕمه‌وه.

خاوه‌ن که‌ر:

(به‌بێزاریه‌زوه هه‌ناسه‌یه‌کی قوڵ هه‌ڵده‌کێشێ)

فه‌رموو ده‌ی

شوفێر:

بابم که‌هێشتا زیندی بوو زۆر حه‌زی ده‌کرد جێبه‌کی هه‌بوایه هه‌موو جارێ پاره‌ی کۆده‌کرده‌وه، ده‌یویست بیکڕێ به‌س پاره‌که پێی نه‌ده‌هات و بازاڕ گرانتر ده‌بوو،هه‌تا هه‌نده‌ك پاره‌ی دیکه‌ی کۆده‌کرده‌وه دیسان بازار گرانتر ده‌بوو، هه‌تا مردیش هه‌ر به‌و که‌سه‌ره سه‌ری نایه‌وه،پاشان ئه‌منیش هه‌مان حه‌ز له‌لام دروست بوو، به‌س بیرم کرده‌وه

وەكی بابم لێ بەسەر نیێ، بەس باش بوو لەمیراتی بابم توانیم ئەوجێبە حەیاتە بکڕم پێی حەسایمەوە.وانیی یە عەقڵت ناگرێ؟

(لەو كاتەی كە شۆفێر چیرۆكی سەیارەكە دەگێڕێتەوە، خاوەن كەر خەوی لێ دەكەوێ و لەگەڵ سورانەوەیەك دەرگا دەبێتەوە و دەكەوێتە خوارەوە شۆفێر ئاوڕێك لە خاوەن كەر دەداتەوە دەبینێ لە شوێنی خۆی نەماوە و سەیری پێ دێ )

شۆفێر:

ئای لەو ساختە چی یە دابەزییە و پارەشی نەدامێ.

(لەناكاو شتێكی بیردەكەوێتەوە حەبلی كلكی كەرەكە رادەكێشێ و كەرەكە دەزەڕێ و ئەوەیش پێدەكەنێ).

شۆفێر:

وای لەو بێ عەقڵە نازانێ قیمەتی كەرەكەی زۆر لە كرێیەكە زیاترە، شەرت بێ مادەم ئەتو چاوت لە پارەی بەد بەختەكی وەكو من بی، دەبێ كەرەكەت بفرۆشم و بە پارەكەی سەیارەكەمی پێ چاك بكەمەوە.

(كەمێك دەڕوات و دوو وایەر پێكەوە دەنێ و دەنگی رادیۆكەی زیاد دەبێت كە گۆرانیەكی ئەجنەبیە، سەیارەكەی دوو سێ نەقڵە دەكات و دەوەستێ):

ئەو پیاوە زۆر چاو پیس بوو سەیارەكەمی بەچاو برد.

(دێتە خوارەوە بۆنیتی سەیارەكە هەڵ دەداتەوە و دەستكاری چەند كێبڵ و پلاكێك دەكات و دەچێتەوە ناو سەیارەكەی و چەند سەرە كێبڵێك پێكەوە دەنێ و سلف دەیگێڕێ بەڵام ئیش ناكات)

خودایە چی لێ بکەم ئەو کابرایە چی بەسەر هینام.

(بۆنیتەکە دادەداتەوە و خۆی پال بەسەیارەکەوە دەنێ و کە کەمێك خێرا دەبێ خـۆی دەخاتەوە ناوی و گێڕ دەگۆڕێ و پێ لە کلاج هەڵـدەگرێ بـەلاّم هـەر ئـیش ناکـات، دەوەستێ و زۆر ماندو و هیلاك دەبێ سەیرێکی کەرەکە دەکات دڵی خۆش دەبێ دەچێ کەرەکە دەهێنێتە خوارەوە، سەرێکی حەبلەکەی ملی لەناو قەدی دەبەستێ و سەرەکەی تریشی لە جێبەکە دەبەستێ سەیارەکەی پێ رادەکێشێ، حەچەش لەکەرەکە دەکـات کاتێك جێبەکە کەمێك خێرا دەبێت خۆی دەخاتەوە ناوی و دەیداتە گێڕو پێی لە کلاج هەڵدەگرێ حەبلەکە دەپسێ و سەیارەکەش ئیش ناکات و کەرەکەش رادەکات)

ئەها.... ماڵم وێران بوو.

(دەکەوێتە دوای)

کورە راوەستا برام راوەستە ئەی هاوار راوەستە

واللا هیچت لێ ناکەم دەچینە شاری کەبابی دەخۆین.

( بەلاّم کەرەکە هەر رادەکات تا وون دەبێت و سمەش دادەنیشێ و لە خۆی دەدات)

هەی ماڵی وێرانم هەی... بەخوای کەرێکی کەر بوو خۆ هیچ حیسابی لۆ نەکردم بە کەبابیش رازی نەبوو، شەرت بی تۆڵەتان لێ بکەمەوە دەزانم موئامەرە بوو لەمنتان کرد بەس قەیدی ناکا هەر دەتان بینمەوە، بزانن کو حەقی خۆم بە بیست قات دەکەمەوە.

(بە هیلاکی دەگاتەوە لای جێبەکـەی لەپشـت کوشـینەکەی دەبـە ئـاوێکی بـەتاڵ دەردێنێ):

پەکو لەو بەختە رەشەی!!

(دەچێتەوە ناو سەیارەکەی و دوو وایەر پێکەوە دەنێ و ئاوی فلّچەی ئیش دەکات و دەچێ کونی فلّچەکان رو لە خۆی دەکات و دەست و چاوی لێ دەشوا و ئاوی لێ دەخواتەوە پاشان دەچێ دوو وایەرەکە لێکتری دەترازێنێ ئینجا لەلایەك دادەنیشێ و پشوێك دەدات و شتێکی بیر دەکەوێتەوە لە پشت کوشینەکە شیشەیەکی باریکی درێژ دەردێنێ قەپاغی تانکی بەنزینەکەی دەکاتەوەو شیشەکە رەوانەی ناوی دەکات):

تێی دابی خوایە تێی دابی

(چاوی خۆی دەنوقێنێ، شیشەکە دەردەهێنێ و دەستی پێدا دێنێ هەستی پێدەکات کەوشکە و سەیارەکەی بێ بەنزینە)

پەکو لەو خێرو بەرەکەتەی ئەورۆکە بێ بەختی بویتە میوانمان.

(شیشەکەی دەستی زۆر بە هێز فڕە دەدات)

شۆفێر:

ئەو شەو لێرە بمینێمەوە سەگ و گورگ دەمخۆن

(جگەرەیەك دەردێنێ چەندی لەدوای ئاگر دەگەرێ ئاگری دەست ناکەوێ)

ئەویش بەدبەختیە ئەو کابرایە شقاتەکەشی لێ دزیمە شەرت بی بگەمە شاری دەبی لەکن پۆلیسی بەدز لە قەلەمی بدەم.

(لەپشت کوشینەکەی دەبەیەکی بەتالّی بەنزین دەردێنێ بەرە و لای جادەی سەرەکی دەڕوات جگەرەکەشی هەربە لێویەوەیە و جار جارە مژێکی لێ دەدات وادەزانێ داگیرساوە دواتر تەماشای دەکات و هەناسەی بۆ هەلّدەکێشێ، تا دەگاتە لای جادەکە لەوێ هیلاك و ماندوو دەبێ و چەند سەیارەیەك تێدەپەڕن و ئەویش ئیشارەتی بەنزین و

ئاگریان بۆ دەکات و دەبەکەی بەرز دەکاتەوە و بەدەستیش ئیشارەتی ئاگر دەکات خەڵکەکەش بۆی راناگرن و وادەزانن شێتە، لە لایەکی جادەکە دادەنیشێ و دەیەوێ جگەرەکەی بەبەرد دابگیرسێنێ و دوو بەرد لەیەکتری دەخشێنێ بەلاّم هەر زوو وازی لێ دەهێنێ، سەر هەڵدەبڕێ پیکابێکی شۆفرلێت دەبینێ دەچێتە سەر جادەکە و دەبەکەی بەرز دەکاتەوە شوفێری شۆفرلێتەکە بەناچاری دەوەستێ وسمە لەسەر جادەکە دەچێتە لای شوفێری شۆفرلێتەکە، سەیارەیەکی تریش لەسەر جادەکە زۆر بە خێرایی دێت و هۆڕنی بۆ لێ دەدات، ئیستۆپێکی درێژ دەگرێ و سمەش زۆر دەترسێ و سەیارەکە رەت دەبێ و سمەش خۆی توڕە دەکات دەچێتە لای شوفێری شۆفرلێتەکە ) :

ئەری برام خێرت دەگاتێ دەتوانی کەمەك بەنزینم بدەیتێ

شوفێری شۆفرلێتەکە

بەسەر چاوان بەلاّم سەیارەی من بە گازوایل ئیش دەکات

(لەم کاتەدا سمە سەیری ناو پیکابەکە دەکات دەبینێ خاوەن کەر دانیشتوە و بە فیزێکەوە جگەرە دەکێشێ و چاوی ئەبلەق دەبێ و قسەی پێ ناکرێ پیکابەکەش دەروات و بە جێی دێڵێ، سمەش هەر سەیریان دەکات کە پیکابەکە کەمێك دوور دەکەوێتەوە دەبینێ کەکەرەکەش لەپشتەوەی پیکابەکە بەستراوەتەوە کەرەکە سەیری دەکات و دەزەڕێ، سمەش چاوی ئەبلەق دەمێنێ و هەر سەیریان دەکات.

کۆتایی

## ئەلبومی فیلمی (کەر هەر کەرە)


















SONY



**مافی ئەم بەرهەمانە پارێزراوە بۆ نووسەری ئەم کتێبە ،**

**بۆ بە فیلمکردنیان دەتوانن پەیوەندی بەم ئەدرێسانە بکەن:**
+964 750 4464367
+964 770 1931713
adnanfilm@gmail.com
adnanusman25@hotmail.com